# عەلمانییەتو کاریگەرییەکانی

"وتارو لێکۆڵینەوە"

نوسینو وەرگێڕانی

## جەمال پیرە

**چاپی یەکەم**
**هەولێر ٢٠٠٤**





لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما
زنجیرەی( ٣٣)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(١٥) کتێب
ئیسماعیل کوردە_ ڕێبین رەسوڵ ، جەمال پیرە

ناوی کتێب: عەلمانییەتوکاریگەرییەکانی
نووسەر :جەمال پیرە
بابەت : وتارو لیکۆڵینەوە
پیت چنین: عیماد رەسوڵ — باری عومەر
دیزانینو بەرگ: ئیسماعیل کوردە
تیراژ: ١٠٠٠
نرخی (١٥٠٠) دینارە
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٤

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

## نێوەرۆك

★پێشەکی.......................................................................٣
★عەلمانییەت.................................................. ٥
★کۆماریخوازی لەبەرامبەر مەشروتەخوازیدا.............١٦
★خۆرهەڵاتو خۆرئاوا دوو ..................................٤١
★هەڵوێستی ڤۆڵتێر لەبەرامبەر ئاییندا..................٥٥
★رێگاکە درێژو سەختە؟
گفتوگۆیەك لەگەڵ فریدمان بۆنتەر.......................٦٣
★خوێندنەوەیەکیتر بۆ بزاوتی فەندەمێنتالیزم.........٦٩
★دووبارە بیرکردنەوەی لە قوتابخانەی فرانکفۆرت.......٧٥
★دارمانی ئارکۆلۆژیا، رەخنە لەبۆچوونەکانی ئاراگۆن...٨٣
★هزریی مۆنۆپۆلکردنی تاك.................................٨٧
★مەرجی پلۆرالیزمی رۆشنبیریی..........................٩٢
★ئایینو ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی نا(تیۆریی)........٩٥





## پێشەکی

یەکێ لەو چەمکانەی لەماوەی دوو سەد ساڵی رابردوودا بەبەردەوام لەگەڵ خۆیدا بە وەڵامی یەکلاکەرەوە بارگاوی کراوە چەمکی عەلمانییەتە ، بە شێوەیەك کاریگەرییەکەی باڵی کێشاوە بەسەر تەواوی چەمکەکانی تر کە بەشدارن لە ململانێ لە پێناو گۆڕانی رادیکالییانەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ، لەهەمانکاتدا عەلمانییەت لەنێو خۆیدا هەندێ جار ئیشکالیاتی هزریی لێدەکەوێتەوە کە رەنگە چارەسەرکردنی نەك هەر ئاسان نەبێ بگرە جاری وا هەیە لەگەڵ خۆیدا دنیایەك هەرا دەنێتەوە، تێگەیشتن لە قۆناغە هزرییەکانی دوای رۆشنگەریی وململانێی قوتابخانە جیاجیاکانی هزریی خۆرئاوایی‌و دانی مانایەکی راستەقینە بە ئایین بەبێ لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی عەلمانییەت مەحالە، لەم سۆنگەیەوە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا کە چەند وتارو لێکۆڵینەوەیەکی جیاواز لەخۆوە دەگرێت، یەکێتییەکی بابەتی تیادا بەدی دەکرێت کە چارەسەرکردنی گرفتەکان لە راستییدا دەخاتە ئەستۆی عەلمانییەت، سەرجەم ئەو کێشانەی لێرەدا خراونەتە روو لە بنەڕەتدا لەژێر کاریگەریی عەلمانییەتدان، لەهەمانکاتدا ململانێ‌و ئەندێشەکانی تاك لەگەڵ هزرو بۆچونە رەگ داکوتاوەکانی کۆمەڵم خستوونەتە سەر کاغەز. بەوهیوایەی کردنەوەی دەرگایەکی تری بێدەنگیی بێت لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا بۆ زانین لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا سودم لە سەرچاوەی جیاجیا بینیوە بە هەرسێ زمانی زیندووی جیهانی
ئینگلیزی‌و عەرەبی‌و فارسی، بەو هیوایەی توانیبێتم بەشێکی کەمی پرسیارە وەڵام ئاڵۆزەکانم وروژاندبێ....

جەمال پیرە

# عـــــــــــەلمـــانـــــیــــــیـــــەت

## مانا و کورتە راڤەکردنێك دەربارەی جیاوازییە مەعریفییەکان لە جیهانبینی ئایینیو جیهانبینی عەلمانیی دا

کەم نین  ئەو باسانەی هەوڵیانداوە عەلمانییەت وەکو چەمکێكو سیستمێکی شیاو بۆ  بەیەکەوە ژیانی مرۆڤ بناسێننو بە میکانیزمێکی کاراو  تاکە ئالتەرناتیڤو تاکە رێچکەی وەلانەری سەرجەم گرفتو کێشەکانی هزرو ئاراستە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵی مرۆڤایەتی دابنێن،  هاوکات وەڵامێکی پڕ بە پێستی هەموو دژەگوتارەکانی بێت، بۆیە لەم رێگەیەدا  رووبەڕووی دەیان گرێو بەرزیو نزمی بوونەتەوەو هەمیشەش شایانی باسکردن بوون لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی ئاراستەی ئەم هزرە جولاْونەتەوەو دان بەوە ناهێنن کە بە کردارچەمکێکی کاریگەرو شیاوەو دەکرێ لە ئایندەدا و ەك چارەسەرێکی حەتمی بناسرێت بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، ئەگەر عەلمانییەت پرۆسەی بە دونیاییکردنی دیاردەکانو زامنی نەهێشتنو رەواندنەوەی گومانەکان بێت   بێگومان لەگەڵ خۆیدا دونیایەك مشتومڕ دێنێتە ئاراوە کە لە ڕاستیدا مرۆڤ لەنێوان  چەند ڕەهەندێکی جیاوازدا دێنیو دەبات،وەك ئەوەی هەموو دیاردە جیاوازەکانی کلتوریو سیاسیوجڤاکی بەیەکەوە ببەستێتەوەو پێیەوە ئەو چەمکە زیاد لەمانایەك هەڵدەگرێت، لەگەڵ ئەوەی بۆ خۆیخاوەنیمێژوویێکی دوورو درێژە، حەتمەن پێویستەلە





بنەوانی بکۆڵرێتەوە تا لەدەرگایەکی ڕاست بچینە نێویەوە تێگەیشتنی عەلمانییەت هەر لە سەرەتاوە وەك ئەوەی کە ئێستا ناسراوە نەبووە ،بەمانایەکی دی مانا سەرەتاییەکانی عەلمانییەت مانایەك نەبوون دژ بە ئایین بن کە زۆرینەمان وەهای تێگەیشتبووین، ڕەنگە ئەمە لەوەوە سەری هەڵدابێ کە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان جیهانبینی ئەم دوو چەمکەی ئایینو عەلمانییەتدا هەیە، لە جیهانبینی ئایینی دا هەموو مەعریفەکان لە ئاسمانەوە بەرهەمدێن ،لەوێوە یاساکان دارێژراون بۆ مرۆڤ،ئیتر مرۆڤێ بۆی نییە قەستی لێکدانەوە بکات یان بیەوێ دەربارەیان پرسیار بکات ،تەنانەت بۆی ناکرێ جگە لە ستایش ناویشیان بهێنێ، لەکاتێدا لە جیهانبینی عەلمانییەتدا بە پێچەوانەوە، یاساکان هی سەرزەوین، ئەوانەن کە مرۆڤ بۆخۆی دایڕشتوون بە پشتبەستن بە ئەزموونی مرۆڤایەتی، هەر کاتێکیش یاسایەك لە یاساکان لەگەڵ بارودۆخو سەردەم نەگونجا دەکرێ دەستکاری بکرێ وەك ئەوەی کە بە قازانجی مرۆڤایەتی بێت، یا دڵی سەرجەم مرۆڤەکانی تێدا بێت ، بۆ ئەوەی بە سەر مانا زمانەوانییە سەرەتاییەکەی ئەم چەمکە تێنەپەڕین پێویستە ئەوە بڵێین کە عەلمانییەت وەك زاراوە واتای دونیایی نا ئایینی دەگەیەنێ، لە بەرامبەر وشە ئینگلیزییەکەی وفەڕەنسییەکەی یان بەپێی فەرهەنگی زانستە سۆسیۆلۆژییەکان واتای " جیهان" دەگەیەنێ کە خۆی لە جیاوازییەکی گەورە دەبینێ لە بەرامبەر ئاییندا، سەرەتا لە دژی بوونی هەر دەسەلاْتێکی رۆحی یان راستتر بڵێین دەسەلاْتی ئەو کاتەی کەنیسەدا کەوتووەتە ململانێو خوازیاری هێنانە ئارای دەسەلاْتێکی مەدەنی بووە  کە عەقڵ رووە گشتییەکەی بێو رەچاوی  بەرژەوەندی گشتی بکات، بێ گەڕانەوە بۆ هیچ کام لە سروتە ئایینیەکانو لەبەر ئەوەی بەردەوام لەگەڵ ئاراستەکانی پێشکەوتنو نوێبوونەوەدا بوو بۆیە ناکۆك بوو لەگەڵ دەسەلاْتی زاڵی

کەنیسەدا. عەلمانییەت عەقیدەو ڕێڕەوێك نییە خەڵکان پێیەوە ڕۆشنبیر بن‌و لێیەوە فێربن لە بەرامبەر ئایینەکاندا ، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەم سیستمە دابڕانی ئایین‌و سیاسەتە لە یەکتر ئەمەش بەم مانایە نا کە ئایین‌وسیاسەت ناکۆکن یا ڕابەران‌و دەوڵەتی عەلمانی بێ باوەڕبن ، فاکتەری گەشەکردنی عەلمانییەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەگەڕێتەوە بۆ بایەخ دانی فراوانی ڕووناکبیرانی سەردەمی ڕێنیسانس بۆ لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتییەکان وەك زمان‌ومێژوو شیعر کە ئامانجیان ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بوون لەگەڵ مرۆڤ ، بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی ڕوونتر لە پێناو بونیاتنانی کۆمەڵێکی چاکتر ، بەنموونە "دانتی" شاعیر لە سەدەی چواردەهەمدا لە قەسیدە بەناوبانگەکەی "کۆمیدیای خواوەند"دا هەندێ لە قەشەو پاپاکان دەنێرێتە دۆزەخ و هەندێ لە بێباوەڕان ( بە تێگەیشتنی کاسۆلیکیانەی ئەو کات) دە نێرێتە بەهەشت ، لەدواییدا کۆمەڵێك بیرمەند بەدەرکەوتن کە پێیان وابوو مرۆڤ کاتێ عەقلی خۆی بەکاردێنێ دەبێتە خاوەنی ئەو توانایەی کە ئیدامە بداتە کارەکانی خوا لەسەر زەوی‌و ئەو بڕوایەی کە دەڵێ شارستانییەتی مرۆڤ ناکرێ بەردەوام بێ ئەگەر مرۆڤ بۆ خۆی خاوەنی ئازادییەکی سیاسی نەبێ ." ماکیاڤیلی" لەوکاتەوە داوا لە سەرانی ئەوسای ئەوروپا دەکات کە دوور لە کەنیسەو پیاوانی ئایینی بڕیار بدەن‌و مومارەسەی ژیانی سیاسی خۆیان بکەن کە لەو سەردەمەدا هەیمەنەی خۆیان سەپاندبوو بەسەر دەسەلاَتەکاندا پاشان "هۆبز" لە سەدەی حەڤدەهەم‌و "سپینۆزا " و"مۆنتین"و "دیکارت"و"جۆن لۆك"و هتد.. کە هەریەکەیان لەمەملەکەتێك بوون، خوێندنەوەی لە یەکچوویان هەبوو لە سەر دەسەلاَت،هەموویان کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە شتێك نییە بەناوی ڕاستی ڕەهاو جێگیر، بۆیە بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەسەلاَتی کەنیسە یاخود دەسەلاَتی زاڵ هەستی بە





مەترسییەکی‌گەورە دەکرد کە دەیانبینی ڕێنیسانسی ئەدەبی و زانستی بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری خۆی کردبووە سەر هزری مرۆڤ ، بەهەموو شێوەیەك دژایەتی خۆی ڕاگەیاند لە بەرامبەر ئەو هەژانە فیکرییە تا کار گەیشتە تیرۆری بیرمەندان و توندو تیژی‌و شەڕی کاوڵکاری و زیندانی کردنی کەسانی وەك گالیلۆو ڤۆلتێرو دیدرۆ..پاشان ئەتك کردنی جان جاك ڕۆسۆ و ئینجا وای لێهات لە فەرەنسا ساڵی ١٧٥٧ یاسای مردن بۆ ئەو کەسانە دەرچێ کە دژایەتی ئایین دەکەن بۆیە ئەو کات نوسەران ناچار بوون بەناوی خوازراوەوە شتەکانیان بلاَو بکەنەوە تاکو شۆڕشی فەرەنسا بە فریایان کەوت، هەندێ لە لێکۆڵەرەوان دەڵێن یەکەمجار چەمکی عەلمانییەت بەمانای ( سەردەم ) بەکارهاتووە کە بێگومان مانایەکی بەرتەسك بووە ،ئینجا دواتر لە سەردەمی ڕۆشنگەرییدا ماناکەی گۆڕاوە بۆ (جیهان) ئەمە وەکو مانا بەلاَم وەك ناوەرۆك کۆمەڵێك مانا لە خۆوە هەڵدەگرێت کە بێگومان ناکرێ بە وتارێك‌ودووان تەئویلبکرێن، بۆ ئەوەی بابەتەکەمان ئاڵۆز نەکەین دەبێ بڵێین کێشەکە لێرەدا لەسەر ئاراستەی بەرهەمهێنانی مەعریفەکانە نەك شتێکی تر، بەبڕوای من سەرەکیترین کێشەی ئەمڕۆی گوتاری عەلمانییەت لە نێو پانتایی ڕۆشنبیریی دنیادا ئەگەر هەبێت لەگەل ئەو گوتارەیە کە خۆی بە دژە گوتاری عەلمانییەت دادەنێت لەسەر بەدحالیبوونە لەو چەمکە، کە من پێموایە بەو سکێچە مەحالە قەت بکرێ دیالۆگێك بێتە وجود کاتێ کە هەڵگرانی بیروباوەڕ ی ئایین پێیان وایە ئایین شتێکە لەدەرەوەی مێژووەوەیە لەهەمان کاتدا ئەو کەسانە دەیانەوێ بەو گوتارەیان ڕۆشنبیر بن، زانا و بیریار،نوسەر و شاعیر بن ، فەیلەسوف بن !! بەلاَم بەمەرجی ئەوەی کە هەموو مەودایەکی خەیاڵی زانستی بدرێتە دەست ئایین بۆ ئەوەی دیاردەکانی پێ بخوێنێتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر پابەندبوونی بیریارانی

ئایینوسووربوونیان لەسەر رەتکردنەوەی کەسانی خاوەن گوتاری دەرەوەی ئایین ،ئەم رەتکردنەوەیە کە هەندێجار گەیشتووەتە راددەی تەکفیرکردنولە ئامادەنەبوونی هەرچی موجامەلەیەکدا، هیچ ئومێدێکی گەش بەدی ناکرێ بۆ ئەوەی ئەتمۆسفیرێکی لەبار برەخسێ بۆ پێکەوە ژیان، بێئاگایی ئەوانیش لەوەی کە مەفهومی عەلمانییەت دواجار وەك چەمکێکی کاریگەرو زاڵ دەستی خستۆتە نێو کایەکانی ژیان، بەجۆرێك رۆژ بە رۆژ زۆرترین هەوادار لەدەوری خۆیدا کۆدەکاتەوە بەو پێیەی کە بە سیستمێکی مرۆییو دونیایی ناسراوە، سیستمێکە کاراکتەرو قسەکەری سەرەکی لەودا بریتییە لە مرۆڤ .لەوێدا مرۆڤ سەرچاوەی ئیلهامەکانە، مرۆڤ وەك کائینێکی عاقڵو تێگەیشتوو خۆی بۆ خۆی شیاوترینو شایستەترین رێچکە هەڵدەبژێرێ کە پێی باشە، لەسەر ئەو لۆژیکەی کە سەرجەم ئەو شتانەی هەن لەگەڵ خۆیدان، خۆی بەجێیان دێڵێو خۆیشی داهاتوویێك بۆ خۆی دەستنیشان دەکات بێگومان خاڵی لە هەلەکانی رابردووی دوای ئەوەی هەموو ساتەکانی بە خۆی دەکا بە مێژوو، مرۆڤ لەم سیستمەدا چیتر ئامادە نییە لەو تێکەڵییە نائاگاییەدا بژێت کەباپیر انمان تێیکەوتبوون، ئەو دەیەوێ چیتر جیاوازی نەکوژرێ،چالاکە لە دیارکردنی چارەنوسێکی هەمەلایەنە بۆ سەرجەم بۆچونەکان .

عەلمانییەت توانیویەتی مامەڵەیەکی راست لەگەڵ ئایین بکات وەك دامەزراوێکی کۆمەلآیەتی، بە شێوەیەك کە لەیەککاتدا هەم جیاوازی دێنێتە ئاراوە هەم مافی گوتاری دژ دەدات کە ئایین کاراکتەرە سەرەکیەکەیەتی تا قسەی خۆی بکاتوگوێی لێبگیرێت، لێرەدا دەوری مرۆڤ کە بەردەوام لە گۆڕاندایە هەوڵدەدات نەریت(العرف) لە قالبێکی چەسپاودا بهێنێتە دەرەوە وەك پرەنسیپێکی کۆمەلآیەتی لەرێگەی گرنگی دان بە خودی خۆی زیاتر لە کۆمەڵ کە پێشتر بەدرێژایی مێژوو بەو شێوەیە ئاراستە کرابوو بە تەنها بۆ





کۆمەڵ بژیێ و هەمیشە ئەوەی لە هزردابێ کار بۆ کۆمەڵ بکات لە سەر حسابی فەرامۆشکردنی خۆی.

قەبوڵکردنی جیاوازی لە دنیای عەلمانییەتدا نابێ بکرێتە شتێکی بە پیرۆزکر او وەك ئەوەی ناشبێ شتێك بێ وەلابنرێت، ئەگەر وابێ وەزیفەی ئەو دەبێتە گۆڕینێ پیرۆزکراوێك بە پیرۆزکراوێکی تر، چونکە هەمووومان دەزانین هیچ شتێکی پیرۆزکراو، دەقێك یا بۆچونێك گفتوگۆ هەڵناگرێت ئەو کاتەش هیچ مانایەك نامێنێ بۆ ئەو جیاوازییەی لەدایك دەبێ.

عەلمانییەت لەدوای ئەوەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بوو بە ئایدیایێکی سیاسیو کلتوری لەبەرامبەر ئاییندا زۆرترین پرسیاری هێنا ئاراوە هەرچەندە پێشتریش لە سەردەمی رۆشنگەریدا پرسیاری لەم شێوەیە ورووژێنرابوو بەلآم ئەو هات قوڵتری کردنەوە، لق و پۆپی تری بۆ دانا، لەیەککاتدا هەم گەرەکی بوو مەرجەعە چەسپاوەکانی کۆمەڵ هەڵوەشێنێتەوەو هەم مەرجیشی دانا لەسەر سووربوونی گەیشتنە چارەسەریی بە دیالۆگ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی دی عەلمانییەت کە دێ بە پلەی یەك دەیەوێ بونیادی کۆمەلآیەتی هەڵوەشێنێتەوەو بیگۆڕێت بۆ سیستمێکی زانستیو،هەموو بوارەکانی ژیان،دام و دەزگاکان، رێکخراوەکان لە یەکتر جیابکاتەوەو دەیاندات بە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ، بە پێچەوانەی سیستمی تەقلیدی کە ئایین لە رێگەی بۆچونێکی رەهاوە دەبوو بە شوانی هەریەك لەو دەزگایانەی سەرەوە،

هەڵبەتە قەبولکردنی پرەنسیپەکانی عەلمانییەت لە کۆمەلگا خۆرهەلآتییەکاندا بەم تێگەیشتنە کارێکی ئەستەمە بگرە ناوهێنانیشی رەنگە گرفت بنێتەوە، بۆ پاڵپشتی قسەکانم ولآتانی خاوەرمیانە باشترین بەلگەن ئەوانەی کە لە ماسکی عەلمانییەتدا خۆیان نمایش دەکەنوبەردەوام لە فێلی چەواشەیی دا ن، بۆیەشە زۆرینەی دەسەلآتە سیاسییەکانیان ناچاربوون لە

پێناو مانەوەی خۆیاندا سەرکوتکەربنو ڕێگە بە ڕەوتو کەسانی تر نەدەن شوێنیان بگرنەوە،لەم هەلو مەرجەدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە هەردوو بۆچونوهەردوو جیهانبینی خاوەنی سەدان بگرە هەزاران خوێندەوارو ئاکتیڤیستی کۆمەڵایەتیوسیاسین، هەردوو لاشیان بەردەوام لە میدیاکاندا بەدەردەکەونو بە ئاشکرا دژایەتی خۆیانو ڕەتکردنەوەیان رادەگەیەنن واتە ناکرێ لەرووی پاڵپشتی فیکرییەوە هیچ کام لە تەیارەکان بە ئیفلیج دابنێین، هەردوو لا دەخوازن وێنەیەکی عەبەسیانە بدەنە پاڵ ئەوەی تریان، بە چاوپۆشی لەوەی کە دەبێ پێمان وابێ گوتاری کلاسیك یان راشکاوانەتر بڵێین گوتاری دژ بە عەلمانییەت گوتارێکی سادەگۆو دوور لە قوڵبوونەوەی عەقلانییەو بەردەوام چەکی مەیدانی گفتوگۆی ئەوان پشتبەستنە بە کۆمەڵێك خەیاڵو سیمبۆل،خوازیاری هێنانە وجودی دونیایەکن ئاکامەکەی روونو بەرچاوە دونیایەك نییە مرۆڤ پێشتر نەیبیستبێ یا ئەلفوبێیەکەی نەزانێ، دونیایەکەو قەبوڵیانە ئەگەر دەریایەکی خوێنودەیان کارەساتی چەپاندنو لەمرۆڤ کەوتنیشی تێدابێ وەك ئەوەی لە رابردوو هەبووەو بینراوە، بە کورتی ئەوململانێی هزری لە نێو دوو راو دوو بۆچونی جیاواز لە هەموو کات و سەردەمێکدا زەروورەتێکی واقیعیانەیە، رێچکەیەکە هەموو تێزو دەقە مرۆڤدۆستەکان خوازیاری بوون بەڵام بەمەرجی دانیشتن لە سەر یەك مێزی گفتوگۆ نەك ڕەتکردنەوەی رووبەڕوبوونەوەی ئاشکرا ، یان دانەنان بە بەرامبەر کە دروشمی سەرەکیو ئاشکرای گوتاری کلاسیکە.لە هەر سەردەمێکداو لە نێو ناوەرۆکی هەر بۆچونێکدا ئەگەر رۆڵی زانستو رەخنەو بەرهەمەکانی تری عەقڵ وەدەرنران ئەوا دەبێ چاوەڕوانی ئاکامی ناکامڵ بکەین، چاوەڕوانی بە ئیفلیج بوونی مرۆڤ بکەین، یان هێزو خەیاڵێکی هزری کە پێمان بڵێ لە دەرگای قەناعەت بدەن دەبێچاوەڕوانی ئەو هێزو خەیاڵە بکەین کە دەیەوێ مرۆڤ تەنها لە ئەگەرێکدا بهێڵێتەوە ئەویش ئەگەری بە





هەڵە داچونێکی مێژووییەو وەك کائینێکی بە هەڵە داچوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئێستا پرۆسەی بە عەلمانیبوونی کۆمەڵ لە تەواوی دنیادا پرۆسەیەکی چالاکە بەبەراورد لەگەڵ تەوژمە دژەکانیدا ئێستا لەجیاتی ژوورەکانی کەنیسەو حوجرەو دەزگاکانی تری ئایینی بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ راستەوخۆ تۆڕەکانی ئینتەرنێتوکافێکان مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان پەروەردە دەکاتو بەخێراترین و نوێترین ئامێری تەکنەلۆژیو لە ئازادترین کەشو رەخساوترین باری دەروونیدا مرۆڤ زۆر ئازادانە لە هەموو دەرگایەك دەداو کەس ناتوانێ رێگری بێو پێشی لێبگرێ ،ئێستا کچانی بەندکراوی کۆمەڵگا ئایینیەکان رۆژانە لەنێو ژووری چاتەکاندا ئارەزووە چەپێنراوە ئەزەلـ یەکانیان لە سەر شاشەیەکی بچوکدا تێر دەکەن ،بێ ئەوەی هیچ هێزێكو هیچ ڤایرۆسێك بتوانێ رێگری بێ ئەمە نزیکترین نموونەی بەرچاوی هەموومانە ئیدی هەر قسەیەكو گوتارێكو نوسینێك یاخود بانگەوازێك لە ژێر هەر ناونیشانێك بێو بدرێتە پاڵ هەر ناوێکی موقەدەس ناتوانێ زەرەیەك لە بۆچونی ئەم نەوەیە بگۆڕێلە بەرامبەریشدا ئەوەی کە ناوی جیهانبینی ئایینیـیە یا گوتاری دژ بە عەلمانییەت بە هەمان عەقڵی سەدان ساڵ لەمەوبەرو بە هەمان کەرەسەو دیکۆری مرۆڤی چەند سەدەیەك لەمەوبەر لە گەشەکردنی پرۆسەکەی خۆیەتیو دەیەوێ پێشبڕکێی ئەو تەوژمە خێراو سەرکەوتووەی هەموو بوارەکانی ژیانی ئێستای مرۆڤ بکات، فەندەمێنتالیستەکان رووێکی بەرچاوی گوتاری کلاسیکن، ئەم رەوتە لە زەمەنی ئەمڕۆدا نەك هەر دژی پێشکەوتنن بەڵکو دژ بە هەر پێشنیارێکی ئینسانین لە دەرەوەی ئاییندا، دژ بە هەموو بۆچونێكو رایەکن تەنانەت ئەگەر رایەکە تەواوی مرۆڤایەتی ئاسودە بکات ئەگەر لەدەرەوەی دەقە ئاسمانییەکانەوە پێشنیار کرابن، ئەوان هەڵگری گوتارێکن کە لە راستیدا زۆر هەڵدەگرێ تا راڤەی بکەینو وەکو خۆی لێی بدوێین، دۆزینەوەی کلیلی

چارەسەرییەکان یا دەستنیشانکردنی هێمنانەی کەمو کوورییەکان بە ئەندازەی لەیەکحالیبوون لەگەڵ وەها رەوتو کۆمەڵ و کەسانی هەڵگری ئەم رێچکە هزرییانە بێگومان ئەوپەڕی ماندوبوونو سەرگەردانی دەخوازێ، ئەمە بەم بیرکردنەوەیە مومکین نییە وا بە ئاسانی ئامادەیی گوێگرتنی لێ چاوەڕوان بکرێ، ناکرێ پێمان وابێ گەیشتنە ئاکام لە گفتوگۆ پێشنیارکراوەکانی هەڵگرانی بیرو رای عەلمانییەتو هەوادارانی لەگەڵ گوتاری دژدا بە تەنها لە بەجێهێشتنی ئەواندایە لەو ئاستە مەعریفییەی هەیانە چونکە تێپەڕینی زانستیانەو پەلهاویشتن بۆ زۆرترین سەرچاوەی زانستی ئەکادیمی ئەمڕۆکە پێمان دەڵێ ناکرێ تەواو دڵنیا بین لەوەی کە کەسان و هەڵگرانی گوتاری دژ وێڕای هەبوونی مەودایەکی فراوانی جیاوازی مەعریفیو بە زەقی دەرکەوتنی دواکەوتوویی ئەوان لەگەڵ تەوژمی نوێو کاریگەری ئەمڕۆی دونیا بۆ بەردەوام جەخت لەسەر نەهاتنە ژێر باری هەرچی گۆڕانکارییەك دەکەنەوە کە لە بەرژەوەندی ئەوان و سیستمەکەیاندا نییە، یان لەدەرەوەی ئەلف و بێی میتۆدیەکەیاندایە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە قەیرانەکە چەندە سەختو پڕ گرفتە تا بتوانین ئێمە وا بە ئاسانی شرۆڤەی بکەین بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر ناکرێ بگەینە ئەو باوەڕەی گومان بکەین لە زەروورەتی دیالۆگ، بە پێچەوانەوە چەندە رای تاریکبینو مرۆڤکوژە باڵادەست بێ ئەوەندە ماوەو دەرفەتی گەشبینی خاوەن راو بۆچونە زانستیو عەقلانییەکانە چونکە بۆچونەکان جگە لەوەی پرۆسەی گۆڕانی فەزای کولتوری کۆمەڵن ئەوەندەش پرۆسەی گۆڕانی خەیاڵی تاکەکانە ، گۆڕانێکە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر عەقڵ و خەیاڵو بۆچونی هەموو مرۆڤایەتییە کەواتە ئێمە گەیشتینە ئەوەی بڵێین گەشەکردنی عەقلانییەت فاکتەرێکی سەرەکی هاتنە سەرپێی عەلمانییەتە لەنێو لێکۆڵینەوەکاندا بە گشتی سەبارەت بە عەلمانییەت سێ پێرسپێکتیڤی جیاواز بەدیدەکەن کە





هەریەکەیان لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك قسەو باس دێنێتە گۆڕێ ئەوانیش دابەشدەبنە سەر سێ بەرەی جیاواز یەکەمیان لە بەرەی دژ خۆی دەبینێتەوەو بڕوای وایە ئەم هزرە بەهیچ کلۆجێك ناکرێ قەبوڵبکرێو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیستمێکی نامۆیە بە کولتوری رۆژهەڵات ،بەرەی دووهەمیان لەوباوەڕەدان کە تا رادەیەك دەکرێ سودی لێوە ببینرێت بۆ بنبڕکردنی زۆرینەی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان ئایینەکان ،مەزهەبەکانوهەموو ئەو هێزو کۆتو بەندانەی دەبنە رێگر لەبەردەم رێرەوی پێشکەوتنەکاندا، بەرەی سێهەمیان ئەوانەن کە تا سەرئێسقان عەلمانییەتیان قەبولەو پێیان وایە شتێك نییە لە تێگەیشتنی عەلمانییەتدا دژ بە هەر باوەڕێکی ئاسمانی بێ ئەگەر لەسەر بنچینەی عەقلانییەتو باوەڕبوون بە پێشکەوتن وەربگیرێت.ئەگەر بمانەوێ هەڵوەستەیەك بکەین لەسەر بەرەی دژ دەبێ بەدوای وەڵامی چەندین پرسیاردا بگەڕێین تا وەك خۆی لە هۆکارەکانی رەتکردنەوەی ئەوان تێبگەین ،لێکۆڵەرانی ئەو بوارە کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم هزرە لە دەرەنجامی راستەوخۆ دەستخستنە نێو کاروباری مرۆڤ هاتووەتە کایەوە لەلایەن کەنیسەو پیاوانی ئایینیدا هەروەها خۆسەپاندنیان وەك بازنەی بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان ئاسمان و زەوی، مرۆڤ و خولقێنەرەکەی چجای هەڵسانی ئەوان بە پێکهێنانی چینێك بەناوی ئایین کەسەرجەم بڕیارەکانی کۆمەڵوئایینی مۆنۆپۆلکردبوو لەم رێگەیەوە سودمەندبوون لە بەکارهێنانی ئارەزوومەندانەی موڵکی دەوڵەت، بۆیە هزرێکی نا بەرابەری لەم شێوەیە کە دێ دەیەوێ ئەم شێوە گەندەڵیە هەمەلایەنانە بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێو خۆی بەم عەقلەناڕەوایە ئیعلانی حاکمییەتەکە بکات کە لەراستیدا ئەو پەڕی ناڕەوایەتی پێوە دیارە !! دەربارەی پەیوەندییەکانی ئایینو فاکتەرەکانی هەرەسی گوتاری ئایینی لە بەرامبەر تەوژمی خێرای پێشکەوتنەکان، بەرەیەکیان پێی وایە گوتاری ئایین

گوتارێکە کۆنخوازو ناشایستەیە وەك سیستمێك بناسرێ تاوەکو ئالتەرناتیڤێك بێ بۆ سەرجەم کێشەکانی مرۆڤ، بەرەیەکی تریش بەپێچەوانەوە دەڵێ ئایین لە بنەڕەتدا گوتارێکی کامڵو شایستەیە، هەموو ئەو گرفتانەشی مرۆڤ دووچاری دەبێ پەیوەندی بە دوورکەوتنەوەی مرۆڤ خۆی هەیە لە ئایین، هەرکاتێك دەوڵەتی ئایینی وەکو خۆی گەڕایەوە سەر پرەنسیپە راستەقینەکانی ، ئەو کاتە توانادار دەبێ لە زاڵبوون بەسەر تەواوی گرفتەکانی کە رووبەڕووی دەبنەوە. بە بڕوای من هیچ کام لەو بۆچوونانە بۆچونی سەد دەر سەد راست نین وەك لەوەی ئەم فاکتە لەیاد نەکەین کە کێشەکە ئەو کاتە سەرهەڵدەداو تەشەنەدەکات کاتێ دەوڵەتو ئایین لە رووبەڕووبوونەوە سیاسییەکاندا هاوبەشبنو دوا پرسی سیاسی دەوڵەت گەڕانەوە بێ بۆ بیروباوەڕی ئایینی بێئاگا لە بەرامبەرو تەکنەلۆژیاکەیو دونیایەك ئەزموونی سەرکەوتنی مێژوویيو هاوکات هانا بردن بۆ نوێترین بیردۆزی سیاسیو سەردەمیانە کە مەگەر خۆیان مەبەستیان سەرکەوتن نەبێ !! ئەگینا مەحاڵە بەم بیرکردنەوەیە لاوازەی دەوڵەتی ئایینی ئەوان پەکیان بکەوێت.

تێبینی/ بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودم لەسایە ئینگلیزییەکەی سیکۆلاریزم وەرگرتووە





## مانیفێستی کۆماریخوازی

# کۆماریخوازی
# لەبەرامبەر مەشروتەخوازیدا

### مۆدێلێك بۆ دەرچون لە بنبەستی سیاسی

ئەکبەری گەنجی

سەرنج: ئەم نوسینە پێشەکیو بەشی یەکەمی کتێبی نوێی نوسەرو رۆژنامەنوسی ناسراوی ئێران ئەکبەری گەنجی‌یە کە لەمانگی فەروەردینی ئەمسال لەزیندانی ئەویندا نوسیویەتی، کتێبەکە لەشەش بەش پێکهاتوە.

### کۆماریخوازی لە بەرامبەر مەشروتەخوازی( دەستوریی پاشایەتی )دا
### مۆدێلێك بۆ دەرچون لە بنبەستی سیاسی

(یەکێ لە مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کەهەر میللەتێك دەبێ خۆی چارەنوسی خۆی دیاربکات، واتە ئێستا دەبێ خۆمان چارەنوسی خۆمان دیاربکەین، ئێمە ئەو مافەمان نییە چارەنوسی نەوەکانمان دیاربکەین، ئەوانەی کەلەدوای ئێمەدا دێن خۆیان چارەنوسی خۆیان هەیە دەبێ بەدەستی خۆشیان بێت.)

ئایەتوڵڵا خومەینی ـ صحیفە امام ـ جلد ششم ـ ص ٣٢

( بێگومان هەرسەدەیەك و هەرنەوەیەك دەبێ هەمان ئەو ئازادی کارەیان هەبێت کەنەوەکانی ڕابردوو هەیانبووە، ئەو هزرە بێبنچینەو خودبینی‌یە کەکەسێك دوای مەرگی داڕێژەری ڕێچکەو دەستوری نەوەی ڕابردوو بیەوێ

بەزۆر كار بەهەمان دەستورە كۆنەكە بكات وماوەی نەوەی نوی نەدات مومارەسەی ئازادیەكانیان بكەن لەدیاركردنی چوارچێوەی ژیانی خۆیان، ئەم حاڵەتە لەهەرئاڵۆزیوتوندوتیژیەك‌و ئاژاوەگێڕیەكدا جێگەی بەرگەگرتن نییە.من بەرگری لەمافی زیندوان دەكەم‌و دەكوژم‌و تێدەكۆشم تا پێشگیری بكەم لە بەپەراوێزكردن‌و خراپەكاری، یاخود لاوازكردنی ئەوان لەلایەن توانای بەزۆرچەسپاوی مردوان، یان ئەوكەسەی كە لاگیری لەو توانایەی مردوان بكات لەسەرحســابی مافەكان‌و ئازادی زیندوان، كەسانێك كەدەیانەوێ چارەنوسی خەڵكانێك دیار بكەن ، هێشتا لەدایك نەبوون كەسانێكن دەیانەوێ لەبەرامبەر ئەویدیدا چانسی گەورەتر بۆ خۆیان وێنا بكەن بەلاَم لێرەدا سەرسوڕماو دەبین كە چ پێوەرێك بۆ گرەنتی هاوبەندی پێویستە؟!! چ ڕێڕەوێك و یاسایەك دەتوانێ بۆ دووبوونی خەیاڵی بێتە وجود!! كە لەڕاستیدا یەكێكیان لەژیان بێبەشبووە، ئەوەی تریشیان تاكو ئێستاكە لەدایك نەبووە، دوو بوونەوەر كەهەرگیز بەم شێوەیە ناتوانن لەو جیهانەی ئەویدیدا بەیەكەوە هەڵكەن، بەم شێوەیەبێ دەبی یەكێكیان نەبێ تاڕێگەی دەسەلاَتگرتنە دەستی ئەویتر خۆش بكات، ڕاستە كەیاساكان لەلایەن نەوەیەكەوە دادەنرێن‌و دواتر بۆ چەندین نەوە دەمێنێتەوەو كاری پێدەكرێت بەلاَم ناكرێ هێزی جێبەجێكردنی بەردەوام بێ ئەگەر ڕەزامەندی زیندوانی لەسەرنەبێت ).

**"تامس پین"**

ئەگەر هەر نەوەیەك مافی داڕشتنی هەبێت لەیاساو دەستوری دەوڵەتدا ئەوكاتە بێگومان هیچ كام لەنەوەكان بۆی ناكرێ مافی داڕشتنی دەستور و یاساكانی نەوەی دوای خۆی بخوات، ڕەنگە یاسایەك لەیاساكان دیموكراسی





لەنێوخۆیدا بەدەرنێت یان ڕەزامەندی بداتە دیكتاتۆرێك بەلاَم نەوەی دوای ئەو كە بۆتە خاوەنی ئەم مافە ڕەهایە ئەو دیزاینە هەڵدەوەشێنێتەوەو مومكین نییە بێدەنگ بێ‌و هەروا بەئاسانی پێشوازی لیٚبكات .

**"ئەنتۆنی ئاربلاستەر "**

دیكتاتۆرەكان كەسانی زۆر خۆویستن هەمیشە دوچاری نارەحەتی دەبن لەلایەن كەسانی ناڕازیەوە دەرەنجامی دركاندنی ئاشكرای ئەركەكانیان دواجار دركاندنەكە دەبێتەوە بە شورەیێك وعەیبێك سەبارەت بەشێوەو جۆری حكومەتەكان كەهەندێجار هەردوو شێوە دیموكراسی‌و نادیموكراسیەكەی دەگرێتەوە بەلاَم ئەو تەعبیرو گوزارشتانە بەتایبەت بۆئەو ڕژێمانەی كەلەبنەڕەتدا بەشێوەیەكی نایاسایی هاتوونەتە سەر حوكم خەتەرناكن چونكە لەو بابەتە ئەمە بەتەنها خاڵی لاوازی كەسی یاخود خراپ سود وەرگرتنی ڕەهبەر نییە لەتواناكان كەبەشێوەی توێژینەوەیی لیٚی دەكۆلرێتەوەو دەیدركێنێ. هەوڵ بۆ مسۆگەركردنی ئایندەی ئەركەكانی ئەو شێوە سیستمانەی لەڕێگەی (مەشروەگەرایی‌وچاكسازیگەرایی كۆمەلایەتی ) بەئاسانی دەتوانرێت لەماوەی بڕیارشكێنی‌و خیانەتی بازنەی دەروونی كەدواتر ڕووتبوونی ئیمپراتۆر دەدركێنێ و لەبار دەچێ.

**"مارك تامس "**

ڕاپەڕینی چاكسازیخوازان دوای چەندین ساڵ ململانێ هێشتا نەیتوانیوە بگات بەداخوازی مافە ڕاستەقینەكانی، سەركەوتن لەچەندین هەڵبژاردنی گرنگ‌و بەدەستهێنان‌و كۆنترۆلكردنی هەردوو هێزی ڕاپەڕاندن‌و یاسادانان‌و گۆڕینی فەرمانڕەوایی بۆ فەرمانڕەواییەكی دوولایەنە هیچ بەهانەیەك نییە لەئەركو جێبەجێكردنداو هەروەها بنبەستی تازەكاری لەبەربەستی سیاسی

ئەواندا پشكی چاكسازیخوازانی فەلەجو بێتواناكردووە كەئیدی هیچ ئومیدێك نەماوە بۆ بەدەستهێنانی داواكاریەكان ئەوەی كە فەرمانڕەواییان دەكات، هەروەها بەشی تاك لەكۆمەڵدا گرفتاری نائومێدیو خلیسكانو ناچاركردن دەبێ،ئایالەم هەلومەرجەدا هیچ ڕێگەیەكی دەرچون بەدیدەكرێت ڕێگەی چونە دەرەوە لەبنبەستی سیاسی لەگەڵ فەرمانڕەواییەكی دوولایەنەو كاراولێهاتوو لەدوای ئەمە هەرمەرج دانانێك ڕەوا نییە، هۆی چییە موحافیزكاران دەبنەڕێگر؟

یەكەم/ كاراكردنی فەرمانڕەواییەتی دوولایەنە كارێك نییە لەلایەن ئەوانەوە ئەنجامبدرێ، بۆچی كێشەكانی داخوران و ناكارامەیی وچالاكی و نابودی لەسەرخۆو بەرە بەرە تایبەتمەندی فەرمانڕەواییەتی دوولایەنەیە،؟

ئەگەر لێهاتوو نەبوونی فەرمانڕەواییەتی دوولایەنە بەو مانایە بێت كە بەشو پشكەكانی ڕەفتاری فەرمانڕەواییەتی بكەونە نێو چوارچێوەی یاسا تاچیتر بەشو پشكی خاوەن توانا لەنێو توانای تاكی توشبوو نەبێت هەروەها ناتوانێ بپەرژێتە نێو داخوازییەكانی جەماوەر، ئەگەر ئەمەڕاست بوایە ئیدی فەرمانڕەوایەتێكمان نەدەدی لەجیهاندا ناوی دوولایەنە بێت، ئێمە دەزانین كەداخوازییەكانی جەماوەر هیچ كاتێك ناتوانن ببنە بابەتی ئارامیو ڕەزامەندی موحافیزكاران، بۆچی؟ كەدەكرێ خەڵكو جەماوەر بڵێن ئێمە ئێوەو یاسا بنەڕەتیەكانتانمان ناوێت و پرۆژەمان هەیە بۆ بونیاتنانی سیستمێكی خەڵكسالاری، وەلی دەبێ ئیزافە بكرێ كە لەچوارچێوەی یاسای بنەڕەتی كۆماری ئیسلامی‌دا دەتوانین بگەینە چاكترین مەرجەكانی فەرمانڕەوایەتی دوولایەنەی ناكارامە هەروەها لەخراپترین مەرجیشدا بەنسیب بوونی یەك سیستمی تەواوی تواناگەرو ئارامگرتوو دەبێ.





دووەم/ بەشی تواناگەری فەرمانڕەوایی كاتێ كە ناكارامەیە، چاكسازیخوازانی ناو ڕژێم فەلەج دەكەن، ئەگەر بێتو لەسەرخۆو كارامەبێت ئەوا هەوڵدەدات بۆ نابودكردنی ئەوبزوتنەوە چاكسازیخوازەی كە هەیە.

سێیەم/ هەرچەشنە پلانو ستراتیژیەتێك بۆچاكسازی ئەگەر بیەوێت سەركەوتووبێت پێویستی بەهەمەڕایی تیۆریو پراكتیكی ڕەوتی ڕۆشنفكری هەیە، ستراتیژییەتی مەشروتەخوازیو كارامەكردنی فەرمانڕەوایی دوولایەنە ناتوانێ ڕەوتی ڕۆشنفكری ڕاكێشێ هۆیچیە تاكو ئێستاكە بابەتو گرفتە سەرەكیەكانی فەرهەنگی، كۆمەلایەتیو ئابوری ماونەتەوەو چارەسەر نەكراوە.

چوارەم/ خستنە ڕووی مەشروتەخوازی بەدەلیلی وەڵام نەدانەوەی داخوازیەكانی زۆرینەی دانیشتوانی ولآت كە( چینی لاوان ) دەگرنەوە چ كاتێ بەدوای پارێزگاری لە داخوازیەكانی ئەم چینە دانییە، ئەگەر بشیەوێ وەلآمی داخوازیەكانی ئەم چینە بداتەوە شتێك نەماوە لەئیسلامیەتی كۆماری ئیسلامیدا كە هەمیشە دەیەوێ بەپێی بۆچونەكانی (تیۆری مەشروتەخوازی ) خۆی بێت ئەم گرفتەی پێ چارەسەر بكرێت، ڕونكردنەوەی ئەم مەسەلەیە بەدرێژ ی لەبەشی سێیەمی ئەم كتێبەدا باسكراو لێرەدا تەنها پچڕانو هەڵوەشانەوە لەتواناگەری دەتوانێ گوزارشتەكان مومكین بكات.

هەرمۆدێلێك بۆجێگەگرتنەوەی بارودۆخی ئێستا دەبێ مۆدێلێكی وردو شەفافیانە بێت ئەگەرنا گرفتی هەڵگەڕانەوەكەی ساڵی ١٣٥٧ دوبارە دەبێتەوە كاتێ كە بەر لەشۆرش تەواوی ئەو هێزو لایەنانەی دژی ڕژێمی شا بوون لەپێناو ڕوخانی ئەو ڕژێمە یەكگرتووبوون ئەوسا هەموویان بەئازادیخواز لەقەڵەم دەدران بەلآم لەبەر ئەوەی ئەو تەوژمە نوێیەی ئەوسا خۆی دوچاری سەركوتكردنو كەڵەگایی بووبوو، ئاراستەی مامەڵەی ئەوان ڕووێكی

سەركوتكەرانەی گرتەبەر بۆیەدواجار سەركەوتنی شۆرش سیستمێكی دیموكراتی بەرجەستەنەبوو، بەشێوەیەك كەهەركەسێ دژی ئەو سیاسەتە بووایە زیندانی دەكراو بەئازادیخواز حساب نەدەكرا ئەوكاتە دەویسترا ئازادیخواز رێك لەسیستمی هزریو بونیاتەكانی تیۆری خۆی جێگەی ئازادیو دیموكراسیو مافیمرۆڤ رۆشەن بكاتەوە گەرنا ، نەدەكرا رژێمێكی كارا لابردرێتو رژێمێكی سەركوتكەر تر جێگەی ئەوبگرێتەوە، ئازادیو دیموكراسیو مافی مرۆڤ نەتەنها لەدەیەی پەنجاكان بەقسەی ئێمە زاڵبووە، كەچی دەبینین هیچ رۆشناییەكی نەهێنا بەڵكو زۆر لەتیۆرە بەردەستخراوەكان راشكاوانە لەجێگەی تەواوی ئایدۆلۆژیا ،دیموكراسیو ئازادیان رەت دەكردەوە ،دیموكراسی بەتوندی پرۆتێستۆ دەكرا چونكە (( رژێمێكی دژی شۆرشەو لەگەڵ رێبەریی ئایدیۆلۆژیای كۆمەڵ ناكۆكە )) دەوترێ نابێ رای بێ ئارزش و بێنرخ بەناوی دیموكراسی بۆ چارەنوسی ئینقلاب دابنرێ)) بەڵكو ئایدیۆلۆژیاكان دەبێ رابەرایەتی كۆمەڵ بكەن لەشێوەی رەسەنایەتیو رابەرایەتی شۆرشی بەردەوام بێ نەك حكومەتی دیموكراتی، خەڵكی پێویستیان بەكاتێكی درێژخایەن هەیە بۆ پاكبوونەوەیەكی هزری كە بێگومان كاتێكی زۆری گەرەكە )) ..(( لینین دەیگوت نیوسەدە)) ، پێشبینی دەكرێ شۆرشەكەی چین بەردەوام بێ..

شۆرش لەنێو گێژاوێكی فیكری لەدایك بووەو بەشێوەیەكی سروشتی ئێمە لە شۆرشدا ناتوانین هەڵگری دیموكراسی بین، ئایدیۆلۆژیای شۆرش دەیەویست كۆمەڵگایەك بونیات بنێت لەژێر كۆنترۆڵو هیدایەتی هەمیشەیی، كە ( وەك قەفەسی ئاسنینی ) فیبەرو ( سیستمی چاودێری ،سەرپەرشتی هەموو جێگەو كەسێكی) فۆكۆ ، زیاتر وەكو ئازاد كردنی كۆمەڵ لەكۆتو بەندی توندوتیژی كۆن و رژێمی سوڵتانی ، بۆیە لە هەر پێشنیازێكدا دەبێ بە





شێوەیەكی ورد دیاربكرێت كە ئێمە بەدوای جێگە گرتنەوەی چ شتێكین، ئەم كارە ئەنجام نادرێ تاكو بۆچونەوردەكانی مۆدێلەكانی ئالتەرناتیف، ئەگەری رەخنەو هەڵبژاردن و گفتوگۆ فەراهەم دێنێ.

ئێستا هەموو چاكسازیخوازان بەرگری لە خەڵكسالاری دەكەن بەلام تێروانینی خۆیان بۆخەڵكسالاری بەوردی بەرجەستە نییە ئەوان ناڵێن چ شێوە خەڵكسالاریەكمان گەرەكە؟ ئێوە چاكسازیخوازان زۆرینەتان لەئاخاوتن و گفتوگۆ كردندا خاوەن توانان، بەتەنها ناوی خەڵكسالاری بۆخۆتان رادەكێشنو گومانی خراپدەبەن كەمەسەلەو گرفتەكانی دەوڵەت لەبەر ئەوەی باڵی راست نەماو هاتنە شوێنی ئەوان ئیدی چارەسەركران بۆیە لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە رەشنوسكردنی جێگەو پایەی كێشە، بەمانای خەڵكسالاری ،هەنگاوی یەكەمی بزوتنەوەی چاكسازیە،" كراسمەن " وتەنی ئەگەرمانای ئەم وشانەی كە بەكاریان دێنین بە وردیو روونی نەزانین ناتوانین سودمەندانە باس لەهیچ شتێك بكەین، زیاتر ئەو لێكۆڵینەوە بێهودانەی كە هەموو كاتێكمان بۆیان بەفیرۆ دەدەین نەخۆشو ناسازی ئەم واقیعیەتەن كە هەریەكەمان لەگەڵ خۆیدا بۆ وشەو چەمكەكانی بەكاریان دێنین مانای ناواتاداری هەیەو بریاری لەسەر دەدات تەنانەت هەندێ جاروای لێدێ ئەوانەشی لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن ئەم چەمكانە بەهەمان واتا بەكاردەهێنن، بێگومان ئەگەر لەسەرەتادا وشەو گفتوگۆكانمان رونبكردبانەوە لێكۆڵینەوەكەمان سودمەندتر دەبوو. رەخنەی ئەم نوسینە لەمۆدێلی مەرجخوازیدا تێكەڵ بەمۆدێلی نیشاندراوی ئاغای( حەجەریانە ) .وێنە عەقلیەكان كە لەناویاندا راستەوخۆ ئاراستەی مەسەلەو كێشەو گرفتەكان كراوە بۆ ئەوانەی بە دوای چارەسەریدا بگەرێن ، كە شایانی بۆچونیتر نین.

## بەشی یەکەم
## ئامانجەکانی بزوتنەوە

ڕەوشی لێکۆلینەوەی ئێمە لەدیدگایەکی فەلسەفیەوە پەیوەستە بەتیۆری هەنگاری، کە بەدوای گوزارشتە مۆڕالییەکانەوە ڕێنمایە ،لە سودمەندیو کەلکدا وەك دیارە کە بەپێی شوێنکەوتوانو دەلالەتی گوزارشتە مۆڕالییەکان بۆ ڕەفتاری واقیعیانەی سیاسیە، تیۆری سیاسی هەنگاری چەند ڕێگەیەکی بۆ گفتوگۆو دەوری دەزگاکان، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە کەلكو سودی خەلكەوە هەیە،گرتۆتە بەر.

گرنگترین بابەتە پەیوەندارەکانی ئەم تیۆرە بونیادە مۆڕالییەکانی دەولەتو ڕێککاری سیاسیو ئاراستە کردنەکانییەتی، لەم چوارچێوەیەدا بەدوای مەسەلەو ئامانجەکانی بزوتنەوە چاکسازی خوازەکاندا دەچین:

١-بزوتنەوەی چاکسازیخوازی بەکام لەئامانجەکانەوە بەندە؟ ئەگەر ئامانجی سەرەکی ئەو تەوژمە بەدیهێنانی سیستمێکی خەلكسالاری بێت، ئەوا خەلكسالاری هەمان دیموکراسی یا کۆماریە عەیار تەواوە کەیە!! ئەو گوزارشتەمان لە قالبێکی مەشروتەوە بەیانکردووە، بۆچی بەگومانەوە بزوتنەوەی چاکسازیخوازی بەندە بە کارامەکردنو بەهێزکردنی کۆماری ئیسلامی بەبێ دیموکراتیزەکردنی دەولەت و کۆمەلْ؟

بەدیوێکی ترچاکسازی واتە چارەسەرکردنی بێکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی فەسادی ئابوری، لەلایەکی تریش چاکسازییەکە دژی بوونی دووبالی چەپو ڕاستە بەیەکەوەو نایەوێ دەسەلات و تواناکان بە شێوەیەکی عادیلانە دابەشبکرێن بەسەر هەردوو بالەکە، لێرەدا ئەگەر کەسێ یاخود گروپێك پێی وابێ بزوتنەوەی چاکسازیخوازی دەیەوێ سیستمێکی خەلكسالاری بێنێتە





وجود ئەوا ئەوکاتە ئێمە دەبین بەداواکار، کە خەلكسالاری هەمان ئەو دیموکراسیەتەیە کە گرفتەکانی لە ئێرانی یەکگرتووی عەیار تەواودا چاکتر بەدەردەکەون وەك لەهەر شوێنێکی تر !!

١-١ لەسەر بنەمای ڕۆحی زێدە ویستی توانا، توانای ئەوانەی کاران لە بەگەڕخستنی تواناکانیان ناچاردەبێ کاری ئەوان گەشە پێبدات، توانا لێرەدا فەساد هێنەرە توانای ڕەها فەسادی ڕەها بەدوای خۆیدا دەهێنێ چونکە ئەرکی سێلایەنەی (یاسایی، جێبەجێکردن و دادوەری ) لەدەستی توانادا یەك شتن ڕووی بەلای خۆویستیەوەیە مەرجی پێویستی دابەشکردنی "توانا" چارەسەرکردنی برینەکانی ستەمکارییە، کۆبونەوەی هەموو تواناکان لەیەك دەستدا ،هەموو ئیمکاناتێکی دادوەریو حەقانییەت لە ئەوی تر دەسێنێتەوە ، خۆویستەکان هەتا ئەگەر بشیانەوێ دادپەروەر بن ناتوانن، چونکە بەجێهێنانی دادپەروەری لەلایەن کەسێ کە خاوەنی توانای ڕەهایە ناشایستەیە ،توانای ڕەها مەبەستمان ئەو توانایەیە کە هەمیشە لەگەلْ دادپەروەریدا ناتەبایە، بێگومان ئەو ڕایەی پێی وایە کە توانای ڕەها بەکەسێکی دادپەروەر بسپێردرێ بۆئەوەی حکومەتی دادپەروەری سەقامگیربێ لاوازو ڕەتکراوەیە بەو مانایەی کە کەسی خاوەن تواناکە یەکەمین شتێك کەلەدەستی دەدات دادپەروەریو حەقگەراییە، ئەم مەسەلەیە لەخراپەوە سەرچاوە دەگرێو توانای ڕەهای نابێ. ئەگەر داد وەك داواکاری مافەکان پێناسە بکەین ئەوا خاوەن توانا ڕەهاکە توانای پێناسەی مافەکانیشی دەبێ لێرەدا ئەو شێوە مافەی کە خود دەیەوێ یان کاتێ خەیالی داد پەروەرانەی مافەکان دەکات، پێناسە دەکرێ، لەم سۆنگەیەوە فەرمانڕەوا پێوەری ڕاستەقینەی داد لەدەست دەدات و جێگەی دەگرێتەوە، لەو هەلو مەرجەدا بۆ خاوەن توانای ڕەها (فەرمانڕەوا)، دادپەروەری لە دیدی ئەوانی

دیدا هیچ مانایەکی نییەو نابێ، ئەوەیە کە دەڵێن کاتێ هەموو تواناکان دەدرێن بە کەسێك دادپەروەرکاری توانای خۆی لەو وەرگرێت و مرۆڤێکی ( ئەوەندەچاك) بەرهەم بێنێ کە بە هیچ شێوەیەك لەتوانای ڕەهاو فەرمانڕەوایی داخراوی دەولەت خراپ سود وەرنەگرێت، یەکێ لە گرنگترین مافە مۆڕالیەکان، پێشگیری حکومەتو سنوردارکردنی ترسێکە، کە حکومەتەکان دەتوانن بیخەنە دڵی هاولاّتیان.

١-٢ لە ڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی هێز بۆ دەمبەست و پێشگیری کردن ، سنوردارکردن، بەرامبەرکردنو کارامەکردنی دەوڵەتە لەسەرئەم بنچینانە.

١-٢-١- حکومەت دەبێ بکرێ بە سێ لق هەریەك لە لقەکان یەکێ لە ئەرکەکانی یاساییو جێبەجێکردنو دادوەری بگرێتە ئەستۆ

١-٢-٢ هەر لقێك دەبێ بە ئەرکی خۆی هەڵسێو نابێ خۆی لە کارو فەرمانی دوو لقەکەیتر هەڵقورتێنێ، مەگەر بەرێککەوتنو بۆ مەبەستی بەرژەوەندی گشتی لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا نەبێت، واتە لە هەندێ بابەتدا لقەکان پێویستیان بە یەکتردەبێ بۆنموونە ئامادەکردنی ئەرکی جێبەجێکردن کەڕاستەوخۆ تەواوکردنی ئەرکی یاسادانەرەکانە، یان ئەرکی دادوەری کە دەبێ هێزی جێبەجێکردن ئەنجامی بدات.

١-٢-٣- کەسانی کارکەر دەبێ لە هەرسێ بەشدا جیاببنەوە، هیچ کەسێك بۆی نییە لەیەککاتدا لە دوولقدا کاربکات.

١-٣- ئەرکەکانی جێبەجێکردن و دادوەری لەچاو هێزی یاسایی (وەکوخۆیانن ) هێزی جێبەجێکار، بۆیە جێبەجێکارە کە دەبێ ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات، کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچوون. هەروەها هێزی داوەریش ئەو کاتە دادوەرە کە ئەرکەکانی دادوەریو نەهێشتنی دژایەتی نێوان





هاولاّتیانو هەمدیس هاولاّتیان و پارێزەران لەسەر بنەمای یاساکانی پەرلەمان جێبەجێبکات.

١-٤- سیستمی چاودێریو هاوسەنگی: ڕەنگە هێزێك لە سنوری یاسا بنەڕەتیەکان کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووە، لابداتو ڕێگەی خۆ ویستی بگرێتەبەر،ئەو کاتە چ کەسێ یان چ دەزگایێ پارێزەری یاسا بنەڕەتیەکان بێتو ڕێگر بێت لە بەردەم ئەو شێوە لادانانە؟ ئەگەر وترا یاسای بنەڕەتی پێویستی بەیەك یان چەند چاودێرێکی یاسایی هەیە لەوکاتەدا ئەو پرسە دەخرێتە ڕوو کە چ کەسێ دەبێ ئاگاداری چاودێران بێت، چاودێران یان چاودێری ناتوانن یاسای بنەڕەتی بدەنە پاڵ مەرجەعی یاسایەکی تری دەمبەستکردن، کە ماهیەتی ئێمە لەسەرووی ئەوانەوەیە. بۆیە دەبێ هەریەکێ لە هێزو لایەنەکان وەسیلەی کارو چاودێری ئەوانیتری لەهزردا بێ، ئامادەگیو پێکهاتەی دەروونی سیستمی کۆماری ئاوایە کە هەموو لایەنو هێزێك لە چاوییەك مەرجەعی یاساییدا بەرابەردەبن لەم کاتەشدا پێویست بەبوونی شتێکی لەشێوەی چاودێری یاسای بنەڕەتی نابێت.

مرۆڤناسی کۆماری بڕوای وایە کە نەك بەتەنها مرۆڤی کامل بوونی نییە بەڵکو تەواوی مرۆڤایەتی شایانی هەڵەکردنو خراپەن، یاسای بنەڕەتی بۆ دەمبەستکردنو پێشگیری کردنی خۆویستی مرۆڤو ئەو خراپەکاریانە خراوەتە ڕوو، بەو مانایەی کە دەبێ بنەڕەتەکەی ئەوەندە ڕوونو شەفاف بێت بە شێوەیەك کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم دواکەوتوان کە دەیانەوێ بەسود وەرگرتن لە چەمکە لاّلەو نادیارە بەرفراوانەکان بتوانن ڕێچکەی خۆپەرستیو گەندەڵی بگرنەبەر، لەسەر ئەم بنچینەیە سیستمی چاودێریو کۆنترۆڵ ئەو بابەتە ئاشکرایانە دەسەپێنێ کە کارگوزارانی هێزە جیاجیاکان لەپێناو پاراستنو فراوانکردنی توانای خۆیان دەیانەویست تێوەگلێنە بەشە وەزیفیو

ئەرکەکانیتر کە دراوە بەلایەنێکی ترو لەئیختیاریدا بووە. لەدواییدا بەو گومانەی کە تەواوی لایەنەکان خاوەنی مەیلی پاراستنو فراوانکردنی تواناکانیانن، هەرلایەنەی کەبیەوێ سەرپێچیو قەڵەمڕەوی لایەنەکەی تر بکات ناچار دەبێ لەبەرزەرەرو زیانەکانی بەئاگا بێت،

لە سیستمی دیموکراسیشدا چاودێری هێزی یەکسان لەگەڵ لایەنێکدا دەبێتە هۆی سنوردارکردنی بەرامبەر، وەك مافی ڤیتۆی سەرەك کۆمار یان کۆنترۆلی یاساو دادوەری.

١-٥-١- هەموو هاوڵاتیانی پێگەیشتوو مافیان هەیە بەشداربن لە هەڵبژاردنەکاندا، مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن.

١-٥-٢- نابێ هیچ کەسێك بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕی سیاسیو مەزهەبیو نەژادی لەهەردوو مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتندا بێبەش بێت.

١-٥-٣- فەرمانڕەواکان دەبێ لەرێگەی سەروکاری سیاسی، واتە ڕای پەنهانو هەڵبژاردن لە نێو ڕێکخراوەکان چاودێریان لەگەڵ یەکدیداو، لەگەڵ لا بالەکان لەململانێدا دەبن، لە بەرامبەردا دەبێ خەڵکی ژێر دەستی حکومەت وەلامدەرو بەرپرس بن، هیچ شتێ ئەنجام نادرێ جگە لەو سەروکارە سیاسیانە، کەرەسەی ڕەزامەندی بۆ هەڵبژێردراوو ڕاسپێردراوی پەسندو کۆنترۆلی نەخشەکانی سیاسی کە بەپێی خواست و ویستی هاولاتیانن، بە هاوکاری ئەو کەرەسەو هۆکارانە ڕەنگە لەرێگایەوە بەرابەری نێوان تواناگەرو ئازادی بێتەدی.

١-٥-٥- بۆچونە گشتیەکان لە ڕێگەی دەستەی میانەڕەو ناحکومی (پێکهاتوو لە هاوڵاتیان) دەربارەی تاوانباربوون و نەبوونی لە تاوانەکانیان دەکۆڵرێنەوە ، عەقڵی عورفی پێویستی بە دادگایی کردن هەیە.





١-٦- کۆمارە مۆدێرنەکان پشت بە مافەکانی مرۆڤ دەبەستن، پەیوەندی زۆر بەتین هەیە لەنێوان چەمکی کۆماریو ئایدیای جیهانی مافی مرۆڤ ، لە بنەڕەتدا کۆماری مۆدێرنە ڕێکخستنێکی یاساییە بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤو هاوڵاتیان، کۆماری ناگوێڕایەڵ بە مافەکانی مرۆڤ ( گوێڕایەڵی تیۆریو پراکتیکی) کۆماری مۆدێرنە نییە، سیستمی کۆماری ( دیموکراسی ) پۆشاکێکە بەقەد باڵای (مرۆڤی هەقدار) دووراوە، دەوڵەتی خۆویستیش پۆشاکەکەی بەقەد باڵای (مرۆڤی زۆر لێکراو) دووراوە.

١-٧- کۆماری مۆدێرنە لە دیدی ئایدیۆلۆژیاوە بێ لایەنە، ئەو کۆمارە لەسەر بنچینەی بابەتی هەڵوەشاندنەوەی بیناکاریو کرداری، لەتێڕوانینی تیۆریەوە دەزگای دەوڵەت لە دەزگای ئایینی جیادەبێتەوە، ئیدی ئاشکرا دەبێ کە نە ئایینی دەوڵەتی، ئایینە، نە دەوڵەتی ئایینی، دەوڵەت. خەڵکسالاری ئایینی (کۆماری ئایینی) چەمکێکی پارا دۆکسیکاڵە، کۆمیدیای گرنگ لەوەدایە کە دەوڵەت مافی تێوەگلانی ئایینی نییە کەچی ئایین وەك هەردەزگایەکی تری کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێت لەو سیاسەتەی کە هەیە واتە حوکمکردن نەك تیۆری ئامادەکاری سیاسی، تێوە بگلێو بە ئاشکرا جاڕی ڕەخنەکانی خۆی بدات، یان خۆی ئیلهامبەخشی سیاسەت بێ وەك (حیزبە دیموکراسیەکانی مەسیحی) کە دەبێ لە پایەی سەراسەریدا چاودێری پەیڕەوی کۆماری بێت. دەوڵەت مەرجی سەرەکیو زەرووری بوونی هەر میللەتێكو ولاتێکە، ولاتی بێ دەوڵەت ولات نییە بەلام ولاتی بێ دەوڵەتی ئایینی یان ئایینی فەرمی شایانی وێناکردنو ڕەزامەندییە. دەتوانین نزیکتر بڵێین هەموو ولاتانی نوێ بێ دەولەتی ئایینینو زۆربەشیان بەبێ ئایینی فەرمی خۆیان حوکم دەکەن، لە هەر ولاتێکدا ئایینی جیاجیا هەیە، بۆیە داوەری دادپەروەرانە ئەوەیە کە دەوڵەت لە بەرامبەر ئایینەکاندا بێلایەن

بێت و پشتی هیچ کامیان نەگرێت، بەو مانایەی کە هیچ مافێکو ڕاسپێردراوێکی سیاسی لەسەر بنەمای هیچ ئایینێك بونیات نەنرێت، لەکۆمارە مۆد ێرنەکاندا نە ئایین مەبنای شەرعیەتی حکومەتو فەرمانڕەوایی سیاسیەو نە ئەحکامەکانی شەریعەت مەبنای یاسایی گشتی، کۆمارییە مۆدێرنەکان مافی ناهەقبوون (واتە مافە نائایینییەکان) بە فەرمی دەناسێننو نرخێك بەڕووی فرە مەعریفەییو پلورالیزم دەکەنەوە، پلورالیزم خەڵکان بەپێی ئەتمۆسفیرجیادەکاتەوە، کۆمارییە لیبرال- دیموکراسیەکان زیاتر لە هەر کۆمەلگایەکیتر ڕێز لەجیاوازی دەگرنو جێگەیەك دەدەن بەخود، خودموختاری مرۆڤو تاکگەرایی بۆ کۆمارییە مۆدێرنەکان شتێکی زۆر گرنگە، پێویستی خودموختاری ئەوەیە کە حکومەتەکان لە هەلگرتنو هەبوونی جۆرێکی تایبەتی ( ژیانی چاکەو خێر ) بۆ هاولاٌتیان، واز دەهێنن، دەبێ مەرجی وەها فەراهەم بێ کە هاولاٌتیان هەل و ئەگەرەکانی هەڵبژاردنی پلورالیزمیان هەبێت بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان ، ڕێگەدان بە هەرهاولاٌتیەك کە ئەو ژیانەی ئەو تێیدا ئاسودەیەو لای چاکە، بۆ خۆی بسازێنێ.. ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی خودموختاری خۆی زامن بکات، بەرمەبنای پلورالیزم ئەو نرخەی خستەڕوو سەرەکیترین چاکەو سودمەندی مرۆڤەکان بوو کە نەدەکرا یەکتر بگرنەوە، دەرەنجام کاتێك دێت لە دژی یەکتر ڕادەوەستنو خەڵکان ناچاردەکەن بۆ هاتنە ناویو خۆیان لە هەڵبژاردنی دژوار نزیك دەکەنەوە ئەگەر نرخەکان زۆرو یەکتریش نەگرنەوە دەوڵەت ناتوانێ ڕێکسازیە سیاسییە تایبەتیەکەی زیاتر لە بەرنامە سیاسییەکانی تر بسەلمێنی و وەك بەرنامە مەزەندەی بکات کە چاکترین ڕێگەیە بۆ ژیانو بەسەر هاولاٌتیانی بسەپێنێ. پایەکانی حکومەت لە هیچ گروپێکی تری خەڵکان عاقڵتر و داناتر نییە ، زیاتر لەوان نازانێ کە چ





ڕێچکەیەك چاکتر و شیاو ترە بۆ ژیان تا بە دوای بکەوین، بۆ ئەمەش نابێ ڕێگە بەوان بدرێت کە توانای دەسەلاٌتی دەوڵەت لە تێڕوانینی خۆیان نیشانبدەن بەو بیانووەی کە سود لە چاکەو خێرو ئاسودەییو چاکسازیو بەرژەوەندیو ماف وەردەگرن، لێرەدا حەقیقەت ئەوەیە کە دەرەنجامی کاوێژی بەردەوام بێت و لەڕێگەی دەربڕینی ڕایگشتی بەمەرجی ئارەزومەندانەی گفتوگۆ، بەرەبەرە کەسی بەهەیبەت بۆلای خۆی ڕابکێشێ نەك وەك ئەوەی بە زۆر لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەرخەڵکی بسەپێنرێت.

١-٨- کۆماری مۆدێرنە تەنها لەگەڵ یاسایەکی بنەڕەتی دەتوانێ دابمەزرێتو بێتەکایەوە ، بەبوون و بەردەوامی ئەم

یاسایەی کە دەبێ هەمیشە بگەڕێتەوە سەری، لە پێناو پاراستنی خۆی ،یاسای بنەڕەتی بەناوی سیستمێك بۆ سنوردارکردنی ئەرکی توانا لەبەر چاوبگیرێ، کە دەتوانێ چاکترین حاڵەت بۆ دڵنیایی لە حکومەتی یاساکانەوە بەرامبەر خۆویستەکان بێت.

دەوڵەتی کەمینەو لەگەڵ تەبیعەتی گشتیدا،لەئسوڵە بنەڕەتیەکانی کۆماری مۆدێرنەیە ، جودایی دەوڵەت لە کۆمەلگای مەدەنی بە شێوازێکی میحوەری ژیانی دیموکراتی دەژمێردرێت.

١-٩- نا فەرمانی مەدەنی/ لە کۆمارێکی پڕۆژە تەواودا ڕەنگە بەشێ لە هاولاٌتیان، هەندێ لە یاساکانیان زۆر لا نارەوابێ ، بۆیە ئەو کاتە نا فەرمانی مەدەنی دەبێتە یەکێ لە بابەتە زەروورەکانی کۆمارە مۆدێرنەکان.

١-١٠- دادپەروەری چالاٌك/ لە کۆماری مۆدێرنەدا هاولاٌتیان مافیان هەیە دەزگاکان بەتۆمەتی نادادپەروەری تۆمەتبار بکەنو بیگۆڕنو لە شوێنیدا ئالتەرناتیڤێکی دادپەروەرانەتر پێشنیار بکەن، لەو کۆمارەدا دادپەروەری چالاٌك بەسێ شێوە جیادەبێتەوە، یەکەم: هیچ دەزگایەکی دامەزراو، لە

ماددەیەكی جودا دانەمەزراوە و تاك تاكە دەزگاكان دەتوانن لە ڕێگەی كەم ئەزموونی ئارامگرتووی خۆیان بەناوی دەزگاكانی نادادپەروەرانەو ناحەقو نائاراستەكراو پرۆتێستۆبكات.

دووەم : هەركەسێ دەتوانێ داواكاری نامەشروعبوونی ئەم یان ئەو دەزگایانە بكاتو خوازیاری سەندنەوەی مەشروعیەتی هەقانییەت بێ.

سێیەم: تەواوی ئەو كەسانەی كە لەكاتی بەرگری كردندا ڕێگەی چارەسەرییەكانو ئالتەرناتیفەكانی تر بەلگەدار دەكەن، دەتوانن بەلگەكانی خۆیان بەپێی ڕاستی و دروستیو ئیعتیباری ئازادی و مافەكانی مرۆڤ مەحكەم بكەن لێرەدا ئەم دووجیاكەرەوەیە خاوەنی نرخ و قیمەتێكی سەراسەری و جیهانین.

١-١١- بە تەنها ڕێگەی پێشگیری لە خۆویستی، باوەڕو ئیلتیزامێكە بەمافەكانو ئازادییەكانی تاك، ئەگەر ویست و ئارەزووی خەڵك لەلایەن حكومەتەوە بەكەم بزانرێ، ڕەنگە گرفتاری ستەمكاری زیاتر بێت، با لەیادنەكەین كە هیتلەر لەساڵی ١٩٣٣ لە ڕێگەی هەڵبژاردن و بەڕای زۆرینەی خەڵكی ئەڵمانیا هاتە سەرحوكم. فاشیزم دەتوانی "حكومەتی زۆرینە بێت،جیاوازی ئەوان لەگەڵ دیموكراسی لیبرالی ئەوەیە كە ئازادی كەمینە نادرێو دەسەنرێتەوە. ئامانجی سەرەكیو كۆتایی لێرەدا ئازادییە، دیموكراسیش چاكترین سیستمێكە كە ئێمە دەگەیەنێتە ئەو مەبەستە، دیموكراسی كەرەسەو هۆكارێكی گونجاوو ئاشتی ئامێزە بۆڕاستی بەخشین بە ئامانجی بەرزی ئازادیە نابێ شوێنی ئەم ئامانجو كەرەسەیە بەهەڵە پڕبكرێتەوە سیستمی سیاسی دەخوازی ڕاستی ببەخشێتە مافەكان.

ئازادییەكانو گەورەیی مرۆڤ بە مەبەستی ڕاستی بەخشین بەئیرادەی گشتی شێوە وەرناگرێت (واتە دیموكراسی بەمانای فەرمانڕەوایی لەوەی كە





زۆرینە بەدوای چ ئامانجێكە، ئامانج شایانی بەرگریكردن نییە) بۆیە میحوەری سەرەكی یاسای بنەڕەتی دەبێ خوازیاری مافەكانی مرۆڤ بێت. دیموكراسی قاڵبو چوارچێوەیەكی بێلایەنو نەرمو نیانی مافەكانە، كە لەسنووربەندی ئەو تاكانە دادەتوانێ زاراوە و چەمكە جوداكانی خۆی بداتە دوای سودمەندی.

كۆماری مۆدێرنە دەبێ بە شێوەیەك بناسرێ كە بەهێزكەری ئازادیو یەكسانی خەڵكی بێت واتە دەوڵەت دەبێ بەڕووی دیموكراتیەتێكی ڕێكخراو بەدەست بێنێتو ئەو سیاسەتە پەیڕەو بكات كە ڕاستكەرەوەی ئاسانكاریو لێبوردەییوئازادی ویژدان بێت بۆ هەموولایەك لە دەرەوەی ویستی ئەو كەسو لایەنانە بێت كە بەرنامەی تایبەت بۆژیانی خۆیان دادەڕێژن لەسەر حسابی دیموكراسی بەدوای(دەسهاتی خێر)دەكەون.

لەزەینی مرۆڤی دونیای نوێدا بەرامبەر سیستمی كۆماری ،خەیاڵی وەها هەیە كە (لەگەڵ تاریفەكانی هەمەلایەنەی ئەواندایە ) وەلێ ڕوون نییە كە كاتێ ئایەتوڵڵا خومەینی بەرگری لە كۆمار دەكرد بەهەمان ئەو مانایەی كە لە هەموو شوێنێكدا بۆ كۆماری هەیە و دەیگوت:

( تەرازوو ڕاو ئەندێشەی خەڵكە ) ((ئێمە پەیڕەوی ڕاو ئەندێشەی خەڵك دەكەین، میللەت هەرچۆنێك ڕای خۆی بدات ،ئێمە لەسەر ئەو ڕایە پەیڕەوی دەكەین، زۆرینەی میللەت هەرچی گوت ڕایەكانیان پەسندە هەتا ئەگەرجیاوازبێو بۆ خۆیشیان زەرەرمەندبێ)) (( دەوڵەتی ئیسلامی بە واتایەكی واقیعی دەوڵەتێكی دیموكراتیە، ئازادی بۆ هەموو كەمایەتیە مەزهەبیەكان وەك یەكەو دەبێ هەبێو هەموو كەسێ دەتوانێ لەسەر بیروباوەڕی خۆی بێتو بژیێت )) لە دیموكراسیەكەی ئیسلامدا خەڵكی ئازادەهەم لەكاركردنداو هەم لە بەیانكردنی عەقیدە و بیروباوەڕی خۆی ئایا

ئێستا هەست بەهیچ شێوە نا هاوسەنگیەك ناکرێ لەلایەن کۆماری عەیار تەواو وسیستمی بونیاتنراوی ویلایەتی فەقهە دا؟!! ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان خەڵکی هەڵسن و ڕابگەیەنن و بڵێن ئێمە حکومەتی ئایینیمان قەبوڵنییەو بیانەوی سیستمێکیتر لە شوێنیدا پێك بهێنن ئایا ڕاو خواستی ئەوان ((پەسندە)) ؟!! یان گۆڕانیڕژێم بەرەو دیموکراتیەت وا بە ئاسانی و بەم شێوەیە قەبوڵ دەکرێت !! یان بەزۆر دژایەتی دەکرێ! لەسەرەوە ئایەتوڵڵا خومەینی، گۆڕانی ڕژێم بە مافی خەڵك دەزانێ وەختێ کە دەڵێ ((بە چ مافێك نەوەیەك پەنجاساڵ پێشتر چارەنوسی میللەتێك دیاردەکات، چارەنوسی هەرمیللەتێك بەدەستی خۆیانە ، چ مافێکە ئەوان لەو کاتەوە چارەنوسی ئێمە دیار بکەن، ئەگەروا دابنێین دەسەڵاتی ڕەزا شا دەسەڵاتێکی یاسایی بوو چۆن مافیان دەبێت چارەنوسی ئێمە دیار بکەن، هەرکەسێ چارەنوسی بە دەستی خۆیەتی، مەگەر باوکەکانی ئێمە لەجیاتی ئێمە بڕیار دەرن، مەگەر ئەو کەسانەی کە سەد ساڵ لەمەوبەر یان هەشتا ساڵ لەمەوبەر بۆیان هەیە چارەنوسی میللەتێك دیاربکەن کەلە دوای ئەوان دێنە وجود)) نەوەی نوێ (( ماف )) ی هەیە چارەنوسی خۆی لەڕێگەی دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی داواکارییەکانی خۆی ((کۆماری عەیار تەواو ))دیاربکات.

دەتوانرێ یەك جیاکردنەوەی گرنگ لەدیدگایئایەتوڵڵاخومەینی بەرجەستەبکەین، تێڕوانینەکانی ئەوان پەیوەستدارە بە دوو سەردەم، یەکەم سەردەمی گۆڕانی ڕژێمی پێشوو دامەزراندنی ڕژێمێکی نوێ. دووەم سەردەمی ئارامیو چەسپاندنی ڕژێمی نوێ. لەماوەی ساڵەکانی ١٣٥٦و١٣٥٧دا

ئایەتوڵڵا خومەینی ئەمەریکا و ڕۆژئاوای تاوانبار دەکرد بەپشت بەستن بەبنەماکانی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ کە بۆچی بەرگری لەڕژێمی شای پێشێلکاری مافی مرۆڤ دەکەن ،مەگەر ئەمەریکاو ئینگلیز و چین و





ڕژێمی پەهلەوی جاڕنامەکەیان ئیمزانە کردبوو ،کەواتە بۆچی ئەوان پێشێلی ڕێککەوتننامەکە دەکەن، ئەگەر شۆرش سەر بکەوێ گوایە ئەو چاکتر لەوان ڕەچاوی بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکات.

ئەو کاتەی سەردەم بوو بەسەردەمی گۆڕانی ڕژێمی پێشوو هاتنەسەرکارو جێگەگرتنەوەی ڕژێمی نوێ ئەو خۆی بەستبوەوە بەو بەڵێن و پەیمانانەی کە ئەو سەردەمە دەیخواست (( ئێمە دەمانەوی بەپێی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کار بکەین، ئێمە دەمانەوێ ئازاد بین)) ناونیشانی جاڕنامەی ئازادی مافەکانی مرۆڤ، ناونیشانی ئازادی تاکەکانە، هەر تاکێك لەتاکەکان مرۆڤێکی ئازادە، دەبێ ئازاد بێت، هەموویان دەبێ لەبەرامبەر یاسا دا وەکو یەك وابن، هەموویان دەبێلە شوێنی خۆیان ئازاد بنو لە شوێنی ئازاد بن، لەکارەکانیان ئازاد بن، ئەوان شتێکی زۆر دڵخۆش بە دیکۆرێکی بەرچاو دەنوسن گوایە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤە، سی بڕگە دەنوسن هەمووی پڕە لە قازانج و سود بۆمرۆڤ کەچی کار بەتەنها بڕگەیەکیش ناکەن )) ((ئازادی ئاخاوتن، ئازادی هەڵبژاردن، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی ڕادیۆو تەلەفزیۆن، گەیاندن ، ئەمانە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤن )) ((حکومەتی ئیسلامی بونیاتنراوە لەسەرتێبینی و بنەماکانی مافی مرۆڤ، هیچ ڕێکخراوو حکومەتێك بەئەندازەی ئیسلام تێبینی مافەکانی مرۆڤی نەکردووە، ئازادیو دیموکراسی بە هەموو مانایەکیەوە لەحکومەتی ئیسلامیدایە، ئیسلام هەموو ماف و کاروبارێکی مرۆڤی دابین کردووە)) ((هەر تاکێك لەناو کۆمەڵگادا مافی ئەوەی هەیە ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر ئەوانی تردا داوای ڕوونکردنەوە لەپێشەوای موسڵمانان بکاتو ئەویش دەبێ وەڵامی بەجێ بداتەوە جگە لەوە ئەگەرجیاواز لە ئەرکو پەیامی ئیسلامی خۆی کاربکات ، خۆی لە خۆیدا لە پایەی پێشەواییدا لادەکەوێت )) (( ئێمە دەڵێین ئایا پابەندین بە یاسای

بنەڕەتی؟! یان ئێوە کە بە کۆمەڵ خەڵك زیندانی دەکەن، دووریان دەخەنەوە؟!! زیندانە بچوکەکانی ئێوە پڕن لە زیندانییەکان، زانایان، مامۆستایانی زانکۆ، پیاو ماقوڵانو دینداران...چاپەمەنی دەبێت ئازاد بێت،هیچ کەسێك بۆی نییە بەر لە قەڵەم بگرێت ))

لەو کاتو سەردەمەدا دەزگا نێو دەوڵەتیەکان نیگەران بوون بەرژێمی ئایندەی ئێران،ڕۆژنامەنوسانی بێگانەلە ماهییەتی ((کۆمارەکەی)) کە بڕیار بوو دابمەزرێ پرسیاریان دەکرد ئایەتوڵڵاخومەینی دڵنیایی دەدایە ئەوان کەمافیمرۆڤ پارێزراوە و ئەو کۆمارەش وەك باقی کۆمارەکانی دونیایە، بەنموونە :

(راسل کیر) ئەندامی پارتی کرێکارانی بەریتانیاو نوێنەری ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا لەخومەینی پرسیو گوتی ((بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ئایندە چۆن دەبێت؟)) ئایەتوڵڵا خومەینی وەڵامدەداتەوەو دەڵێ ((حکومەتی ئیسلامی لەسەربنەماو تێبینی مافەکانیمرۆڤەوەیەو هیچ ڕێکخراوێك بە ئەندازەی ئیسلام تێبینی مافەکانی مرۆڤی نەکردووە، ئازادیو دیموکراسیبەهەموو مانایەکیەوە لەحکومەتی ئیسلامیدایە..ژنان لەحکومەتی ئیسلامیدا ئازادن...ئیسلام هەمووماف‌و کاروبارێکی مرۆڤی دابینکردووە)) هەروەها خومەینی لەگەڵ نوێنەری کۆشکی ئەلیزاو بەڕێوەبەری سیاسی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا دەئاخڤێو دەڵێ ((بنچینەی کۆماری ئێمە هەمان ئەو بنچینەیەیە کە لە مەملەکەتی ئێوەدا هەیە )) بەڵام زۆر ڕوونە کەڕژێمی ئارامگرتوو چەسپاو((کۆماری بە هەمان ئەو مانایەی کە لە هەموو دونیادا هەیە!!)) یان ((کۆماری فەڕەنسا)) نییەو ((بەپێیجاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ ))کار ناکات. ( موتتەهەری)، وەك کەسێکی تەواو لایەنگری ڕایەکانی ئیمام خومەینی لەسەردەمی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا دەیگوت





((ڕێنماییەکانی لیبرالیستی لەنێو ڕێنماییەکانی ئیسلامدا هەیە)) هەروەها دەیگوت ((بیرمەندانو نوسەرانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ مافو چاکەی گەورەیان بەسەرکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەیە..بنچینەو بنەمای بۆچونو بابەتی ئەو گروپە ئەو نوکتەیەیە کە دەڵێ بە فەرمانی دروستبوونو سروشت مرۆڤ پێویستی بەیەك زنجیرە مافو ئازادییەکانە ئەو مافو ئازادییانەی هیچ کەسو گروپێك بۆیان ناکرێ بەهەر ناوێكو ناونیشانێك بێ لەمرۆڤی بسەننەوە )) ((گیان وبنەمای جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ...بابەتی پشتگیری ئیسلامو فەلسەفەکانی ڕۆژهەڵاتن )) نوکتەیەکی تری گرنگ هەیە کەجیاوازییەکانی سەردەمانی دامەزراندنو ئارامیو چەسپان ڕۆشن دەکاتەوە، خومەینی کاتی خۆی لەشاری نەجەف لەوانە زانستیە ئایینییەکانیدا بابەتی ((ویلایەتی فەقهی)) بۆ خوێندکارەکانی پێشکەش نەکردبوو، بەدرێژایی ماوەی شۆرش هەرگیزمەسەلەی ویلایەتی فەقیە وەك سیستمێکی حوکمڕانی ئایندە باسی لێوە نەکرابوو ، پاش هەموو ئەو هەرایە پرسی کۆماری ئیسلامی کە بڕیار بوو وەك هەموو کۆمارێکی تری دونیابێ، ئایەتوڵڵاخومەینی بۆ یەکەمین جار لە بەرواری ٦/٢٣ /١٣٥٨ سیستمی ویلایەتی فەقهی ڕاگەیاند ، واتە پێشتر لە هیچ کام لەگفتوگۆکانیدا تا ئەو مێژووە بۆ تەنها جارێکیش چەمکی ویلایەتی فەقیە بەکارنەهاتبوو، بنەمایەکی سەرەکی کۆماریەکان ئەوەیە کە هیچ کەس و گروپێك مافی نییە لەخۆوە حوکمڕانی بکات، تەنها خەڵك بەڕای خۆی هەرکەسێکی بیەوێ بیکاتە فەرمانڕەوا هەڵیدەبژێرێ، کەچی دەبینین بەپێی بنەمای ویلایەتی فەقیە نەك تەنها حوکمڕانییەت((ماف)) ی زانا ئایینییەکانە بەڵکو ئەوان بەردەوام دەبێ فەرمانڕەوایی زۆرینەی خەڵکی بکەن ، لەسیستمی کۆماریدا، فەرمانڕەواکان، بریکاری خەڵکن بەڵام بەپێی بنەمای تیۆری ویلایەتی فەقیە ،حوکمڕان

((وەلی)) و چاودێری خەلکە، لەکاتێکداو لەڕاستیدا ئەمە جێگەی سەرسوڕمانە کە تاکو ئێستاکە بەتەنها بەلگەیەکی عەقلی نییە بۆ ڕەوایی‌دان بە ویلایەتی فەقیە ،هیچ بەلگەیەك بۆ ئەمە نیشان نەدراوە. بە بۆچونی عەلامە تەباتەبائی ((بە بەلگە ناتوانری بسەلمێنرێ ))وە بەگوزارشتێکی وردی لۆژیکی ((٠ ئێمە ناتوانین بۆ ئەو شتانەی کە لەڕاستی پێکهاتوون ( بەلگە ) ی داواکاریەك بسەلمێنین )) ئایەتوللاخومەینی کە تەواو لەپاڵ بەلگە نەهێنانی ئیعتیباراتەکانەوەبوو، بۆچارەسەری ئەم گرفتە ویلایەتی فەقیهی وەك بابەتێکی ئاشکراو بەلگە نەویست پێناسەکرد((ویلایەتی فەقیە))لەو بابەتانەیە کە دەبێ و پێویستە بۆچونەکانی بەڕاستبزانرێو ئەوەندە پێویستی بە بەلگە نییە ، بەو مانایەی کە هەرکەسێ عەقیدەو ئەحکامەکانی ئیسلامی شیکردبێتەوەو ویلایەتی فەقیهی بەخەیالدابێ بێدرەنگی بەڕاستی دەزانێو وەك زەرورەتێکی بەلگە نەویستی دەناسێ)) بەلام بەهەمان شێوە، کە لە سالانی پێشوو دەگوترا ((ویلایەتی فەقیە نە لە بەلگەویستی ئاشکرایی عەقلێ تیۆرییە نە لە بەلگە نەویستیو ئاشکرایی عەقلێ پراکتیکیە، ئەگەردەست بە ویلایەتی فەقیە گیرا بە کەرەسەی کارامەیی و لێهاتوویی، فەرمانو حوکمێکە وەك ئەزموونێکی پێشینەییو نوێ، ناتوانرێ ببێتە کەرەسەیەکی ڕۆشن بۆیە زیاتر خوازیاری ئالتەرناتیڤی ئەزموونە، وەك (دیموکراسی) کە سەختیو سنووورداری ئەزمونی ویلایەتی فەقیە لە بۆتەی ئەزمووندا دەپێوێ ))

هەندێ لە چاکسازیخوازان داوای نیشاندانی خوێندنەوەیەکی کۆماریخوازانە دەکەن لە ڕایەکانی ئایەتوللاخومەینی وتراوەکانی زانستی هێرمینیۆتیك تێکەل و پێکەلی ڕەهای فەرمانڕەوایین ، بۆیە هەموو کەسێك ڕێگە پێدراوە بۆهەرخوێندنەوەیەك هەتا ئەگەر دژی دەقەکەش بێت، یان





گومان بکات لەوەی کەزانستی هێرمینیۆتیکی مەسیحی هەمان موعجیزەیە کە دەتوانێت لەژێرچاڵی توانا گەراییدا دیموکراسیو ئازادی دەربێنێتو تینوان تێر ئاو بکات، لەوە سەر سوڕهێنەرتر ئەوەیە کە ڕاشکاوانە دەلێن ئێمە نابێ بهێلینو قەبوڵ بکەین ئایەتوللاخومەینی لەبەرەی بەرامبەر بێت، لێرەدا گرنگ نییە کە ئەوان باوەڕیان بە دیموکراسیو ئازادی هەیە یان نا، بەلام پێویستیە سیاسیەکانی ئەو کات وای دەخواست کە ئەو لە بەرەی دووەمی" خورداد" بێت، بۆیە دەلێم ئەو کۆماریخواز، دیموکرات و ئازادیخواز بوو. ئەم خستنەڕووە سودێکی گرنگی بۆ مەبەستە سیاسیەکان هەیە بۆ هیچیتر نا..

* * *

دوو مۆدێلی مەشروتەخوازی و کۆماریخوازی، دەسهاتی مێژووی مرۆڤن بۆ دامەزراندنی سیستمەکانی دیموکراسی لە کۆمەلگا ڕۆژئاواییەکاندا، ئەوان بەرەبەرەو بەشێوەیەکی لەسەرخۆ سیستمە دیموکراسیەکانیان لە ڕێگەی چاکسازی یان شۆڕشو هەلگەڕانەوەکان دامەزراندووە، واتە دیموکراسی وەك شێوەو فۆرمێکی پێشینەو کۆنی ئەوان ،سەرەتا لە شێوەی پێشنیارێك ئامادەنەبوو ئەو سیستمە لەگەل ڕۆژگارو زەمەندا کەوتە قالبێکی پێگەیشتوو ، بە نموونە " تۆکفێل" لە سالی ١٨٣٥ دەنوسێ ویلایەتی میریلاند کە لە نێو پیاوانی بەرزدا پایەی بونیاتگوزاری خۆی هەبوو ، یەکەمین شوێنێك بوو تیایدا مافی ڕای گشتی ڕاگەیەنرا، وەلێ ئەو وەك هەموو پیاوو((ژنان))ی هاوسەردەمی خۆی بە ئەندازەی دەروونی مەزنەدەی دەکرد ((گشتییەت )) ی تەواوی ژنان نەبوو ئەو کاتە و لەم مەسەلەیەدا ، لە ئینگلتەرا لەسالی ١٩١٨ دا ماف درا بەژنانی سەرووی سی سال تەمەن دەنگ بدەن ، لە ئەمەریکا ژنان لەسالی١٩٢٠ مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا، لە فەرەنساو بەلجیکا و سویسرا ژنان

له دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەم مافەیان بەدەستهێنا، ڕەش پێستەکانی ئەمەریکا له ساڵی ١٩٦٠ و ئەوانی ئەفەریقای باشور له ١٩٩٠دا مافی دەنگدانیان وەرگرت. ئێستا خەڵکی هەر وڵاتێك كه بەدوای سیستمی بەدیموکراسیبون بێت.. سەرەتا زۆر بە ئاگایانە دەکەونە دوایو دواتر داوای مۆدێلی پێشڕەوی دەکەن، لێرە لە لایەکی ترەوە دەبینین کە نە بەرگریکاری مەشروتەخوازی نە هی کۆماریخوازی داوای ئاشکراکردنو دۆزینەوەی شتی تازە ناکەن، بەڵکو تەنها بۆ چارەسەریو بەرزکردنەوەی عادەتی گرفتو مەسەلەکانی دەوڵەت ئەو مۆدێلەیان پێشنیار دەکەن پێشڕەوی مەعریفەت لە ڕێگەی زنجیرەی بێ پایانی گومانو بێهودەکردنەکانەوە بەدەست دێت لەمەشدا ڕەخنەگرتن گرنگترین ڕەگەزی ئەو بابەتە دەبێ لەم ڕووەوە دوو مۆدێلی مەشروتەخوازیو کۆماریخوازی گومانێکن کە لەڕێگەی ڕەخنەوە بەهێز یان بێهودەدەبن، مەرجخوازی بۆ دەرچوون لەبنبەستی سیاسی، کۆماریخوازی بەناوی ڕێگەی چارەسەرو بەرزکردنەوەی گرفتو مەسەلەکانی تواناگەراییو هەردووکیان بۆمەرجە تایبەتیەکانی ئێستای ئێران بەگەڕانەوە بۆسەر پێشەکی نوسینەکەمان بۆمان دەردەکەوێت کە هێزە ڕێککەوتوەکان ((گشتیان لەناوحکومەتو دەرەوەی حکومەت)) دابەش دەبنە سەر چاکسازیخوازانو موحافیزکاران ، ئەوانی تری جیاواز دابەش دەبنە سەر کۆماریخوازان، مەرجخوازانو دەسەڵاتخوازان، بە دوو شێوە دەتوانین گفتوگۆ بکەین دەربارەی مەشروتەخوازی، کۆماریخوازیو دەسەڵاتخوازی یەکەم لێکۆڵینەوەی تیۆری لەم بارەیەوە هەڵگری چ پەیڕەوو مەدلولێکە چ شتێ دەبێتە نیشانەو دەلیلی باڵاتری ئەو لە بەرامبەر ئەوانی دی دا، دووەم لێکۆڵینەوەی ستراتیژیو هەڵبژاردنی یەکێکیان بەناوی ستراتیژی، بەگەڕانەوە بۆ تواناو ئیمکاناتو یەکسانی هێز، دەسەڵاتخوازان مەرجداردەکات بەدوای دەسەڵاتدا،





واتە وەك ئەوەی کە شاە تەنها لە دەسەڵاتی خۆی بێتو حکومەتی لەدەستدا نەبێ مەشروتەخوازان بە دوای ئەوەن کە (لەکۆتاییدا ) والی فەقیە تەنها بە ئەرکی چاودێری لەجێگەی حکومەت بن، یەکێ حکومەتی مەرجی دەداتە پاڵ شاەو یەکێکی تر دەیداتە پاڵ والی فەقیە بێگومان کۆماریخوازانن .

حکومەت یان دەسەڵات بەتەنها ( ماف ) ی هیچ تاك و گروپ و لایەنێك و چینێك نییە، مەبنای حوکمڕانی ، ڕاو ڕەزامەندی خەڵکە، ئەو ڕایەی کە دەبێ بەهێند هەڵبگیرێ ئەوەیە کە هەموو لایەك مافی ( هەل )ی بەشداریکردنی هەبێت و خۆی بە دیار بخات .

سەرچاوە / لەئینتەرنێتەوە وەرگیراوە

# خۆرهەلاتو خۆرئاوا
# دوو فۆرماتیڤی هەمیشە جیاواز

پەیوەندی کەلتوری نێوان خۆرهەلاتو خۆرئاوا پێشتر و ئێستایش یەکێ لەبابەتە هەرە گرنگەکانی دیالۆگی هزریی و ململانێی ئایدیۆلۆژییە، کەتاکو ئێستاکە مەسەلەیەکە یەکلا نەبووەتەوە، بێگومان ئەمەش بەهۆی بوونی زۆرترین بەربەست لە نێوان خۆرهەلاتی و خۆرئاواییەکاندا کە لە ڕاستیدا دەرەنجامی ململانێی ئابووری و کەلتوریی نێوان هەردوو ئاراستەی پراگماتی بەرتەسك و ئاراستەی هیومانی کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان خۆرهەلاتی و خۆرئاواییەك نابینێ جگە لە بەشدار بوون لە دەولەمەندکردنی توانا ماددی و رۆحیەکانی مرۆڤ لە هەرکوێیەك بن و بەچاوپۆشی لە ئینتیمای نەتەوەیی و ئایینی و دونیاییەکانیانەوە،بێگومان لەهەر یەکێ لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی شارستانیەتێکی نێو دەولەتی رێبەرایەتی ئەم نەتەوە یاخود ئەو گەلەی کردووە و هەولی داوە شێوازی بیرکردنەوەی و شێوازە پەسندکراوەکەی لای خۆی بەگشتی بەسەردابسەپێنێ، ئەمە هەر لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە بگرە تاوەکو ئەمرۆ بەم شێوەیە ماوەتەوە، بۆیە کە قسەمان دێتە سەر ئاستی کاریگەریی شارستانیەتێك بەسەر مەملەکەتێك یان هەرێمێك هەمیشە رووبەڕووی چەند پرسیارێك دەبینەوە کە رەنگە وەلامەکانیان ئەوەندە گران نەبن بگەنە ئەو ئاستەی لەگەل خۆیاندا کێشەوگرفت بنێنەوە، لەڕاستیدا مەبەستمە بلێم ئاساییە شارستانیەتەکان لە مێژوودا یەك بەدوای یەك لە ژێر کاریگەریی یەکتردا درێژەیان بەگەشە و





پێشکەوتنی مرۆڤایەتی داوە بۆیە لێرەوە من ساتەوەختی دەرکەوتنی شارستانیەتی یۆنان بەبیر دێنمەوە کە زۆرینەی شارەزایان لەو بڕوایەدان ئەم شارستانیەتە رێك درێژبوونەوەی شارستانیەتەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بووە، (ئەرستۆ) یەکێ بووە لەو فەیلەسوفانەی زۆرتر کەوتبووە ژێر کاریگەری هزری خۆرهەلاتی، ئەو وەك فەیلەسوفێکی گریکی پێی وابووە ئەوروپای سارد جگە لە یۆنان توانای پێشکەوتنی نەبووە، لەم کاتەدا ئەرستۆ بڕوای وابووە عەقلی ئەوروپی بەتەنها بۆ بونیاتنانی کۆمەلێکی شارستانی بەس نییە هەروەها وەك پێوەرێکی فەلسەفیانەی خۆی دیمەنەکانی ململانێی ئەو سەردەمەی وەك ململانێی جوگرافی خۆرهەلاتی رۆشنگەری دینامیکی و خۆرئاوای سارد و بەستوو دەبینیەوە.(١)

پاشان بەهاتنی سەدەکانی ناوەڕاست و زالبوونی ئایدیۆلۆژیای میتۆلۆژی ئایینی بەسەر هەریەکێ لە خۆرهەلات و خۆرئاوا، ململانێکە فۆرمێکی ئایینیانەی لەخۆوە گرت، لەو کاتەوە کۆمەلێك شەڕ لە ئەوروپا لە نێوان کۆمەلە ئایینیە جیا جیاکاندا، (پرۆتستانت و کاسۆلیك) سەریانهەلدا بەلام لەهەمان کاتدا ئەگەر بمانەوێت وردتر لە هۆکاری بەرپا بوونی ئەم شەڕانە بدوێین دەبێ بلێین کە لەپال ئەم ململانێیە مەزهەبیە و ئایینیەدا کێشەی خاك و مەسەلە ئابوورییەکان و دەسەلات پالنەری کاریگەربوونە واتە ناکرێ مەسەلە دنیاییەکان لە پێکهاتە ئایینی و ئایدیۆلۆژییەکانی دەسەلاتە ئایینیەکانی ئەو سەردەم دوور بخەینەوە بەقەد ئەوەی پێمان وابێ بەردەوام ویستێکی زال و کاریگەری دنیا ویستی بە ئایین داپۆشراو هەبووە تێگەیشتنەکەمان رەنگە لێرەوە کەمێ ئالۆزیی لەخۆوە بگرێت وەختێ هەلوەستەیەك لەسەر تێزەکەی (سامۆئیل هانتگتۆن) دەکەین کە من پێم وایە وەك چۆن بۆی ناکرێ هۆکاری شەڕو ململانێکانی شارستانیەتی کۆنفۆشیۆسی لە نێوان چین و ڤێتنام، کۆریا و ژاپۆن، ڤێتنام و کەمبۆدیا، ژاپۆن و چین،

یاخود شەڕەكانی دەسەڵات لەكاتی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بگرە تا ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی راڤە بكات بەهەمان شێوە بۆی ناكرێ شەڕەكانی ناو خودی ئەوروپای ئەو سەردەم راڤە بكات. بۆیە من پێم وایە زۆری ئاڵۆزی مێژووییانەی گەلان هۆیەك نین تا بتوانن بە ئاسانی تۆمەتەكە بدەینە پاڵ جیاوازی كەلتوریی خۆرهەڵات و خۆرئاوا ئەوەندەی پێشكەوتنی خێرایانەی تەكنەلۆژیا و گۆڕینی شێوازی بیركردنەوەو بوونی مەرجەعیەتێكی لێوانلێو لە لێبووردەیی دەتوانێ سەرجەم كێشە هزرییەكان یەكلا بكاتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ بەتەنها ئیسلام نوێنەرایەتی بلۆكی خۆرهەڵات بكات كە زۆرینەی بیرمەندە ناسۆنالیستە عەرەبەكان پێیان وایە، ئەو كاتە ئەگەر و گریمانەیەك نامێنێ بۆ ئەوەی بابەتەكە وەك بابەتێكی زیندوو لەهەمانكاتدا خاوەن رەگ و ریشەیەكی مێژوویی دابنێین، بەمانایەكی تر بەخشینی شوناسێكی ئیسلامیانەی زال بەو بوونەوەرەی پێی دەڵێین خۆرهەڵات گوناهێكی مەعریفی و هەڵەیەكی زانستیانەی خوێندنەوەی دیاردەكانە، لە ڕاستیدا دەكرێ خۆرهەڵات دابەش بكرێتە سەر چەند بەش و شارستانیەتێك هەر بەشەو شارستانیەتێك بەجیا قسەی لەسەر بكرێت و لەكاتی هەر بەراوردێكدا لەگەڵ خۆرئاوادا وەك شوناسی تایبەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ، مرۆڤدوستی خۆرهەڵاتی ئاسیا و ناوەڕاست و خۆرئاواكەی چەندە فۆرم و جیهانی جیاوازن، بەهەمان شێوە ئاستی تێگەیشتن و بیركردنەوە و جیهانبینیان لەگەڵ یەكتردا لەیەكدی دوورە، ئەگەر نموونە بێنینەوە و باسی بوونی ملیۆنەها موسڵمان بكەین كە نیشتەجێی ئەوروپا و وڵاتانی تری خۆرئاوان هەموویان بۆ ئەوە لەوێ دەژین كە قبوڵیانە و تاسەر ئێسقان لەگەڵ گونجان و بەیەكەوە ژیانن لەهەمانكاتدا لەنێو دام و دەزگا عەلمانیەكانی خۆرئاوادا كاردەكەن، كەچی لایەنە تیۆریە ئایدیۆلۆژیایەهزرییەكەیان تا ئەبەد لە بێ ئیجتیهادیدا دیموكراسی و سیستەمە رەواكەی بە دوژمنی





سەرسەختی مرۆڤ دادەنێ تەنانەت ژیان و بوونی لەم شێوەیەی مرۆڤی موسڵمان لە خۆرئاوادا ناشەرعیانە لەقەلەم دەدات.(٢)

لەمەدا دەكرێ پێمان وابێ شارستانیەتێك نییە بە نێوی ئیسلامەوە هەڵگری ناسنامەی سەرتاسەری خۆرهەڵات بێ و بگرە پێشڕەوی خۆرهەڵات بێ لەكاتێكدا كە ناهاوسەنگی لەسەرجەم بوارەكانی ژیاندا لەگەڵ هەیكەل و بونیاتی ئێستای خۆرئاوادا بەدی بكرێت، خۆرهەڵاتێك ئەگەر ئیسلام بەم بیركردنەوە و توانایەی ئێستای رێبەرایەتی بكات كوفرێكی مەعریفییە پێمان وابێ شتێك لەئارادایە بەناوی ململانێی دوو جەمسەری جیهانی، لەم نێوەندەدا دەبێ بگەڕێینەوە سەر بنچینەی سەرهەڵدانی ئەو گوتەیەی بەردەوام پێمان دەڵێ خۆرهەڵات لەدیدی خۆرئاوادا ئەویترێكە، ئەم تێڕوانینە ئەگەر تێزێكی یەكلاكەرەوە نەبێ بۆ لێكۆڵینەوەكان هەوێنێكە بۆ ئەوەی لانی كەم سەرەداوێك بۆ قسەكردن لە ئاڵۆزییەكان بدۆزینەوە، ئەو هێڵەی بۆ جیاكردنەوەی خۆرهە لات و خۆرئاوا لە نێوان توركیا و یۆنانی ئێستا كێشراوە بەرلەوەی واقیعیەتێكی سروشتی بێ داهێنانێكی ((جوگرافی خەیالی)) ئەوروپا بوو.(٣)

كێشانی هێڵی لەم شێوەیە چەندە دەسەڵاتی سیاسی لەسەردەمێكدا هەولی بۆداوە ئەوەندەش خۆرهەڵاتناسان دەوریان تیادا هەبووە، خۆرهەڵاتناسان لە هەموو سەردەمێكدا بكەرو خۆرهەڵاتیش بەركارێكی دیاریكراو بووە، كەواتە ناكرێ لەئان و ساتی تەئویل و راڤەكردنی پەیوەندییە كەلتوریی و ئابوورییەكانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات دا رۆلی خۆرهەڵاتناسان بخەینە پەراوێزەوە، بەچاوپۆشی لەوەی كە پێمان وابێ چەندە هەبوونی جیاوازی دارایی و توانای سەربازی و تەكنەلۆژی خۆرئاوا رۆل لە زاڵی كۆنترۆڵی هزرو ئاراستەی بیركردنەوەكان دەبینێ ئەوەندەش چەقبەستوویی عەقڵی مرۆڤی خۆرهەڵاتی و ملكەچی تاكی خۆرهەڵاتی بۆ دەق و رێڕەوی نەگۆڕ و رەهایی

کۆمەڵ رۆلی خۆیان دەبینن لەبەردەوام بەپەراوێز بوونی کەلتوری خۆرهەلاّتیدا، گوتمان خۆرهەلاّتناسان لەم نێوەدا هاوکارو هاوبەشی بڕیاری سیاسی دەسەلاّتی خۆرئاوا بوون، هاوکات حەقیقەتێکیش هەیە کە پەیوەندی نێوان خۆرهەلاّتناسان و خۆرهەلاّت بە پەیوەندییەکی هیرمینۆتیکانە ((تەئویلگەرایانە)) دادەنێن.(٤)

هەندێ لە لێکۆلەران لەو بڕوایەدان کە ئەگەر خۆرهەلاّتی دوێنێ لانکەی شارستانیەت و بەردی بناغەی سەرهەڵدانی تاوەری مرۆڤایەتی بێت، ئەوا ئەمڕۆکە لەسەر دەستی ئەو بونیاتە ئالۆزەکانی مرۆڤایەتی لەدەرەوەی ئاراستە هیومانیەکەی گەشە دەکات، لەهەمانکاتدا ئەمڕۆکە تاکە رزگارکەری راستەقینەی مرۆڤ بە ئەزموون بەتەنها لە شان و شەوکەتی خۆرئاوادا بەدی دەکرێت، ئەم جیاوازییە رادیکالییە کە لەهەندێ حالّەتدا دوورترین مەودای لە یەکحالیبوون لەگەڵ خۆیدا بەرهەمدێنێ، راستەوخۆ خۆی دەبەستێتەوە بە گەشەی عەقلی مرۆڤی خۆرئاوا، بەتایبەت کەسەردەمی رۆشنگەری دێ سەراپا بۆچوونە خورافی و میتۆلۆژییەکان کەلەناوەوەی هەژموونی ئاییندا خۆی مەلاّسدابوو رادەمالێ، ئینجا بەدوایدا ئەو شۆڕشە فیکریی و کۆمەلاّیەتیانەی زادەی شۆڕشی فەرەنسا بوون وەك قۆناغی گواستنەوەی سەردەمە تاریکەکان بەرەو ئاراستەی گەشەی پێکهاتەی عەقلی مرۆڤ، لە پێناو بونیاتنانی دونیایەك لە شقل و شێوە مرۆڤایەتییە راستەقینەکەیدا، دیارە لەم هەل و مەرجەدا ئاسان نییە بەهەموو کون و کەلەبەرێکدا گوزەر بکەین، وەك ئەوەی ناشکرێ ئێمە لەئاست بەعەقلانیکردنی دیاردەکاندا رۆلی شۆڕشی فیکریی دووسەد ساڵ بەر لە ئێستای خۆرئاوا لەیاد بکەین، ئەگەر نەلّێین خۆرهەلاّتی دووهەزار ساڵ بەر لەئەمڕۆ هەمان ئەو تەکان و حەماسەی سۆڕشی فیکریی و رۆشنگەرییەی سەدەکانی ناوەراستی ئەوروپا بێ، کەواتە بالێرەدا قسەمان لەم تەوەرەیەدا بۆ کاوێژکردنەوەی رابردوو نەبێ ئەوەندەی





مەبەستمان بێ نەوەی نوێ بە پرۆگرام و رێڕەوێکی زانستیانەی دیاردەکان ئاشنا بکەین، لەهەمانکاتدا گەرەکمان بێت لێرەوە مرۆڤێك بەرهەم بێت بەردەوام قەلاّکانی بێدەنگی بڕوخێنێت و خۆی لەئاست سەرجەم کێشەکانی پەیوەست بە بوون دا بێتە گفتوگۆ، (محەمەد ئارگۆن) لەیەکێ لە وتەکانیدا دەلّێ من ئەوروپا و خۆرئاوا لەیەکتر جیادەکەمەوە تا لەرووی مێژووییەوە چوارچێوەیەکی راست و دروست بخەمە روو(٥)، ئەو لەمەدا مەبەستی دژایەتیکردنی ئەو کەسانەیە کە پێیان وایە خۆرئاواییەکان بەتەنها خۆیان پەرەیان بەفەلسەفەی مرۆڤایەتی داوە، لەشوێنێکی تردا ئارگۆن پێی وایە دژکاری نێوان خۆرهەلاّت و خۆرئاوا کارێکی راستەقینەیە بەتایبەت لە ئان و ساتی سەرهەڵدانی بزاوتە فەندەمێنتالیستەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دژ بە نۆرمی خۆرئاوایی، ئەو دەلّێ هەم خۆرهەلاّت و هەمیش خۆرئاوا سەربەهەمان ئەو مەرجەعە رۆشنبیرییە قوولّەن کە خۆی لە هزری گریکی و ئایینە تاکخوداکان (مۆنۆتیزم)دا دەبینێتەوە.(٦)

ئەوەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لەسەر بەناو پێکدادانە شارستانیەتەکەی یان روونتر بلّێین ئەو بۆچوونە باوەی جیهانی عەرەبی ئیسلامی گوایە کە تاکە هێزێك ئەمڕۆکە لەبەرامبەر هەژموونی خۆرئاوادا مابێ بەتەنها ئایینی ئیسلامە، کە لەراستیدا ئەمە بۆچوونی هیچ یەکێ لە هزرمەندانی خۆرئاوایی نییە،بەلّکو ئەوان لە حەقیقەتدا کەلتوری ئیسلام وەك فاکتەرێکی کوشتنی تواناکانی مرۆڤ دەزانن و رەخنەی لێدەگرن نەك لەبەرئەوەی هێزی پێشبڕکێکەری ئەوان بێت، ئەوەندەی قازانج و سودی خۆیان لە لاوازی ئەواندا دەبینن، رەنگە لایان زەروور و مەبەستیشیان بێت بەرەی دژ و بەرامبەرەکەیان ئەو هێزە پەرتەوازە و لاوازە بێت، چونکە ئەوکات بێگومان لە کۆتاییدا بۆ هەمیشە لە گۆڕەپانەکەدا خۆی براوەو بەرامبەرەکەیشی بێ مەترسی دۆڕاوێکی مسۆگەر دەبێت، لەراستیدا ئەو کەسانەی لەسەر ئەم

بیروبۆچوونەن حەتمەن شارستانیەتە گەورەکانی چین و هیند و ئاسیای خۆرهەلاتیان وەلاناوە بگرە هەر نەیانخستۆتە لیستی ململانێکان یان دەتوانین بلێین لەیادەوەری ئەواندا هێز و کەلتورێك نییە نێوی کەلتوری ئاسیای خۆرهەلاتی بێت کە رەنگە لە زۆر بواردا ئەگەر شان لەشانی خۆرئاوا نەدەن کەمتریش نەبن، دیارە ئەم بیرکردنەوەیەی ئەوان بەر لەوەی هیچ ناوێکی لێبنرێت. خۆی لەکەم مەعریفەیی و سادەگۆییدا دەبینێتەوە.

(ئیدوارد سەعید) هەمیشە سیاسەتمەدارانی خۆرئاوا و خۆرهەلاتناسان بە رەگەز پەرست و ئیمپریالیست دەشوبهێنێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو هێز و شارستانیەتانەی ئەو پێی وایە نوێنەرایەتی خۆرهەلات دەکەن لە مرۆڤدۆستیدا گەیشتوونەتە لووتکە و تەواوی رەگەزپەرستێتی عەرەبی و دەسەلاتی ئیسلامی ئەو سەردەمی وەلاناوە، ئێمە لێرەدا ناتوانین بەردەوام بەرەیەك لەو دووبەرەیەی خۆرهەلات و خۆرئاوا تاوانبار بکەین و هی تریشیان بە بێتاوان یان راستتر بلێین بێ کەم و کوڕی حساب بکەین، لەراستیدا هەردوو بەرە لەسەردەمی جیا جیادا پەیامی هیومانی بوون بەپێچەوانەشەوە لەگەڵ خۆشیان دا دنیایەك مالوێرانیان هێناوەتە وجود، بەلام تاکە شتێك ئێمە بۆمان بکرێ بیکەین بە پێوەر و هاوکات بەلگەی دواترین و شایستەترین ئامراز بۆ هەرچی زووە گەیشتنە لێوارەکانی بەمەدەنیبوونی کۆمەڵ ئەو هێزە نوێ و کەلتورە لیبرالەکەی خۆرئاوایە بە چاوپۆشی لەگەڕانەوە بۆ بنەچەو ئەسلی هیچ کام لە شارستانیەتەکان، دیارە ئەگەر بشمانەوێت قسە لەسەر بنەچەو ئەسلی و رەسەنایەتی هزری یۆنانی بکەین بەتەنها وتەیەکی (ول دیورانت) بەسە بۆ ئەوەی بگەینە دواخالی یەقینی، بە حوکمی ئەوەی ئەو بایەخ پێدەرترین بیرمەندی جیهانیە کە قسەی خۆی هەبێت لەسەر شارستانیەتەکان وەختێ دێ هزری گریکی بەزادەی عەقلی خۆرهەلاتی کۆن دادەنێت.(٨)





بێگومان لەم بەراوردەدا بێ لەبەر چاو گرتنی مەسەلە فەلسەفی و ئەنترۆپۆلۆژییەکان ناتوانرێت راڤەکردنێکی زانستیانە بەرهەم بێت، بۆ نموونە تا ئێستا گوتاری ئیسلامی سەبارەت بەبەرەنگار بوونەوەی ((کوفر)) یەکلانەبۆتەوە لێرەدا مەبەستم تیۆری ئیسلام نییە ئەوەندەی مەبەستم گوتاری دەسەلاتی ئیسلامی‌یە، ئەوان لە دەستنیشانکردنی بەرەی دژ بەخۆیان چەند راو چەند بۆچوونێکیان هەیە ئەو (کوفر)ەی ئەوان بە دوژمنی خۆی دەزانن روون نییە ئاخۆ مەسیحی و جوولەکەکانیش دەگرێتەوە یان نا بێگومان تەواوی بزاوتە سیاسیەکانی ئیسلامی، جوولەکەو مەسیحیەکان دەخەنە قالبی ((کوفر)) یان دەپرسین ئاخۆ ئایا خۆرئاوا لەدیدی ئەواندا نوێنەرایەتی ((کوفر)) دەکات؟ کە لەراستیدا لەگەڵ حەقیقەتی تیۆری ئیسلامی‌دا ناکۆکە، ئەمە یەکێ لەو کێشە زیندووانەی گوتاری ئیسلامیە، کە نەك چارەسەر نەکراوە بگرە بەم حالە هەرگیز چارەسەر ناکرێ، لێرەشدا دەکرێ ئەم قسەیەشمان وەلامێك بێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی پێیان وایە لە جیهاندا دووبەرەی ئاکتیڤیستی خۆرهەلات و خۆرئاوا هەیە، بەرەی ئیسلام کە نوێنەری خۆرهەلات بێ، بەرەی ((کوفر))یش نوێنەرایەتی خۆرئاوا دەکات!!!

لەراستیدا کاتێ بەم ئاقارەی بیرکردنەوەی لەم شێوەیەدا دەچین دەبێ ئەوە بێنینەوە بەرچاومان کە بەشێکی گەورەی لێکۆلینەوەی فیکریی و فەلسەفیمان وەلاناوە، لەکاتێکدا بێ شیکردنەوەی ئەم لێکۆلینەوانە مەحالە بتوانرێت فەزایەك بێتە ئاراوە پێی بگوترێت دیالۆگ، ئایا کێشەی خۆرهەلات بێئاگایی ئەوانە لەیەکگرتوویی گوتاری خۆرئاوا و پەرتەوازەیی گوتاری خۆیان؟ یان بوونی نیاز و ئەگەری پێکدادانە لە نێوان خودی شارستانیەتەکانی خۆرهەلاتدا کە دواجار هەموو شتێك بە قازانجی ئەو

بوونەوەرە تەواو دەبێت کە ناوی لێنراوە گوتار و کەلتوری شارستانیەتی خۆرئاوا!!!

بەڵام کە دەگەینە ئەو خاڵەی بڵێین فەلسەفە بەمانا عەقڵانییەکەی بەرهەمی شارستانیەتی گریکە جا چ لە (تالیس)ەوە دەست پێبکات یاخود لە سوکرات هەردووکیان یۆنانی بوون ناکرێ پێمان وابێ شارستانیەت و هزری کۆنفۆشیۆسی ئەگەرچی کاری لەسەر مۆنۆپۆلکردنی هزری تاك کردووەو، خاوەن دید و بۆچوونی مۆراڵی و کۆمەڵایەتی خۆی نەبووە.

★ کورتکردنەوەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا وەك دوو هێزی شەڕکەری هاوهێز تاچەند راستە؟!

بەگشتی ئەگەر سەرنج بدەین لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتیەکاندا شێوازێکی پاتریارکی دەسەڵاتدار هەیە، بەمانایەکی قوڵتر خەیاڵی سیاسی و دەسەڵاتی مەنهەجی لە بونیات و پێکهاتەی عەقلی مرۆڤی خۆرهەڵاتیدا لەوپەڕی نائاگایی خۆیدایە چجای ئەوەی ئەو لێرەوە بەم پێکهاتە سەقەتە بێ‌و لافی بەرەیەك هاوشێوەی شێوازە سەرکەوتووەکەی خۆرئاوا لێبدات!! ئەگەر سوکە بەراوردێکی ئەنترۆپۆلۆژیانەی ئەم دوو پێکهاتەیە بکەین چەندەها جیاوازی و دژیەك بەدی دەکەین کە لە راستیدا ئەو جیاوازییە بنەڕەتیانەن دواجار ئەو گومانەی لای زۆرترین لێکۆڵەرانی ئەم بوارە دروستکردووە، یەکێ لە هەرە ناودارترین خاڵە نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان بەهێزبوونی راشکاوانەی تەیار و هێز و دەسەڵاتی ئایینی‌یە. وەنەبێ ئەم راستییە بەتەنها وەك دیفاکتۆیەکی ئێستایی بەدەرکەوێ بەڵکو لەسەردەمە سەرەتاکانی قۆناغە جیا جیاکانی مرۆڤەوە ئەم گریمانە نێگەتیڤە تایبەتمەندێتی جەمسەری خۆرهەڵات بووە ئەوەتا سۆمەرییەکان لەرێگەی میتۆلۆژیاوە خەریکی راڤەکردنی جیهان بوون لەگەڵ ئەوەی ئەوان وەك بەشێك لە کۆمەڵ لە مرۆڤ





رادەمان هاوکات پێیان وابوو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سروشتدا شتێکی پۆزەتیڤانەیە و مرۆڤ و سروشتیش هێزێکی گەردوونی بەرێوەی دەبات.(٩)

بێگومان ئەم رووداوە پاڵنەر و پاڵپشتێکە بۆ ئەو رایەی دەڵێ خۆرهەڵات مەڵبەندی تەسەوف و خۆرئاوایش مەڵبەندی عەقلانیەت، لەکاتی ئێستاشدا بەردەوام هێز و گروهی بەرچاوی خۆرهەڵاتی هەن بەناوی ئایین و خۆرهەڵاتیبوونیانەوە دژایەتی هەڵمەتی جیهانگیری دەکەن و هەندێ جار دەیخەنە نێو لیستی تەکفیرەوە لەگەڵ ئەوەی نابێ بەرهەڵستکارانی جیهانگیریی بەتەنها لە چوارچێوەی خۆرهەڵاتدا کورتبکەینەوە بەڵکو دەبێ ئەوان لە دوو هێزی سەرەکی جیهانی ببینین، کە رۆژانە لەهەوڵی نمایشکردنی تواناکانیانن دژ بە رەوتی جیهانگیریی، یەکەمیان ئایدیۆلۆژیای فەندەمێنتالیزمی توندڕۆیە و دووهەمیشیان هێزە چەپە دژە جیهانگیرییەکانن، ئەوەی یەکەم بەردەوام لە هەوڵی ناوزڕاندنی خۆرئاوادان و لە م پێناوەشدا رێچکەی توند و تیژیی و تۆقاندنیان گرتۆتەبەر لەکاتێکدا هێزی دووەم سەرجەم دژایەتییەکانی بۆ خۆپیشاندانی ئاشتیانە و جەماوەرییانە کورتدەکاتەوە وەك ئەوەی لە (سیاتل و جنێڤ و لەندەن و جینوا و پۆرتوالیگەری بەرازیل روویدا..زهتد).(١٠)

شێواندنی ماناکا نی مرۆڤ و گەڕانەوەی بەردەوامی کۆمەڵ و جڤاکی خۆرهەڵات بۆ کەش و فەزای سروتە ئایینیەکان، لەوێشەوە ملکەچ بوونی هەمیشەیی هەمان مرۆڤ بۆ دەسەڵات و دام و دەزگا دەوڵەتییە حوکمڕانەکان لەدەرەوەی خواست و ویستی ئەودا، لەسەر شێوازە کلاسیکی و دیکتاتۆرییەکەی رابردوو، بەرهەمی کەلتووری خۆرهەڵاتە، بۆچی؟

ئایا مرۆڤ لە خۆرئاوادا مرۆڤێکە باوەڕی بە هیچ کام لە ئایینەکانەوە نییە؟ یاخود ئەویش بەهەمان شێوە ملکەچ و گوێڕایەل نییە بۆ دەسەڵات؟ راستیەکەی مرۆڤی خۆرئاوایی لە پابەندی و ملکەچ بوون لەبەرامبەر ئاییندا

هەمان هەڵوێستی مرۆڤی خۆرهەڵاتی هەیە بەڵام هەڵگری هەمان عەقلییەت و تێگەیشتن نین!! خۆرئاوایی ملکەچ پشتئەستووره بە کەلتورێکی مرۆڤدۆست ئەو لەوە دڵنیایە کە ئیدی مرۆڤ بەمانا راستەقینەکەی خۆی پێشوازی لێدەکرێ ئەمە لە لایەك لەلایەکی ترەوە (ئایین) لە خۆرئاوادا وەك بوونەوەرێکی (خود)ی دراوەتەوە دەست تاکەکەس، ئەو قەبوڵی نییە ئایین لەبەرامبەر دەسەڵات و ئەرکەکەی قسەی هەبێت یاخود تێکەڵ بە سیاسەتی وڵاتەکەی بکرێت، کە ئەم فۆرمەی مامەڵەیە لەگەڵ ئاییندا مانا و دەلالەتی تەندروست دەداتە ئایین هەر ئەمەشە وادەکات ژیان رێچکە و شێوازە ئاساییەکەی لەخۆوە بگرێت. بەڵام ئایین و ماناکانی لەتەواوی خۆرهەڵاتدا بە پێچەوانەوە ماف بەخۆی دەدات قسەی هەبێت لەسەر هەموو شتێك، بەشداریی سیاسیانە لەدەوڵەتدا لەکارو ئەرکی سەرەتاییانەی ئاییندایە بە جۆرێك ئەگەر هەواداری ئایینی ئەمەی بۆنەچێتە سەر، هەموو ئامادەییەکی ژیان لەدەست دەدات، بەکورتی مرۆڤی خۆرهەڵاتی بەردەوام لەبەرامبەر ئاییندا ناچار دەکرێ قسەی نەبێ، بێدەنگ بێ، ئەگەر لە دڵیشیدا گومانێکی هەبێت کەسێکی ڕاڕای لێدەردەچێت، ئایینی خۆرهەڵاتی هێڵ بەژێر هەرشتێکدا دێنێ کە دەیەوێ، لەفەتوایەکی خۆیدا ئاساییە هەزاران مرۆڤ ببنە قوربانی، ئەمە لە حەقیقەتدا وێنەی دوو پێکهاتەی کۆمەڵی مرۆڤایەتین، ڕەنگە تادێ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا جیاوازییەکانیان کەمتر بکەنەوە، ئەگەر نەڵێین زاڵبوونی سیاسی و ئابوورییانەی خۆرئاوا لەگەڵ خۆیدا کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی لەگەڵدایە بەکورتی دەبێ پێمان وابێ کە ئەم دوو بەرەیە دوو بەرەی هاو توانا نین،دیارترین فاکتەری ئەم ناهاوتواناییەش جیاوازییە لەبیرکردنەوەدا کە بەشێوەیەکی گشتی دۆخێکی سیحری هێناوەتە ئاراوە ئەویش ئەستەمی دەسبەرداری لایەنە رۆحیەکانە بێگومان لەو کۆمەڵگایانەی عەقڵ تیایدا سەروەر نییە.





★شۆڕشێکی تری فەرەنسا، بۆنی مرۆڤایەتیو زیندوێتی خۆرئاوای لێدێ

یەکێ لە ڕادیکالیترین دەوڵەتانی عەلمانی لە دنیادا فەڕەنسایە، کە لەماوەی سێ سەدەی رابردوودا نەك هەر لە قالبە خۆرئاواییەکەیدا توانیویەتی مانا و مەغزا عەقلانیەکانی مرۆڤایەتی بەدنیا رابگەیەنێ، بەڵکو وەك پێشەنگی وڵاتە عەلمانیەکانی سەرتاسەری دنیا، وەك دەوڵەتێك پڕاوپڕ لە هەستی بوێریی و قوتابخانەو کانگایەکی فیکریی توانیویەتی بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە، هاوکات نموونەیەکی عەقلانی بیرکردنەوە مرۆڤدۆستییەکانی خۆیمان پێشکەش بکات، ئەمجارەیان فەڕەنسا دەگەڕێتەوە سەر بنەماو سەرەتاکانی عەلمانیەت و بوێرانە دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە هەرچی جولانەوەو سروتی ئایینی، بێ جیاوازیکردن لە نێوان ئایینەکاندا بەتاڵدەکاتەوە، ئەم بڕیارەی دەوڵەتی فەڕەنسا ئەگەر گەڕانەوە بێ بۆ بنەماو رێساکانی عەلمانیەت و درێژەدان بە رەوتی هزری عەلمانیانەی خۆی، شۆڕشێکی نوێشە بۆ مرۆڤایەتی کە هاوشێوەی شۆڕشەکەی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمە لەکاتێکی دوور و جیاوازتر لە شۆڕشەکەی ناپلیۆن واتە ئەمجارەیان لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا بەهەمان حەماس و نەفەسی ئەو سەردەم و هەمان رۆحیەتی پێشکەوتنخوازانەی ئەو کات دێ و بەکەمترین زیانو ماندووبوون سەرکەوتووانە خۆی نوێ دەکاتەوە، ئەمجارەیان بڕیاری نوێبوونەوەکەی دەوڵەتی فەڕەنسا ئەو مانایەمان پێدەبەخشێ گوایە کە لەو شێوازە مەدەنیەی خۆی قایل نییە، لە کاتێکدا نیوەی وڵاتانی دنیا تاکو ئێستاکە بۆیان نەکراوە چارەکێکی پرەنسیپەکانی عەلمانیەت قەبوڵ بکەن، ئەم شۆڕشە نوێیەی فەڕەنسا مانای بوونی کەم و کوڕی لەو عەقلە نموونەییەی دونیای ئەمڕۆ دەگەیەنێ لە ئان و ساتێکدا کە کەسمان لەو باوەڕەدا نەبووین بێ کەم و کوڕی بێت، ئەمەش بەو مانایەنا کە پێمان وابێ

عەقلێکی تری کاملتر لە دنیادا هەیە بەڵکو وەك پێشکەوتووترین ئاراستە و عەقلییەت دەڵێم خالی نییە لەکەم و کوڕی، کەواتە هەموو ئەو نوێبونەوانەی ئێستا رێك ئەوەمان پێدەڵێت کە خۆرئاوا وەك هەژموونێکی زاڵی دنیا مومکین نییە پێمان وابێ لەبەرامبەر خۆرهەلاّتدا لەسەر کۆی بنەمای پێکهاتەیدا سازش بکات، بگرە هەر بەراوردکردنێکی بەرابەریانەی هاوتایی لە شێواز و ئاستی بیرکردنەوەی هەردوولادا، هەرگیز قابیلی قەبولکردن نییە، راستیەکەی ئێستاکە چرکەساتی تووڕەبوونی مرۆڤ لەو چەمك و تێگەیشتنە بۆماوەیی و سەپێنراوانەی بەردەوام لە هزری کۆمەڵدا رەگی داکوتاوە کاتی هاتووە، ئەگەر نەڵێم دەمێکە کاتی یاخیبوونی مرۆڤە ئاساییەکانی کۆمەڵیش هاتووە، بەهەرحاڵ لەو دووڕیانەی چاوەڕوانی مرۆڤی خۆرهەلاّتیدا چەندین خوێندنەوەی نوێ لەدایك دەبن، هەر خوێندنەوەیەکیش پێویستی بە لێکدانەوەو تێڕامانی قووڵ هەیە لێرەوە هەقە بپرسین کامانەن ئەو خوێندنەوانەی دەتوانن بەسەر ئێمەدا کاریگەر بن؟ ئایا هەرسکردنی تێزو پێشنیارە نوێکان چەندە ئامادەیی (تاك)ی گەرەکە؟ خۆ لە نێو خودی ئامادەیشدا ئەگەرو مەترسی چاوەڕوانکراو هەن، بەهەمان شێوە رەگو ریشەی کێشەکان هاندەر و هەوێنن بۆ بەردەوام هاتنە ئارای تەگەرەی جیا جیا، لەم کاتەدا دەشێ قەستی هاتنە ئارای فەزایەك بکەین کە بتوانێ زەمینەی هەنگاونان بەرەو گۆڕان خۆش بکات، بێگومان ئەوساش هەر گۆڕانێك لەناخی تاکەکاندا بەگشتی، ئاماژەیە بۆ چەکەرەکردنی گۆڕانی سەرتاسەری لە کۆمەڵدا بێ رەچاوکردنی ئاستی مەعریفی و بێ ویستی ئارەزوومەندانەی سیستەم یاخود بەرنامە رێژی ئامادەکراو.





پەراوێز و سەرچاوەکان

١-العلاقة بين الشرق والغرب، حوار فكري وصراع ايديولوجي لم يحسم بعد، نديم عيتاني. ئینتەرنێت.

٢-هل كان صامويل هانتكتون محقاً، طراهام فولر، ئینتەرنێت.

٣-ئەویتر، رۆژهەلاّتناسی..د.مهرزاد بروجردی. و. ئیدریس پاسۆری، گۆڤاری رامان ژمارە ٥٦، ٢٠٠١.

٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥-بیری رەخنەیی هاوچەرخ. کۆمەڵە وتار،وەرگێڕانی نەوزاد ئەحمەد.

٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧-گۆڤاری رامان ژمارە ٥٦.

٨-الفكر الفلسفي قبل اليونان. ابراهيم البليهي. ئینتەرنێت.

٩-الفكر السياسي في العراق القديم. د.عبد الرضا الطعان، ١٩٨١.

١٠- هل دخلنا حقاً في عصر العولمة. هاشم صالح.رۆژنامەی (الشرق الاوسط)

# هەڵویستی ڤۆلتێر لەبەرامبەر ئاییندا

" من ناتوانم لەگەڵتدا بژییێمو بەبێ تۆیش ناژیم"

( لە نامەیەکی خۆیدا ڤۆلتێر ئەم دێرەی بۆ پادشای برۆسیا نووسیوە )

ڤۆلتێری پێشەواوهزرمەندی رۆشنگەریی یەکێکە لە گرنگترین ئەو فەیلەسوفانەی سەردەمی خۆی کە زۆرترین قسەی هەبووە لەسەر ئایین وبەیەکێ لەهەرە عەقلانیترین فەیلەسوف دادەنرێت کە کاریگەرییەکەی تاوەکو حالی حازر بەسەر تەواوی مرۆڤایەتییەوە ماوە ، هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە ڤۆلتێر بە خوێنەر بناسێنم ، ئەوەندەی مەبەستمە بەگشتیوبە کورتی هەڵویستی ئەم فەیلەسوفە لەبەرامبەر ئایینو پەلوپۆکانی لەبەرامبەر فەلسەفەکەی بەگشتیوبەخێرایی روونبکەمەوە دیارە کە ڤۆلتێر هاورێوماموستای فریدریکی دووەمی شای برۆسیا بووە بەلام گرنگە بزانین کە هاورێیەتییەکەیان چەندین هەڵبەزودابەزینی بەخۆوە بینیوە کە هەندێجار دەگاتە راددەی دژایەتیکردنی ئاشکرایانەی یەکتر ئینجا لەسۆنگەی درووستکردنی پەیوەندی نێوان رووناکبیر ودەسەلات دا دووبارە پەیوەندییەکەیان دروست دەبێتەوە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی لەنامەیەکیدا بۆ پادشا ئەم گوتەیەی سەرەوە بنوسێو بلێ " من ناتوانم لەگەڵتدا بژییێمو بەبێتۆیش ناژییێم" بەلام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە چی شتێ بووەتە هۆی ئەوەی ئەم پەیوەندییە دروست بێت ؟ئایا دەمارگیریی ئایینی بووە کە لەو سەردەمەدا تەواوی ئەوروپای سەرقالکردبوو؟ یان خۆشەویستی فەلسەفە بووە





بەو پێیەی کە فریدریکی دووەم لای خۆی خۆی بە فەیلەسوف ناودەبرد بەردەوامیش هەولیدەدا لە فەیلەسوفان نزیك بێتەوە ، وەك ئەوەی لەوکاتەدا تەواوی ئەو رووناکبیرانەی لەبەر نەبوونی ئازادی رادەربرین لە ولاتی خۆیاندا نەمابوون بانگی کردنو لە بەرلین لە ئەکادیمیایەکدا کۆی کردنەوەوهەموو پێدا ویستییەکی بۆ دابینکردن ، ڤۆلتێریش یەکێ بووە لەو فەیلەسوفانەی لەوێداگیرساوەتەوە لەبەر ئەوەی پێشتر لەلایەن پادشای فەرەنساوە دووجار لە قەلای باستیل دەستگیر کرابوو. ڤۆلتێر بەردەوام هەولیدەدا راشکاوانە بۆچونەکانی خۆی لەبەرامبەر ئاییندا دەربرێ ، ئەو وەك زۆرینەی کریستیانەکانی فەرەنسا لە خێزانێکی کاسۆلیك مەزهەب بووە کە دواتر بوو بە دوژمنێکی سەرەکی فەندەمێنتالیيەتی کاسۆلیك، راستییەکەی ئەمیش وەك زۆرینەی فەیلەسوفانی سەردەمی خۆی هەولێدەدا عەقلانییەت لەسەرجەم ئایینەکانەوە ئازاد بکات بەردەوام دژی دروشموئەفسانەوسروتە ئایینیوخورافاتەکان بووە ، ئەوەی کە لەکاتی خۆیدا بەلای زۆرینەی خەلکییەوە سەیر بووە ئەوە بووە کە ڤۆلتێر بایەخی بە ئایینەکانی هیندوچینوفارسوئیسلام دەدا بە شێوەیەکی گشتی ، بۆ نموونە قورئانی وەرگێردراوی سەرزمانی فەرەنسیو لاتینی دەخوێندەوە، ڤۆلتێر هەر لەم کاتەدا لەوە گەیشتبوو کە سەرجەم ئایینەکان گفتوگۆن دەربارەی خۆشەویستی ئەوانی تر ، ئەو بەلای سروتەکانەوە نەدەچوو ئەوەندەی گرنگی دەدا بە لایەنە مۆراليیەکەی ئایینەکان لەگەڕان بەدوای ناوەرۆکی ئایینەکاندا بۆی دەرکەوت کە هەموویان وەك یەك بانگەشەی راستیورێزگرتنو مۆڕالی مرۆڤ دەکەن بەلام گرفتەکە لەدیدی ئەودا زانایانی ئایینی بوون بەبڕوای ئەو یەکەمین کەسێك کە لەم پرەنسیپانە پاشگەزبێتەوە لەو سەردەمدا پیاوانی ئایینی بوون، لەگەڵ ئەوەی جۆری دروشمو بڕوا لاهووتییو سروتەکان

لەئایینێکەوە بۆ ئایینێکی تر جیاوازە، ڤۆلتێر لەم جیاوازییانە کەمدەکاتەوە وە بەلای ئەوەوە گرنگ نەبوون، ئەوەندەی هەموو شتێکی لا رێژەیی بوون وەك لەوەی رەها بن بەپێی بۆچوونی پیاوانی ئایینیومەزهەبییەکان، لەوێشەوە گرنگترین شت لە مەسیحییەتدا بەلای ڤۆلتێر سروتوبڕواوبۆچونی ناوەرۆکە دژە عەقلەکانی ئەو ئایینە نییە بەڵکو پرەنسیپە مۆرالییەکانی(الاخلاقیە) بەرجەستەکراوی ناو ئینجیل خۆیەتی ، ڤۆلتێر لێرەوە هەموو ژیانی خۆی بۆ لێکۆلینەوە بەراوردکارییەکانی ئایینەکان تەرخانکرد، توانی خۆی بەو بەدواداچونانەی خۆی لە مەسیحییەت دەرباز بکات ، ئەو ئایینەی کە خۆی بە تاکە ئایینی راستەقینەوگەردوونی دادەناو سەرجەم ئایینەکانی تری بەر لەخۆیو دوای خۆیشی رەتدەکردەوە، ڤۆلتێر کاتی سەرنجی دەدایە ململانێی نێوان پیاوانی نێو یەك ئایینوکێبەرکێی مەزهەبیو دواتریش شەرو کوشتارەکانی کە سەراپای ئەوروپای گرتبووەوە بیری لەوە کردەوە کە گوتاری خۆی راستەوخۆ ئاراستەی خەڵکی بکات بەوەی کە دەست بە گیانی لێبووردەیی خۆیان بگرن ، دەکرێ بڵێین کە ئەم فەیلەسوفە تاکە کەسێکی سەردەمی خۆی بوو قسەی لەسەر پلورالیزمی ئایینیوجیاوازی کردبێت، پێی وابوو کە هەرگیز بۆمان ناکرێت سەرجەم مرۆڤایە تی وەك یەك بێ جیاوازی ئایینی بدۆزینەوە تەنانەت ئەگەر وەهاش رێککەوت ئەوا لە جیاوازی بۆچونو بیرکردنەوەوشیکردنەوەو تەئویلی ئاییندا وەکویەك نابن، بۆیە پلورالیزم(التعددیە) لەدیدی ئەوا شتێکی ناچارییەودانپیانانیشی زەروورەتە، تا وای لێهات ڤۆلتێر خۆی داوای ئایینێك بکات بەلاَم چ ئایینێک ؟! ئایینێك بێت دوور لە بڕوای لاهوتیو سروت ،لەهەمانکاتدا پێی وابوو هەر ئایینێك داوای چاکەونکۆڵی لەخراپە بکات ئەوا ئایینێکی راستەقینەیە ، بەدەر لەهەموو ئەرکو کردەوە وسروتوئەرکە





پراکتیکییەکانی ئایینٍ،چونکە بەلای ئەوەوە شتی زیادەن.لەگەل ئەمەدا ڤۆلتێر هەوڵیدەدا مەسیحییەت لەشتە زیادەکان پاك بکاتەوە تاوەکو ببێتە ئایینێکی عەقلانی یاخود ئایینێك کە تاکەکانی بەرەو خزمەتکردنی کۆمەلگا کەیئاراستە بکات، لە راستیدا ئایین بەلای ڤۆلتێر مامەلە بووە لە بۆچون، هەر تاکێك بتوانیٚ خاوەن کردەوەیەکی چاك و مامەلەیەکی گونجاو بێت لەگەلّ کۆمەلّو دەورووبەردا ئەوا ئەو کەسە باوەڕدارترین کەس دەبێت ، باوەڕداری راستەقینە لای ڤۆلتێر ئەو کەسەیە کە مەترسی بۆ سەر دراوسێوکەسانی خاوەن بیروبڕوایەکی جیاواز نییە تەنانەت ئەگەر رۆژێکیش نەچێتە کلێسا ، بەکورتی هەموو مەبەستی ڤۆلتێر لەمەدا بونیاتنانی کۆمەلگایەکە خالّی لە توندوتیژییودەمارگیریی ، دیارە کە لەدوایيدا بۆچونەکانی ڤۆلتێر بوون بە بنەمایەك بۆ لەدایکبوونی کۆمەلگایەکی مەدەنی وە رەگ داکوتانی عەلمانییەت ، وەك ئەوەی کە لە خۆرئاواوە بەدی دەکرێت . وەلی ئەگەر بێینەوە سەر لایەنە فەلسەفییەکەی ڤۆلتێر بەلای من وەك زەرووەرتێك وایە هەمووومان حەقیقەتی کاریگەریی ئەو فەیلەسوفانە بزانین بەسەر خودی کەسێتی ڤۆلتێرەوە، لەهەمانکاتدا زەرووره بۆچونو وێنا کردنەکانی ڤۆلتێر لەبەرامبەر فەلسەفەدا بزانین چونکە بەدەگمەن رێککەوتووە لەو سەردەمەی دەمارگیرییوسەرەتای دروستبوونی هەستی ناسیۆنالیستییەوە کەسێکی وەك ڤۆلتێری فەرەنسی و گیرساوە لە ئەلمانیا ،دانیش بەوەدا بنێت کە ئەو خۆیوفەلسەفەکەی خۆی بە زادەی فەلسەفەی ئینگلیز دابنێ لەراستیدا ڤۆلتێر بەتایبەت لە ژێر کاریگەریی زانای سروشتوفیزیك نیوتنو فەیلەسوفی عەقلانی ناودار جۆن لۆك بووە، لەهەمانکاتدا لەگەلّ هەندێ لە بۆچونەکانی دیکارت نەبوو هەرچەندە دیکارت فەرەنسیش بووە بەلاَم کاتێ دیکارت دەگاتە ئەو بڕوایەی کە

بۆماوەیی کاریگەریی بەسەر هزری مرۆڤەوە هەیە هەر لەبەر ئەمەش بوو بەلای جۆن لۆکەوە شکایەوە چونکە جۆن لۆك راستەوخۆ لە دوای دیکارتەوە هات و تیۆرە ناودارەکەی خۆی راگەیاند کە بە پێچەوانەی دیکارت بوو وەختێ دەڵێ مێشکی مرۆڤ لەسەرەتاوە کە لەدایك دەبێ وەك لاپەڕەیەکی سپی وایە ئەوەی کە وەریدەگرێت رەنگدانەوەی دەوروبەرەو زیاتر نا، ڤۆلتێر یەکێ بووە لەو کەسانەی تارادەیەکی زۆر سەرسام بووە بەم گوتەیەی جۆن لۆك تاوای لێهاتووە فرەیزە بەناوبانگەکەی خۆی لە ئاست جۆن لۆکدا رابگەیەنێت بەم شێوەیە وەسفی دەکات "رەنگە تاکو ئێستا کەسێك لەدایك نەبووبێ بەقەد جۆن لۆك کەسێکی دانا و میتۆدیو لۆژیکیو عەقلانیو وردبین بێ، جۆن لۆك کەسێکە بەتەنها پشت بە ئەبستراکتە میتافیزیکییەکان نابەستێ بەلکو واقیعیانە پشتدەبەستێ بە ئەزموونو پراکتیکیەتو هەستیاریی" هەر لەبارەی جۆن لۆکەوە دەڵێت " من گەرامەوە بۆ جۆن لۆك وەك چۆن منالْ دەگەرێتەوە لای باوکی، خۆم لەباوەشی ئەو مرۆڤە مەزنەدا بینییەوە" دەتوانین بڵێین کە ڤۆلتێر سەرجەم بۆچونو وێناکردنەکانی خۆی لەبەرامبەر ئاییندا لەرێگەی خوێندنەوەی بیرمەندانی ئینگلیزەوە بەدەستهێنابوو بەشێکیش لە رێگەی لێکۆڵینەوەکانی خۆیەوە بوو هەروەها چاودێریی تایبەتی خۆیشی بۆ شەرە مەزهەبییەکانی کاسۆلیك پرۆتستانت لە فەرەنساوئەوروپا دا بوون بە پاڵپشتێکی چاکی زانیارییەکانی، ئەو پێی وابوو کە پرەنسیپی سەرەکی بۆ ئایینی عەقلانی ئەوەیە کە دەڵێ " لەگەڵ خەلکیدا بجولێوە وەك چۆن حەز دەکەی خەڵکی لەگەڵتا وابن" ئایا کەسێك هەیە بیەوێ زیانی پێ بگات؟ ڤۆلتێر پێی وابوو کە چەمکی عەقلانییەت بۆ ئایین لەگەڵ تەواوی مرۆڤایەتیدا دەگونجێ نەك بەتەنها مەسیحییەکان یاخود موسولمانان یان جولەکەوبوزیوهندۆسیو هتد.. رەگەزی مرۆیی بەبڕوای





عەقلانییەت لە بنچینەوکۆتاییەکەیدا یەك رەگەزە، ڤۆلتێر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پرەنسیپە ئەخلاقییەکانیمرۆڤ لەگەڵ بوونی جیاوازیی لە مەزهەبوبیروبۆچونونەتەوەوزماندا هاوبەشن پرەنسیپەکان بۆهەموو مرۆڤێك پێ لەسەر سروشتی کۆمەلأیەتی مرۆڤ دادەگرن،مرۆڤیش گیانلەبەرێکی کۆمەلأیەتییە ، ڤۆلتێر لە خالێکدا بەپێچەوانەی لۆك بیردەکاتەوە بەلأم وەکو دیکارت دەڵێ نا بەلکو پێی وابووە کە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ وەك بۆماوەییەك بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە بۆنموونە پرەنسیپوسۆزوبۆچونەکان ،راستیشە چونکە هەموو لایەکمان لەگەڵ لەدایکبوونمانەوە بەبێ ویستی کەسمان سەر بە ئایینێك یان مەزهەبێکین وەك بۆماوەیەك، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا ڤۆڵتێر پێی وایە تێکەلأو بوونی جیهانی دەرەوە هۆیەکی سەرەکیە بۆ بەرهەم هێنانی بۆچوونەکانمان، چونکە هەموو مرۆڤێك خاوەن هەمان ئەندامانی هەستیارین، لە کتێبەکەیدا فەرهەنگی فەلسەفی ڤۆڵتێر دەڵێ ئەو ئامانجی بەرپاکردنی شۆڕشە لە عەقلْ، شۆڕشێك پشت ببەستێ بە عەقڵو گیانی ڕەخنەییکە گیانێکە دەرفەت دەبەخشێتە ئێمە بۆ ئەوەی لە دەمارگیری ڕزگارمان بێت کە خۆی لە رەت کردنەوەی ئەویدیدا دەبینێتەوە، لەهەمان کاتدا ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات تا بەئازادی بیربکەینەوە،

گومانیشی تێدا نییە کە سەرجەم فەیلەسوفانی رۆشنگەریی هەر یەکێ لەلای خۆیەوە خۆی خزاندبووە نێو شەڕێکی هزریی کاریگەر لە دژی پیاوانی ئایینیوخودی کلێسا ،شەڕێك دواتر ئەو بوونەوەرەی لەدوای خۆیدا بە جێهێشت کە پێیدەوترێت مۆدێرنێتە،ئەوان لەسەردەمی رۆشنگەریدا ئەو فەزایەیان خولْقاند بوو کە رۆشنبیر بە مانا راستەقینەکەی خۆیەوە وەك کەسێکی یاخی بناسرێت ، یاخی لە ترادیسیۆنە بۆماوەییەکان لە

پەیوەندیی‌وگرێبەندە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئەوەی کە لێکۆڵەری ناوداری ئەمەریکی پرۆفیسۆر پۆل مامۆستای مێژوو لە زانکۆی "تۆلسا" پێی وایە کە شتێك نەبوو بەناوی رۆشنبیریی تەندروست تاوەکو چەرخی رۆشنگەریی نەهات" چونکە لەوێوە رۆشنبیر وەك یاخیترین شەڕکەری‌ململانێیە سەختەکان لەبەرامبەر کاراترین هێزی دونیا کە داب‌ونەریتە کۆمەڵایەتی‌وئایینییەکان بوون وەستایەوە، ئەوان لەو سەردەمەدا شەڕوململانێ‌وپێکدادانە هزرییەکانیان خستە نێوان دوو تێرمی جیاوازو کاریگەرو خاوەن پێشینەی جیاواز کە خۆی لە ئایین‌وزانستدا دەبینییەوە ،لەگەڵ ئەمەشدا کەسێکی وەك ڤۆلتێر دێ‌و قسە لەسەر رەتکردنەوەی تەواوی ئایینەکانی بەر لەخۆی دەکات ،بەلاّم لەگەل خۆیشیدا جاڕی ئایینێکی تر دەدات ، ئایینێك بەبێ پیاوانی ئایینی‌وکتێبێکی دیاریکراو،ئایینێك بێت سیما دیارەکەی خۆی لە نێوان عەقل‌وسروشتدا ببینێ،تەنها هەوڵێکی سەرەکی ئەویش دەرخستنی نهێنییە گەورەکەی جیهانی مرۆڤ بوو لەسەردەمی خۆیدا ،ئەو پێی وایە بەتەنها عەقلە دەتوانێ مرۆڤ بەرەو ئاقارەکانی تێگەیشتن لە سروشت ببات،لەهەمانکاتدا ئەگەر تێبینی سەرجەم کارەکانی ڤۆلتێر بکەین ئەوەی بەدەردەکەوێت دەستبەرداربوونی حەتمییانەی مرۆڤە لە هەموو بە پیرۆزکراوێك کە بەسەری دا سەپاوە یاخود وەك بۆماوەیەك بەدەستی گە یشتووە،جگە لە داڕشتنی رێساو بنەماکانی دەوڵەتو شێوازەکانی بەیەکەوە ژیان،لە ئایینە نوێکەی ڤۆلتێردا شتێك دەپەرسترا کە پیاوی ئایینی‌و کتێبێکی دیاریکراووپیرۆزی نییە، تا خەڵکی لەسەر زەمینی واقیعدا لەبەرامبەریاندا بچەمێنەوە،

راستییەکەی گەورەترین تێبینی پۆزەتیڤانەی هزری ڤۆلتێر بەجێهێشتنی کولتوری داسەپاوی رابردوو بوو بە هەموو ئەو بەها ئەخلاقیانەی کە لەخۆی گرتبوون، لەبەرامبەریشدا بەرجەستەکردنی ئایینێك یان راستتر بڵێین رێڕەوێك بوو لەسەر بنەماو بەهای ئینسانییەتدا رەنگڕێژیی کرابوون،کە





لەحەقیقەتدا دەکرێ ببێتە بنەماوپرەنسیپێك بۆ جیهانبینی‌و تێڕوانینی مرۆڤانەی ئەو سەردەم لەبەرامبەر ژیان‌وبیرکردنەوەکانی مرۆڤ ،هەموو ئەو بۆ چوونانەی ڤۆڵتێر کە لەڕاستیدا دەسکەوتی مێژوویین بۆ تەواوی مرۆڤایەتی لەسەر دەمێکدا لە دایك بوون کاتێك کە دەسەڵاتی سەرکوتکەر لە فەرەنسادا بەهاوپەیمانی لەگەڵ فەندەمێنتالیزمی مەسیحی فەرمانڕەوایەتیان دەکردو خەڵکیش تێکڕا ناچاری مل کەچ بوون دەکرا، هەر لێرەشەوە گەورەیی ڤۆڵتێر بەدەردەکەوێ‌و دەتوانین بڵێین مرۆڤ لەسەر دەستی کەسێکی وەك ئەو دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ بەهاو نرخی ڕاستەقینەی خۆی، لێکۆڵەران لە وەلاّمی ئەو پرسیارەی کە دەڵێ لەبەر چی بەبەردەوام ناوی ڤۆڵتێر دێت، لە کاتێکدا کەسانی تریش هەن شایەنی باس کردن بن، بە رای من لەبەر ئەوەیە کە ئەو خاوەن زیرەکایەتیەکی لە ڕاددەبەدەرو ئەقڵێکی لۆژیکی پەیوەست بە ڕۆشنبیریەکی فراوان بوو ، لەبەر بۆ چوونە مرۆییەکانیشیەوە دەربارەی دەمار گیری ئایینی کوێرو کۆنزەرڤاتیڤەکان‌و فەرەنسیە دوا کەوتووەکان کە لە هەمان شێوەی جان جاك ڕۆسۆو ئەوانی تر بەردەوان بەر رقی کۆمەڵ دەکەوتن تا لە کۆتاییدا بوو بە قەلاّو سومبوڵی لێبوردەیی‌و برایەتی، لە ڕاستیدا پێشەنگی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریی فەرەنسی‌و ئەوروپی‌و جیهانییە

. سەرچاوە:

١- قاموس العام لفولتير ، مجموعة كبيرة من الباحثين باشراف ريمون تروسون و جيروم ميركريس.

٢- وتاریَکی هاشم صالح لة ئینتەرنێتەوە دەربارەی ڤۆلتێر .

# ئەکادیمیستی ئەلمانی فریدمان بۆنتەر:
# ڕێگاکە درێژوسەختە!!
# دەربارەی دیالۆگی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا

پەیمانگای خۆر هەلاتناسی ئەلمانی لە بەیروت زنجیرە موحازەرەیەك کەماوەی چەند مانگیکی خایاند پیشکەش کرد ، لە ژێر ناو نیشانی""'خۆرهەلات وخۆرهەلاتەوخۆرئاواش خۆر ئاوایە ناگەن بەیەك""' یە کەمین موحازەرەی ئەم زنجیرە موحازەراتە لەلایەن فریدمان بۆنتەر ی ماموستا لە زانکۆی بەرلیندا پێشکەش کرا بە ناو نیشانی ئەگەرە کانی دایەلۆگ لە دوای یانزەی ئەیلو لدا ، بۆنتەر وەك زۆربەی خۆرهەلات ناسان هەول دەدات گرفتی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بخاتە چوارچێوەیەکی عەقلانی بە شێوەیەك کە کە لە نێوەرۆکی موحازەرەکەیدا ویست و ئارەزویەکی لەیەکحالیبوون هەبوو بۆ گەیشتن بە خوێندنەوەیەکی هاوسەنگی روداوەکان ئا لەم کاتە دا رۆژنامەی (النهار) روو بەڕوی چەند پرسیارێکی کردەوە٠٠

⋆ لە کام پلەی ئەکادیمیت لە زانکوی بەرلیندا؟

- ماموستای زانستە سیاسیە کانم و موحازەرە دەربارەی سیاسەت و مێژووی هاوچەرخی رۆژهەلاتی ناوەراست پیشکەش دەکەم هاوکات مەلبەندێکی بچوکی خۆرهەلاتی ناوەراست بەرێوە دەبەم

ئامانج و پرۆژەی ئەم مەڵبەندە چییە؟

-دوو ئامانج هەیە ئامانجە سەرە کییەکەی رێکخستنی لێکوڵینەوەکانە دەربارەی بابەتە پەیوەندارەکانی خۆرهەلاتی ناوەراست ، ئێمە کۆمەلێك





لێکولەرمان هەیە بایەخ بە پرۆگرامەکانی کومەڵی مەدەنی دەدەن هەر وەها کار لەسەر ئەم ولاتانە دەکەن کە کومەڵ و رێکخراوی ئیسلامی توندرەوی تێدایە لە هەمانکاتدا لێکولەرانمان لەسەر پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت وئەو توندو تیژییەی ئایین یاخود ئەتنییەت بەرهەمیدینێ پۆلێك لێکۆڵەری چاکمان هەیە هاوکاریمان دەکەن بابەت و لێکۆلینەوەکانمان تایبەتن بە جەغدکرنە سەر خۆرهەلاٌتی عەرەبی بەشێکیان پسیۆریتی خۆیان تایبەتە بە ئێران و کۆمەلێکی تریش تایبەتە بە گۆرانکارییە مەدەنییەکانی ئیسرائیل و هاوکات هەندێکیشیان تایبەتن بە تورکیا لەراستیدا کۆمەڵە لێکۆڵەرێکی رەنگاورەنگن بەڵام بایەخ وگرنگیدانەکانی من بەراوردکارییە لە سەر ئایین و سیاسەت لەلای کۆمەڵە فەندەمینتالیست و رێکخراوە دیکتاتۆرییەکان لەخۆرهەڵاتی ناوەراستدا.

ئایا لێکۆلینەوەکانت کۆمەڵە موسولمانەکانی نیشتەجێی ئەلمانیا ناگریتەوە؟

موسولمانە نیشتەجییەکانی ئەلمانیا لە هەشتاکاندا بەشیوەیەك بوون لە لێکولینەوەکانی من کە پەیویست بوون بە ئەتنییەکان و کۆچ، ئا لەم کاتەدا تەواوی بابەتەکانی(کۆچ)مان شرۆڤەکرد بەڵام خۆم بەڵام کەسێك نەبووم لەوانەی لێکۆلینەوە کانم تابیەت بن بەم بوارە راستیەکەی لێکولینەوەکانم بەراوردکاریی بوون سەبارەت بەناوچەکە لەسەر رێکخراوە دیکتاتۆرییەکان و ستراکتۆرەکانیان و چۆنیەتی گەشەو بەرەو پێشچونی ئەو کۆمەلگایانەو ئازادی لە میسر کە تاکە وڵاتی عەرەبییە من زۆر لێی شارەزابم .

بۆچی پیتوایە زۆرینەی وڵاتانی عەرەب رێکخراوی دیکتاتۆریی بەرهەم دێنن؟

رەنگە ئەم رێکخراوانە لاساییکرنەوەیەکی سەربازییانەی سەردەمی عوسمانیەکان بن بە شێوەیەك کەپێیان وایە ئەمان لەهەولی دادپەروەری

كۆمەڵایەتیدان كە لەبنەرەتدا لەسەری دامەزراون، بەڵام لەمەدا حزبە مەدەنی و سیاسییەكان كەبەشێك بوون لەو هێزانەی بەدوای رەسەنێتی و كلتوردا دەگەڕان هەرەسیان هێنا.

بەبڕوای تۆ بۆچی ئەم رێكخراوانە نەیانتوانیوە رەسەنایەتی وكلتوری خۆیان بپارێزن؟ ئایا لەبەر ئەوەیە كەئەوان لە خۆرئاواوە فەلسەفە سیاسیەكانیان وەرگرتوە؟

وەریانگرتوەو هەموویشیان تاقیكردۆتەوە پێم وایە لە قارەی ئەفریقاوە ئەگەر بمانەوی بەراوردی بكەین لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەراست ،دەگەینە ئەوە كەئەمەی دوایی بۆ ئەوروپاو وڵاتە یەكگرتوەكان مانای زۆر دەگەیەنێ هەردوولا هەم ئەمریكاو ئەوروپایش بەرژەوەندی خۆیان لەهێمنی ناوچەكەدا دەبیننەوە تەنانەت ئەگەر ئەمە بۆ ئەوان باجێكیش بووبێت بۆپاراستنی ئەم رێكخراوانە وەك پاراستنی رژێمی شانشینی عەرەبی سعودی كە فەندەمینتالیستییەكەی هیچی لەهی كۆماری ئیسلامی ئێران كەمتر نیە بەلكو لەمیش خراپترە لەرووی مافەكانی مەدەنی و مرۆڤ ، هەروەها لەمیسریش پاڵپشتی سەرۆك موبارەك دەكەن لەرێگەی سیاسەتە یەكجار سەركوتكەرەكەیدا لێرەدا تێبینی ئەوە دەكەین كەئەوان لەخۆرئاوادا لەپێناو ئەفەریقای ناوەراست و خۆرئاوای ئەفەریقا تێدەكۆشن.

بەرای تۆ ئەگەر جیهانی عەرەبی پێشتر وەك خۆرئاوا لەسەر بنەمای سیستەمە لیبرالییەكان دامەزرابووان سەركەوتوودەبون؟

ئەركەكە قورسە كاتێ حەزی پیشكەوتنمان هەبێ و پێشتر هاوشێوەكانی ئێمە پێشكەوتبن بەمانایەكی دی گرانترە بۆ ئێمە لەتەك وڵاتانی پێشتر گەشەو پێشكەوتنیان بەخۆوە بینیوە سەرقافلەی پرۆسەی پیشكەوتن نین لێرە دا دەلێین دۆخی وڵاتان لەخۆرهەلاتی ناوەراست باش نییە لەلایەكی دیكەوە تاكو





ئێستا كاریگەرییە راستەوخۆوناراستەوخۆكانی خۆرئاوا گەورەن هەمەدیس باجی گێروگازەكانی لەگەل ئیسرائیلدا دەبینین هەروەها فاكتەری تری ئەم سیستەمەی پێشكەوتن پەیوەستن بەپیشكەوتنی ئابوری بە بەراورد لەگەل وڵاتانی خۆرئاوا

بەگەرانەوە بۆ موحازەرەكەت پێتوایە دەكرێت دیالۆگێكی راست وراشكاوانە هەبێت لە نێوان موسلمانان و خۆرئاوا ؟

ئەمە كارێكی یەكجار گرانە بەپێی بارودۆخی شلەژاوەی ئێستا بەڵام ئەگەر لە ئاست ئەو مەترسییە بەرهەمهاتووانەی رووبەروبونەوەكان بەئاگابووباین ، ئەگەر بەئاگابووان لەهەستی موسلمانان بەرامبەربەسیاسەتی ئەمریكا لەوهەلمەتەی كە كرایە سەرعێراق ، وای لەئێمە كرد ئامادەباشتربین بۆگەران بەدوایی بەرەوپێشبردنی و چاكردنی پەیوەندی نێوانمان ئەكەرچی تاكوئێستاش دیالۆگ زەرورەتێكە بۆچارەسەری گرفتەكان بەپێی بارودۆخەكە باش و پۆزەتیفانە دەبێت و بمانەوێ رێگر بین لە بەردەم پێكدادانی شارستانییەتەكانی هانتگتۆن مەبەستی بوو تاكوئەگەرێكی واقعییانەبێت ئەم تیۆرە وێرای كەمخوێنییە ستراكتۆرییەكەی لەرووی سیاسییەوە چالاكەو دەكرێت خەڵكی پێیەوە بەئاگابینەوە چونكە ئێستا پێكدادانێكمان لە بەردەست دایە لە نێوان خۆرهەڵاتو خۆر ئاوا

★بەڵام چۆن دەكرێت دیالۆگێك هەبێت لە نێوان دیالۆگ كەرانی نا یەكسانو نابەرابەر چونكە تاوەكو خۆرهەڵاتیەكان هەست بەكەمی بكەن هەر پێشنیارێكی دیالۆگ لەلایەن خۆرئاوای ترانسێندێنتالەوە بێت رەت دەكرێتەوە؟

-نەخێر رووبەرووبوونەوەی نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوا دەبێتە رووبەروبوونەوەی هێزە سیاسییە گەورەكان كە دەكرێت ببێتە

رووبەروبونەوەی سەربازیو بەکارهێنانی هێز لەلایەن خۆرئاواوە لەسەر حیسابی خۆرهەڵات کە بەدوژمنێکی لە مێژینەی خۆی دەزانێت ئا بەم شێوەیە فەلەستینیەکان تێکەیەنراون لەسەرحیسابی گیانو زەوتکردنی ماڤ ئەواندا دوای ٣١ ساڵ .

★ پێت نەوتین چۆن دەکرێت دیالۆگێك هەبێت لە نێوان لایەنی ژێردەستو لایەنێکی باڵا دەست ؟

-دیالۆگ دەبێ لە نێوانو ئەو کەسانە بگرێت کە نوێنەرایەتی کۆمەڵەو هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن نەك لە نێوان وڵاتو وڵاتێکی تردا ئەو کاتەش لەسەر تاکەکان پێویست دەبێت بنەمای هاوبەش بدۆزنەوە تاکو تێیدا بتوانن لەسەر ئاستی پەروەردەیی و راگەیاندندا قسەی خۆیان بکەن لە راستیدا رێگەکە درێژوو سەختە !!

★ لە موحازەرەکەتدا وتت خۆرئاوا بەردەوام دەستپێشخەرە بۆ لێبوردەیی لەبەرامبەردا خۆرهەڵات لە ئاست داگیر کردنی ئەوروپادا بۆ تەنها جارێکیش داوای لێبوردنی نەکرد. هۆیەکەی چیە ؟

- هەڵسوکەوتی خۆرئاوا بەم ئاراستەیە لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت لەو رووداوانە سەرچاوە دەگرێ کە تاکو ئێستاکەش وەك داگیرکاری و ئیستیعماریو ئالیەتی ئیمپریالی عەقلیەتی خۆرئاوای ترانسێندێنتال لە مۆنۆپۆلکردنی ئابوریانەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا لە زەینی ئێمەدا ئامادەیە لێرەدا پێم وایە کە عەرەبەکان لە ئیسپانیاوە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا کاتی خۆی لەگەڵ مەسیحیو جولەکەکاندا لێبوردەبوو ئەوکاتەی کەلە دەسەڵات بوو پێویستیان بە سەرکوتکردن نەبوو بۆیە بەم شێوەیە بێ قبولکردنی کۆن ئاسانتر دەبێ، ئاسان وەك ئەوەی لەسەر مەسیحیەکان پێویستە جولەکەکان قبوڵ بکەن ، لەبەر ئەوەی (عەهدی کۆن ) بەشێکە لە میراتی مەسیحیو لێی





جیا نابێتەوە ، هەروەك رێگە بۆ مەسیحییەکانە کتێبی موحەمەدییان لا قبوڵ بێ، بۆیەشە دەبێ موسلمانان گیانی تۆلێرانس(لێبوردەیی)یان لا ئاسانتربێت

★ لەئاهەنگی کردنەوەی ئەم کۆنگرەیەدا بالویزی ئەلمانیا لەلوبنان وتی ئەلمانیا نزیکەی سێ ملیۆن موسلمان لەخۆوەدەگرێت وحکومەتەکەی لەهەولی چاککردنی بارودۆخی ئەوان دایە تۆلەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

ئەمەبریارێکی پۆزەتیڤانەیەچونکە ژیان بەبێ رێزگرتن ولەیەکترحالیبون گران دەبێ.

ئایا ئەم کردەوەیە بەبۆچونی تۆ وا لە موسلمانان دەکات بەلای ئەلمانیادا بشکێتەوە؟ ئەمەلەگەل نەوەکانی داهاتودا دەکرێ باوکەکان لەگەل خۆیاندا میراتە خۆرهەلاتییەکانیان هێناوە بۆلای ئێمە.

__ ئەمە لەگەڵ نەوەکانی داهاتوودا دەکرێ، باوکەکان لەگەڵ خۆیاندا میراتە خۆرهەلاتیەکانیەکان هێناوە بۆ لای ئێمە.

لەئەنتەرنیتەوە رۆژنامەی (النهار)

# خوێندنەوەیەکی تر بۆ بزاوتی فەندەمێنتالیزم

دیاردەی فەندەمێنالیزم وەك زادەی ئەگەری بەپەراوێز کردنو دانانی بە بوونی زەمەنێك جیاوازوناوازە ،بگرە وەك مەرجەعێکی فیکرییومەعنەوی کە بڕوای وایە بێ هەوڵدان بۆ خولقاندنی سەد دەر سەدی رابردووناکرێت قسە لەسەر هیچ شتێك بکەین ،بەبێ ئەم رەنگە جیهان هەمیشە جگە لە کارەسات چاوەروانی شتی تر نەبێت وەك دیاردەیەکی سەرنج راکێش لەم دوایانەدا بە پێچەوانەی ئاراستەی پێشکەوتنەکان لە برەو دا بوونولەزۆر شوێنی جیاجیای دنیادا بەئاشکرا پاڵپشتی مادی قورسوخەیاڵی بۆ تەرخان دەکران لەهەمانکاتدا بابەتی گەرمی دەنگوباسەکان بوو. فەندەمێنتالیستەکان کە هەموو دروشمێکی گەورەو چەکی مەیدانی گفوگۆیان لە چاوی دەمارگیرییدا دەبیننەوە ئینجا لە مەیدانی پراکتیکدا بەچەند شێوەیەکی جیا جیا لە هەوڵی نمایشکردنیدا دەبن وبێ مننەتانە ئامادەیی رووبەڕووبوونەوەی ئاشکرایان تێدایە، ئەوان جگە لەوەی ئەمرۆ شەپۆلێکی سەرنەکەوتووی سەردەمن ،هیچ کاتێك رۆحی دۆڕان لە خۆیاندا بەدی ناکەن و بگرە داننەنان بە دۆڕانو شکست لای ئەوان بۆ هەمیشە بووەتە کولتورێك کە لە راستیدا تاکە کارتیتەکاندانە بە بوونومانەوەی خۆیان بە پاڵپشتی خراپ خوێندنەوەی پەیاموعەقیدەی زۆرینەی خەڵکی ئەو شوێنانەی کە تیایدا سەرهەڵدەدەن، بەلاّم کە ئاشکرا بوو ئایینو ئایینزایی بەتەنها مەبەستوویستی سەرەکی نییە لای ئەوان،بەڵکو لە پاڵ ئەمەشدا دەکرێ





بڵێین دەمارگیریی نەتەوەییو ئەتنیکی فاکتەری سەرەکیو ئامانجوستراتیژێکی جێگیرە بەرە بەرە ئەو بایەخو پشتگیرییەی جارانی لەدەستداوە ،پێشبینی دەکرێت ئەوهەستە وەك چۆن لە دنیای پێشکەوتوودا هەستێکی سەد دەر سەد رەتکراوەیە ،بەهەمان شێوە لە شوێنەکانی تری دنیاولەئایندەیەکی نزیکدا هەستێکی بێبایەخو رەتکراوە بێت،بێگومان قسەکردن لەسەر ئەم رەوتە دەمانباتەوە سەر کردنەوەی چەندین دەرگا کە لە راستیدا لە نێوەندی رۆشنبیریی کوردیدا پێشتر تاراددەیەکی چاك قسەی لەسەر کراوە ،بەلاّم چۆنوبە چ شێوازێكولەسەر چ ئاراستەیەکی فیکرییوئایدیۆلۆژیی کراوە...؟ئایا هەوڵەکان توانیویانە ئەم بابەتە وەك خۆی باسی لێوە بکەن ..؟ ئایا راستە ئەم چەمکە بەتەنها لەگەڵ ئیسلامییەکان و ئایینی ئیسلامدا بەکار بێت یان بە هەمان شێوە لە نێو ئایینەکانی تریشدا پێویستە بەکاربێت..؟ بێگومان هەموو ئەمانە پرسیاری بەجێنو پێویستیمان بە وەلاّمی بە جێ هەیە ، چونکە زۆر جار ئەو حوکمانەی لەسەر ئە بابەتە دراون هەلەی فیکرییان لێکەوتۆەوە بۆیە وەلاّمی ئەم پرسیارانە لێکۆڵینەوەی تایبەتییان گەرەکە بەشێوەیەك کە بتوانرێ فەزایەکی بەرفراوانتر برەخسێنرێتو بە پوختەترین شێوە بچینە نێوی، هەر بۆ نموونە ئەو وەلاّمەی کە زۆر سەرنج راکێشە ئەوەیە کە راست نییە بەتەنها ئەو رەوتە لەناو ئایینی ئیسلامدا ببینینەوەوئەوەی کە لە نێو ئایینەکانی تر هەیە فەرامۆش بکرێت ، وەك دیارترین نموونەی بەردەستی ئێمە بزاوتی فەندەمێنتالیزمی مەسیحیویەهودییە ،هەرچەندە ئەو شتەی کە کەسمان ناتوانین نکۆلی لێبکەین ئەوەیە کە دیارترین بزاوتی جیهانیوکاراترین

بوونەوەری لەم بابەتە کە سەرەنجام دونیای هەژاندوخستییە نێو بازنەی ترسەوە ولەدوای خۆیشیدا کۆمەڵێك گرفتی گەورەی بەجێهێشت بزاوتی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامییە، کە بووە بە

بابەتێك زۆررین قسە هەڵدەگرێت بەلاّم لە پالّ ئەمەدا ناکرێ وا بە زەقی بە نموونە فەندەمێنالیزمی یەهودی لە یاد بکەین کە پرەنسیپە دەمارگیرییەکەیخۆی هیچی لە ئایینەکانی تر کەمتر نییە ، ئەگەر زیاتریش نەبێت ،ئەو بزاوتە یەهودییە کە هەموو ئازادییەکان لە دەرگاکانی قودسدا دەبینێت وبە سیاسەتە شەڕانگێزەکانی خۆی لە هەوڵی سەپاندنوخۆناوونانی خۆیانن بە گەلی هەلبژێردراوی خوا لەسەر زەوی کە لە راستیدا زۆرترین مشتومڕهەڵدەگرێتوئالۆزترین بارودۆخ لەگەلّ خۆیدا دێنێتە ئاراوە ،ئەم بزاوتە کە دەتوانین بڵێین گەورەترین پالّپشتی ماددی لە پالّە لەسەراسەری دنیادا وەك هەر بزاوتێکی تری فەندەمێنتالیستی پڕ مەترسیترین ئایندەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، ئەم راستییانە لەبەر هەر هۆیەك بێت زۆر کەم لای ئێمە باسکراوە وگرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە لەکاتێکدا پێویست بوو لەگەلّ خوێندنەوەی بالّە ئوسولییەکان بەگشتی بخوێندرایەوەو ئەو کاتە دەکرا بمانوتایە کە حەقی باسکردنی ئەم رێکخراوانە وەکو خۆی دراوە ،هەلبەتە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە لە چاوی فیکرومەعریفەدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان کاریگەریی ئەم ئایدیۆلۆژیایانە بەسەر تاکدا نییە ، هەموویان ویستێکی بێدەنگی لەبەرامبەر رەهایی دەقەکانیان لە مرۆڤ دەخوازن ،هەموویان بێ جیاوازی لەجەوهەردا لەیەك ماددەی خاوەوە وەرگیراون،کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین خەتابارین لە خوێندنەوەیان نەك خودی چەمکەکە





خۆی،هەرچەندە ئێمە لێرەدا وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ناتوانین لەم ماوە کورتەدا تەئویلێکی تۆکمەی سەرهەلدانو گەشەسەندنی تەوژمی توندرۆی لەم شێوەیە بکەین ، بەلاّم لانی کەم دەتوانین فاکتەرە سەرەکییەکانی گەشەوسەرهەلدانی ئەم رەوتە ئایینییانە بەکورتی بەدەرخەین بۆ ئەوەی کەمێك لە حەقیقەتی بوونی ئەواندا بگەین ، هەروەها لە شێوازی مامەلەی دنیا لەگەلّ ئەواندا بگەین،بەنموونە ئەگەر باس لە گەشەی بزاوتە فەندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان بکەین دەبێ بڵێین مەرج نییە بەتەنها هۆکاری پرەنسیپی وئایدیۆلۆژییان لە پالّ بێت هەروەك چۆن نابێت پێمان وابێت ئەو بزاوتە زادەی ستراتیژی دەسەلاّتی خەلافەتوئیمپراتۆریای ئیسلام بن... هەروەها نابێت دونیای نوێورێچکەومامەلەی دونیای نوێ وەدەرنێینوبە خالّێکی هاتنە ئارای توندویژیی ئەوان حیساب نەکرێت، هەتا عەقلی سیاسیی خۆرئاوا هەلگری گوتاروسیاسەتی دوو فاقی بەردەوامی خۆی بێ کە زۆر بە روونی دێتە بەرچاو لەلایەك لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا پشتگیریی ئەو ولاّتانە دەکەن ،کە پێکهاتەی فیکرییومەعنەوییان هاوسۆزە لەگەلّ بالّە توندڕەوە ئیسلامییەکان لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا ،لەلایەکی تریش گوتارەکە بەردەوام دەخوازێت بەدونیا بلێت ئێمە دژی بوونی ئەوانین لەهەر کونجێکی دونیا بێ ،نزیکترین نموونەشمان ولاّتانی کەنداوە، بە شێوازێکی تر هاوکاری بەردەوام و ئاشکرای خۆرئاوا بۆ ئیسرائیل بە چاو پۆشی لەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل دروستکراوی بەرژەوەندییە دوورونزیکەکانی خۆرئاوایە ،هۆکارێکی تری بە جموجۆل بوونی ئەوان کە دەرەنجامی زالّبوونی هەستی لەم شێوەیە بەسەر

دەسەلاتی کۆمەڵێك ولاتی پێشتر ئیشارەتمان پێدا ، هەروەها غیابی دیموکراسی کە مەرج وگرەنتی بنبڕکردنی کێشەکانە لە حالەتێکدا کە ئایین لە نێو کۆمەلێکدا رەگی داکوتابێت ودەسەلاتیش ئەو بوونەوەرە نەبێ لە رێگەی دامەزراوە سیاسیی ومەدەنییەکاندا پەرە بە هۆشیاریی کۆمەڵ بدات، زەمینە خۆشکردنێکە بۆ هاتنە وجودی ئەوان ولەهەمانکاتدا ئەوەشمان بۆ روونەدەکاتەوە کە ئەم بزاوتە لە جیهاندا بوونێکی فراوانی هەیە کە ناکرێ بێ گۆڕینی شێوازی مامەلەوستراکتۆری کارکردن بەرەنگاریی بکریتەوە، وێڕای ئەوەی لەگەڵ بوونی ئەگەری سەرهەلدانی ئەواندا راستەوخۆ پرۆژەی لەناو بردن وبەرنامەی کار لە دژی ئەواندا هاتۆتە وجود ،بەلام بە کام شێواز یان کامە هێزی بێ مەترسی..؟ کە ئەمرۆکە رەچاوکردنی زەروورەتێکە هاتۆتە بەردەم سیاسەتی دونیا لەگەڵ گۆڕانکاریی کەوتنە نێو بەرژەوەندییەکاندا ، وێڕای ئەوەی هەموو لایەك دەزانێ کە بوونی لەم شێوەیەی ئەو رێکخراوانە بوونێکی نارەواو نا شەرعییانەیە، چونکە ئەوان بۆ دواجار سەلماندوویانە وەك داردەستی لایەنێك ولە پێناو ویست وبەرژەوەندیی ئەو لایەنەوبە کۆنترۆلی ئەوو زۆربەی جار لەناو خاکی ئەواندا دەجولێنەوە ، ئەوان بڕوایان وایە کە کارکردن بۆ میتۆدە ئەسلییەکە لەسەرووی هەموو شتێکە جا گرنگ نییە چۆن و بە چ شێوازێك بێت..؟ کە لەراستیدا ئەو بڕوایە پێچەوانەی خودی میتۆدەکەشە ، بەمەش لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دروستدەبێ کە ئاخۆ ئایندە جیهان لە چاوی ئەواندا چ جیهانێکە ..؟ بە پێچەوانەشەوە ئایندەی بوونی ئەوان لە چاوی جیهاندا چ بوونێکە..؟ ئەگەر بڕیارە جیهانی نوێ شێوازێکی تری مامەڵە هەڵبژێرێت وەك ئالتەرناتیڤێکی راگەیاندنی





راستەوخۆی شەڕی ئاشکرا لە دژی چەندان کەس لە هەلگرانی ئەم بیروباوەڕەی کە خوێنییان کردۆتە دروشمێکی هەمیشەیی بۆ بەردەوام و هەمیشەیی ژیانی پڕ لە دۆزەخی ئەواندا کە پێیان وایە بەهەشتی ویستراوی مرۆڤە لە سەر زەوی، ئەوا دەبێت بەرنامەوستراتیژیی یەکگرتوو لە دژی ئەوان بێ جیاوازی رەگەزوئایینیی دابڕێژرێت، بە شێوەیەك دوور بێ لە هەموو دەمارگیرییەك بۆ ئەوە هەڵە رابردووی سەرانی جیهان دووبارە نەبێتەوە. بێگومان فەندەمێنتالیستەکان پێیان وایە جیهانی ئایندە ئەو جیهانە دەبێت کە ئەوان دەیخوازن، جیهانێك دەبێت وەهمی جاڕدراوی رابردوویان بەرجەستە دەکات، وەك پێیان وایە دونیا لێرە بەولاوە دەگەڕێتەوە سەر ئەلف وبێی سیاسەتی سولتانەکان، ئەوان راشکاوانە دەیانەوێ بلێن بێ ویستی کەسمان چەرخ زەمەن روو لە ئێمەیە ،بێئاگا لە بە کارەساتبوونی ئەم بیروبۆچونە،!! بێئاگا لەوەی کە دونیا بە چرکە لە گۆڕانی رەگ وریشەیی دایە، دونیا ئیدی بمانەوێ یان نا وەك دەبینین دەڕوات و بێویستی من وتۆ واقیعی خۆی بەسەر ئێمەدا دەسەپێنێت،کەواتە لێرەدا کامەمان واقیعیترین، وەهمی گروپی توندڕۆ یان واقیعبینی دونیای نوێ ، حەتمەن جیهانی نوێ و ئایندە جیهانی واقیعبینی و سەروەریی عەقلانییەتە بە رەچاوکردنی مەوداکانی خەیالیش کە بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە، جیهانێك دەبێت نە من دەتوانم لە خۆمەوە بیگۆڕم نە کەسێکی تر ، بەڵکو کامەمان رێچکە راسەقینەو واقیعبینەکەمان گرتە بەر ئەو دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی بیگۆڕێت....

# دووباره بیر کردنەوه له قوتابخانەی فرانکفۆرت

جێڤری نیالۆن، کارین ئێر

ئەم نوسینه خوێندنەوەی کتێبێکی نوێی هزرییه دەربارەی قوتابخانەی فرانکفۆرت که له سالّی ٢٠٠٢ دا له زانکۆی نیویۆرك له لایەن ده لێکۆڵیاری ویلایەته یەکگرتوەکانی ئەمریکا وه نوسراوه، بەسەرپەرشتی هەردوو لێکۆڵەر (جێفری تی نیالۆن مامۆسای زمانو ئەدەبیاتی ئینگلیزی له زانکۆی بەنسلڤانیا، کارین ئێر- مامۆسای یاریدەدەری ئەدەبیاتی ئینگلیزی له زانکۆی براندیس. بابەتی ئەم کتێبه نوێیه لێکۆڵینەوەی دەربارەی دووباره خویندنەوەی ئەو قوتابخانه فەلسەفییه بەناوبانگەیه که بەفرانکفۆرت ناسراوەو له سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمدا له ژێر ناوی پەیمانگای لێکۆڵینەوه کۆمەلأیەتییەکانەوه دامەزراوه، بەر لەوەی بەو ناوه ناسراوەکەی "قوتابخانەی فرانکفۆرت" بناسرێت، هۆرکهایمەر (١٨٩٥ -١٩٧٣) یەکێك بوو له دامەزرێنەره سەرەتاییەکانی نێو کۆمەڵێك فیلەسوفی بەشداربوو ، دواتر ئەدۆرنۆ ،مارکۆزو ئەریك فرۆمو کۆمەڵێك بیرمەندی تر پەیوەندییان بەم قوتابخانەیەوه کردووه. ئەم قوتابخانەیه پێی وابوو که فەلسەفەی کلاسیکی یاخود فەلسەفەی کانتو هێگل زۆرتر بووه بەشتێکی تەقلیدیوئایدیالی،





لێرەوه توانای شیکردنەوەی کۆمەڵگه سەرمایەداره نوێیەکانی نەماوه ئەوانەی که له بوونیاتی ئالۆز پێکهاتوون بەهەمان شێوه واتای ڕووبەڕوبونەوەی کێشەکانی بەردەوام دێنه بەردەم کۆمەڵگای ئەوروپیو خۆرئاواییەکان نەماوه، لەمەوه دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بڕیاریاندا که زانسته کۆمه لأیەتییەکان شوێنی فەلسەفه بگرنەوه ، مەبەستیش لەزانسته کۆمەلأیەتییەکان لێرەدا سۆسیۆلۆژیایه بەپلەی یەکەم دواتر ئابوری ناسیو پاشان دیمۆگرافیاو ئینجا شیکردنەوەی دەروونی .فەیلەسوفانی ئەم قوتابخانەیه له ئاوێزانبوونیان لەگەل ئەرکه کۆمەلأیەتی و سیاسییەکاندا له ئەڵمانیاو ئەوروپادا به شێوەیەکی گشی سڵیان نەکردەوه پێیان وابوو که ناکرێت ڕووناکبیر له بورجی عاج ی خۆیدا بمێنێتەوه ، بەڵکو دەبێ بخرێته واقیعو گرفتو گێرو گازه گەرمو گوڕەکان :بەهەمان شێوه فەیلەسوفانی فرانکفۆرت لەدەرخستنی ئاراسته چەپەکانیان یان وردتر مارکسییەکانیانەوه سڵیان نەکردەوه بەشێوەیەك که هەڵوێستەکەیان زۆرتر ڕەخنەیی بوون له بەرامبەر کۆمەڵگه خۆرئاواییه سەرمایەدارییەکانی تیایدا ئەژیان،بۆیه ئەم کۆمەڵه ڕووناکبیره که هەریەکەیان له بوارێکی جیاجیادا شارەزا بالأدەست بوونو لەشاری فرانکفۆرت کۆبوونەوه کەبارەگای سەنتەری زانستی تازه دامەزراوەکەیان له خۆگربوو،هەرلەبەر ئەمەش بوو بڕیاریاندا ناوی سەنتەرەکەیان بنێنن" قوتابخانەی فرانکفۆرت" لەسەرەتادا هۆرکهایمەر وەك یاریدەدەر مامۆستالی زانکۆ دەست بەکاربوو له هەمان کاتدا خاوەن ئینتیمای ڕێرەوی کانتیزمی نوێیوو یاخوود فەلسەفەی ئایدیالی لەسەر شێوازی کانت، لەگەڵ هەڵسان بەهەندێك گۆڕانکاری نوێکردنەوەی ، بەلأم

زۆر بەخێرا ئاراستە فیکریەکەی خۆیو بایەخدان بە فەلسەفەی مێژوو کۆمەڵگە گۆڕی بەپێی میتۆدی هیگلو مارکسو فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری فەرەنسا ، یەکەم وتاری خۆی لە ساڵی ١٩٣٠ نووسی کەپێکهاتبوو لە ڕەخنەی تێزە ئایدیالەکانیفەلسەفەی مەعریفەلەدوای ئەمە زانکۆی فرانکفۆرت داوای لێکرد کە کورسی فەلسەفەی کۆمەڵ) لە زانکۆکەیاندا وەربگرێت لەهەمانکاتدا سەرپەرشتیکردنی تاقیگەی زانستی پاشکۆی زانکۆیان پێ سپارد کە دواتر دەبێتە ناوكو هەوێنی قوتابخانەی فرانکفۆرتی ناودار ، ئەمیش ( تاقیگەی پەیمانگای لێکۆلینەوە کۆمەلآیەییەکان بوو ، بەلآم ئەدۆرنۆ لە (١٩٠٣ -١٩٦٣)دا لە خودی شاری فرانکفۆرت لەدایك بووبوو لە خێزانێکی دەوڵەمەندو بۆرژوادا هەر لەوێ هۆرکهایمەری ناسیو سەرسام بوو بە بۆچونە مارکسییەکانی ئەو، هەر لە رێگای هۆرکهایمەریشەوە لە سەرەتاوە واتە لەساڵی ١٩٣٠ پەیوەندی کرد بە سەنتەری لێکۆلینەوە کۆمەلآیەتییەکان. مارکسییەتی ئەدۆرنۆ ئازادورەخنەیی بوو نەك دۆگماییو داخراو لەسەر شێوازی ستالینییەکان بەگشتی کۆمۆنیستەکان ، لەو کاتەدا کتێبە بەناوبانگەکەی بە هاوبەشی لەگەل هۆرکهایمەردا بە ناونیشانی دیالێکتیکی عەقل بەچاپ گەیاند کە یەکێکە لەگرنگترین سەرچاوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت.

هێربەرت مارکۆز لە سالی(١٨٩٨-١٩٧٩) لە بەرلین لەدایك بووە ئەمیش هەر وەکو ئەدۆرنۆ لە خێزانێکی بۆرژوازی پەروەردە کرابوو بەلآم لە بۆچونە کۆنەپەرستودواکەوتووەکەی خۆی هەلگەڕایەوە ئەو لە سەرەتادا ئەندامی حیزبی کۆمەلآیەتی دیموکراتی بوو یان راستتر چەپ بوو بەلآم هەرەسی شۆڕشی ١٩١٩ وای لێکرد لەم حیزبەدا دووربکەوێتەوە بەو بیانووەی کە





سەرکردەکانی هەولیانداوە کەسایەتیو تێکۆشەرێکی وەك رۆزا لۆکسمبۆرگ لەناو بەرن ، مارکیۆز لە مەنفاوە پەیوەندی بەم قوتابخانەیەوە کرد ، لە ساڵی ١٩٣٦ لە ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، وەك دیارە کە هۆرکهایمەر لەگەڵ زۆربەی رووناکبیراندا لەدوای سەرکەوتنی نازییەکاندا بەرەو ئەمەریکا رایانکرد ، لەوێوە داوای لە زانکۆی کۆلۆمبیا کرد کە پێشوازی لە پەیمانگای لێکۆلێنەوەی کۆمەلآیەتی بکات کە خۆی بەڕێوە بەری بوو لە ئەڵمانیا ، داخوازییەکەی لەلایەن زانکۆی کۆلۆمبیا قەبولکرا بەو شێوەیە قوتابخانەی فرانکفۆر کەوتەوە سەرپێو بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە فەلسەفیوسۆسیۆلۆژییەکانی لەدەرەوەی ئەلمانیا، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا هەندێ لە فەیلەسوفان بەتایبەت هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆ گەڕانەوە ئەلمانیا لەوێشەوە جارێکی تر لەسەر لێکۆڵینەوەکانیان لە شاری فرانکفۆرت بەردەوام بوون جارێکی تر قوتابخانەی فرانکفۆرت گەڕایەوە زێدی راستەقینەی خۆی بەلآم لەدوای خۆیدا لە ئەمەریکا کاریگەریی شوێنەواری خۆی بەجێهێشت ، هەروەها نابێ نەگەڕانەوەی مارکیۆز لەیاد بکەین کە لەدوای روخانی نازییەت و هیتلەردا بڕیاری مانەوەی خۆی لە ئەمەریکادا دا ، لەم کتێبەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کەزۆرینەی بەشەکانی لەسەر ئەدۆرنۆو مارکیۆزوهۆرکهایمەر دەوەستێ لەگەڵ پێشەکییەکی گشتی بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت وەك بابەتێك لەناو گفتوگۆکانی ئێستای هزریی ئەمەریکی و ئەوروپا ، هەروەها لێکۆلینەوەیەکی بە پێزی پرۆفیسۆر دۆگلاس کیلنەر لە کتێبەکەدا بەدی دەکرێ کە تیشك دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان قوتابخانەی فرانکفۆرتو لێکۆلینەوەی کولتوریی بەریتانیا ئەو پەیوەندییەی کە بەدی

نەهات ئەمەش لەبەر ئەمە بوو کە لە بەریتانیای ئەو سەردەمەدا فەلسەفەی لێکدانەوەی کولتوریی فەلسەفەی لێکدانەوەیی وەسفی زاڵبوو، لەهەمانکاتدا بوو بە ڕێگر لەبەردەم هاتنە ناوەوەی فەلسەفەی قوابخانەی فرانکفۆرت بۆ وڵاتی شکسپیر، تەنانە فەیلەسوفانی ئینگلیز لە بەریتانیادا تا چەندین ساڵ رقیان لەم قوتابخانەیە دەبووەوە بە بیانوی ئەوەی کە فرانکفۆرت ،فەلسەفەکەی زیاد لە پیًویست دەستەبژێرییە ،ئەمەش بە بۆچونی ئەوان لە ئاستی پێویست نەبوو ،هەروەها نازانستیونادووربین بوو بەهەمان شێوە لەکتێبەکەدا لێکۆلینەوەیەکی ئایمەر سیمان بەناونیشانی سنوری کولتوریی قوتابخانەی فرانکفۆرولێکۆڵینەوە کولتورییەکان بەرچاو دەکەوێت ،لێکۆلەری ناوبراو بەڕێوەبەری پەیمانگای جیهانگیرییە لەزانکۆی ماك ماستەری کەنەدا دا ،پێشریش کتێبێکی بەزمانی ئینگلیزی لەسەر سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی پییەر بۆردیۆ نوسیوە ، لێکۆلەرێکی تری ناو ئەم کتێبە (تۆماس ویب) کە بە لێکۆلینەوەیەکی پڕ بایەخ بەناونیشانی ( چەمکی فەزای گشتی لای هابرماس) بەشداریی کردووە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا پرسیاری کردووە "دەڵێت ئایا فەزای گشتی چەمکێکە لەلایەن قوتابخانەی فرانکفۆرت بەرهەمهاتووە ؟" لە راستیدا هابرماس دواین نوێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە کەسەر بەنەوەی دووەمی دوای ئەدۆرنۆ هۆرکهامەر مارکیۆزو ئەوانیتره: هابرماسی فەیلەسوف لەم ساڵانەی دواییدا وەك گرنگترین فەیلەسوفی خۆرئاوایی هاوچەرخ ناسرا بەشێوەیەك کە ناوداریی‌کەی لە ئەڵمانییاوە پەڕیەوە بۆ ئەوڕوپا ئەمریکا سەراسەری دونیا ، هابرماس لە ساڵی ١٩٢٩ لەشاری دۆڵدرۆڤی ئەڵمانیا لە دایك بووە خوێندنی باڵای لە دوای کۆتایی هانی جەنگی جیهانی دووەم تەواو





کردووە ئەوکاتەی کەنازیزم لە گۆڕەپانەکەدا کاریگەری خۆی هەبوو بە تایبەتی بەسەر زانکۆکاندا، کەتاکو ئێستاش کاریگەری‌یەکەی هەرماوە لەوکاتەدا کەسێك نەبوو هەڵسێ بە هەڵوەشاندنەوەیاخود ڕەخنەیەك لەئاستی پێویست دا دژ بە شوێنەواری نازیزم دا جگە لە هابرماس، ئەو دەیویست دیو اری بێدەنگی لە ئاست ئەم ئایدیۆلۆژیا ترسناکە دا بشکێنێ کە دواتر ئەڵمانیای وێرانکرد، هەر لەساڵی ١٩٥٣ کە ئەوکات تەمەنی٢٤ ساڵانبوو وتارە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی "چۆن لەگەڵ هایدگەرو دژی هایدگەر بیربکەینەوە؟ "کەتیایدا بەهێنانەوەی بەڵگەی تەواو بوونی پەیوەندی پڕۆتۆستکردنی هایدگەربۆ میتافیزیك یاخود عەقلانی‌یەتی فەلسەفی لە کۆتاییەکەیداو نێوان بڕواسیاسی‌یە نزیکەکانی ئەو لە نازیزم شیکردەوە ، هابرماس هاونیشتیمانەکانی خۆی لە هاوسۆزی بۆ ئاراستە زۆر کۆنەخوازەکانی کولتووری ئەڵمانیا ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێت دەکرێت ئەڵمانیا بخرێتە نێو پاڵاوتنی حیسابای خۆی لەگەڵ خودی خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانێ لە رابردووە نازییە هیتلەرییەکەی دەرباز بێت ، پاشان هابرماس هۆشداریی دەداتە ئەلمانیا لەوەی کە جارێکی تر ببێتە دوژمنی خۆرئاوا ..یاخود رۆشنگەریی لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هابرماس لە بنەڕەتدا فەیلەسوفێکی عەقلانیورۆشنگەرە، بۆیە هۆشداریی دەدا لەمەترسی ئەو بۆچونانەی فەلسەفەوعەقلانییەی رۆشنگەریی دەبەزێنن ،پێی وابوو ئەمەبوو ئەوروپای گەیاندە فاشیزمونازیزمومالوێرانی بەرادەی ئەوە دەکرێ فەلسەفە لەهەوڵە رەخنەییەکانی بەردەوام بێت وهیچ ئالتەرناتیڤێکی عەقلانییەت نییە جگە لە عەقلانییەت خۆی،هەروەها جگە لە رۆشنگەریی ئالتەرنایڤێکی

تر بۆ رۆشنگەریی نییە، دیسان بەردەوام دەبێتودەڵێت ئەوەی کە دەکرێت ببەزێنرێت فەلسەفە بەقەد خۆی نییە ،بەلکو ئەو ناتەبایییەی فەلسەفەوزانستە، دەکرێت فەلسەفە زیاتر وردوزانستی بێت،بۆ ئەوەی لە سکێچە ئەبستراکتەکەیەوە دەربچێت،دەکرێت لە زانستە مرۆییوکۆمەلآیەتییەکانەوە نزیك بێت وەك زانستەکانی زمانوئەنترۆپۆلۆژیاوئابوریناسیو سۆسیۆلۆژیاوسایکۆلۆژیاو شیکردنەوەی دەروونی، هەموو ئەو بۆچونوئاراستانەی هابرماس بوونە هۆی ئەوەی کە لە قوتابخانەی فرانکفۆرت نزیك بێتەوە، هەمان ئەو بۆچونانە بوون کە فرانکفۆرتییەکان هەیانبوو ، هابرماس دەیەویست فەلسەفە لە بورجی عاجی خۆی دەرچێ بەرەو ژیانی واقیعییەتوئەرکە سیاسییەکانی مرۆڤوکۆمەل، بۆیە پیێ وابوو ئەركونرخی فەلسەفە چییە ئەگەر بێتوو خەلك لێیەوە سودمەند نەبێت ونەبێت بەهۆی چاکرکردنی بارودۆخی ئەوان ؟!

لەسالی ١٩٥٦دا هابرماس لەزانکۆی فرانکفۆرت بوو بە جێگری ئەدۆرنۆ لەساڵی ١٩٦٢ دا تێزەکەی خۆی دەربارەی"فەزای گشی "خستە روو ،هابرماس کەسێکی یەکجار رەخنەیی بوو بگرە مارکسیستێکی رەخنەیی بوو،بەلاَم لەدوایيدا کەمتر وەك چەپێك خۆی نیشانداو دوورکەوتەوە لە مارکسیزم بەبێ ئەوەی دەستبەرداری لایەنە پۆزەتیڤەکانی مارکسیزم بێت وەك زۆربەیان لەم کاتەدا وایانکرد، دواتر کێبەکەی "تیۆری عەقلانی...." بلاَو کردەوە کە تیایدا تیۆرێکی نوێ دەداتە عەقلانییەتی خۆرئاوا، بەلاَم ئەوەی پەیوەستە بە هێربەرت مارکیۆز دەشێت بڵێین کە زۆرینەی نوێنەرانی قوابخانەی فرانکفۆرت بە دوای جیهانێکی چاکترو کۆمەلگایەکی یەکسانودادپەروەر بوون، هەلۆێستی مارکیۆزیش زیاتر رەخنەیی بوون لە بەرامبەر سەرمایەداریدا،هەروەها لەلایەنی هزرییەوە لە نێو هێڵی هەلکردووی هیگلو





مارکسدا بینییەوە، بەلاَم وەك زۆربەی رووناکبیرانی ئەو کاتەی ئەوروپا نەکەوتە داوی کۆمۆنیستی بەلکو وەك مارکسیستێکی رەخنەیی مایەوە ، لە راستیدا بەدوای هێلی سێیەمدا دەگەڕا کە کەسانی وەك ژان پۆل سارتەر نوێنەرایەتی دەکرد دەتوانین بلّێین کە مارکیۆز بە هیچ کام لە سەرمایەداریی کۆمۆنیستی سەرسام نەبوو هەروەها لە هەندێ قۆناخدا یاخود لە شەستەکانو حەفتاکاندا فەلسەفەی مارکیۆز بوو بوو بە ئینجیلی لاوانی پێشکەوتووخوازی ئەوروپا لەو کاتەی کتێبەکەی "مرۆڤی خاوەن تاك رەهەند" لەساڵی ١٩٦٤ دا کەوتە بازاڕو رووداوێکی فەلسەفی نایابی هێنابووە ئاراوە ئیدانەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمو لێکدانەوە زاڵەکەی بەسەر جیهانی ئەنگلۆساکسۆنی دەکرد کە خۆیان لە فەلسەفەی کۆنزەرڤاتتیزمدا دەبینییەوە بە هیچ شێوەیەك لەگەلّ گۆڕانی واقیعی زاڵی سەرمایەداریی نەبوون. هەر لەبەر ئەمەش بوو مارکیۆز داوای بەرپاکردنی شۆڕشی هزریی لە خۆرئاوا دەکرد ، شۆڕشێك بێت لە وێنا کردنی سەرکوتکەرییو تەکنەلۆژی عەقلەوە بۆ وێنا کردنی ئازادیخوازی مرۆیی بمانگۆڕێت ، عەقلانییەتی خۆرئاوا لەگەلّ تێپەڕبوونی کاتدا گۆڕا بۆ عەقلانییەتێکی وشك ، بوو بە بابەتێك کە زیاد لە پێویس عەقلییەتی حیسابییو پراگماتیو هیچ شتێك بەلای ئەوەوە گرنگ نییە جگە لە سودوقازانجوچێژیی هەستی بە کورتی مرۆڤ بوو بە ئەبسراکتێکی تاك رەهەند ، رەهەندەکەی تری فەرامۆشکرا، لێرەوە ترادژیدیای خۆرئاواوقەیرانە شارستانییەتەکەی دەردەکەوێت.

سەرچاوەك:

**Rethinking of the frankfurt school**
**Jeffry T Nealon and Caren Irr**
**University of New York, press- 2002 , p.277**
**www.albayan.com**

# دارمانی ئارکیۆلۆژیا
# رەخنە لە بۆچوونەکانی ئارگۆن

ن، عەلی حەرب

ئـارگۆن هەمیشـەو بەبـەردەوام ئـەوە رادەگەیەنێـت کـە ئـەو هـەموو کـاتێ لـە لێکۆلینەوەکانـیدا نوێترین چـەکی هزریی‌وکاریگەرترینیان بەکاردێنێت،یەکەم لەبــەر ئــەوەی بەتــەنها پــش نابەســتێت بەمیــتۆدێك بــەلکۆ ســراتیژێکی میـتۆدیی"فـرە لایەنـە"تەبـەنی دەکا،بەسـود وەرگـرتن لەسـەرجەم دەسـهاتە مەعریفیــیەکانی لــەم دوایــیانەدا بەدەســهاتوون، ئــەو ماوەیــەی کــە فەلسەفەوزانستەکانی مـرۆڤ بازدانێکـیان(طفـرة)بـەخۆوە بـینی‌وبوو بـەهۆی گۆڕانـی نەخشـەی هـزرو رۆئـیا لەبەرامـبەر جـیهاندا،ئەویش ئەوەیـە کـە بـە شـێوەیەکی تایـبەت پشـت بـە میتۆدییەتی ئارکیۆلۆژیا دەبەستی، بێگومان ئەم مـیتۆدەش جیاوازیـیەکی پـێوانەیی لەگـەڵ خۆیـدا هێـنا ئـاراوە ،بـۆ نموونە لە میتۆدیـیەی ئەپسـتمۆلۆژیای باشـلاریدا کـە محەمـەد عـابد الجابـری پشـتی پێدەبەستێ، بەرهـەمی مەعریفـیی لەسـەر بنچـینەی دابـڕانی یەکلاکـەرەوەی نــێوان هەلــەوماف یــاخود لەنــێوان زانســتی‌وخورافیی‌یان ماقول‌ونــا مـاقولدایە،بـەلاًم لـە میـتۆدی ئەرکـیۆلۆژیا دا ئـەو ئاسـتە بەرەوگەڕان بە دوای





میکانـیزمەکانی گوتـار لـە پێکهێنانی مانا یان کەم‌وکورییەکانی بەرهەمهێنانی حەقـیقەتدا بـە پـێی میـتۆدی جابـری چـەپکێکە لـە سیسـتمە مەعریفـیـیە عەقلانیـیەکان‌و ئـەوانی تـریش نـا عـەقلانی...بەشێك لە گوتارەکان بە ماقول ناودەبـرێ ئـەوانی تـریش بەدەر لە ماقولییەت، چەپکێك لە گروهورێڕەوەکان نوێـنەرایەتی عەقـلخوازان دەکـەن، ئەوانی دیش نەقلخوازوناعەقلانین ،لێرەوە جابـری سـۆفیگەران دەخاتـە خانەی‌ئەفسانەوبابەتی لەم شێوەیەی ناماقول لە میـتۆدی ئارکـیۆلۆژیادا کـە ئـارگۆن پێـیەوە سـەرقالە کاروبارەکـان جـیاوازانە دەکەونـەوە، هـەر لـێرەدا دەکـرێ سوننەوشـیعە وەك یـەك دابـنرێن لەکاتـێکدا شـیکردنەوەی ئارکـیۆلۆژی ئـانی هـەردوو گـروهـ لەیـەکتر جـیادەکاتەوە وێـرای بوونـی دژە بۆچـونی عەقیدوفـیکریی‌لە نێوانیاندا ،لەگەڵ ئەمەشدا هەردوو لا لـە گوتارەکانـیاندا هـەمان پرەنسیپ‌ورێسا‌ومیکانیزمەکان بـەکار دەهێنن ،بەو مانایـەی کـە ئـێمە یـەك سیسـمی مەعریفـیی لـەلای هـەردوو لادا دەبیـنین بەهــەمان شــێوە هــەمان عەقلییەتی‌دۆگمایی‌وچــەمکی یەکلایەنــەیان بــۆ حەقـیقەت‌وهەمان سـتراتیژیای رەتکـردنەوە هەیـە ،کـە هەریەکـە لەبەرامـبەر ئـەویتر دا بـەکاری دەهێنێـت ئەمـە تایبەتمەندێـتی میـتۆدی ئەرکـیۆلۆژیایە، بۆیــە ئــەم میــتۆدە ئاســۆی نــوێ لەبــەردەم بیرکردنەوەوپێشــکەونی ئامرازەکانی‌ێگەیشـتن دەکاتەوە،کـە خوێـندنەوەیەك دەداتـە دەقـەکان پێشـتر بۆیــان نەکــرابێ ، لەگــەڵ ئەمەشــدا ئــارگۆن لــە کۆتــایی‌دا چــاودێری ئارکـیۆلۆژیاکەی ناکـات، ئـەو دەقەکان بە چاوی ئارکیۆلۆژیاکەی دەخوێنێتەوە بـەلاًم هـەندێ دەقـی تـر بـە چاوی ئەپستمۆلۆژیا، لەم رووەوە خوێندنەوەکەی بـۆ کولـتوورو سـۆفیزم ئەوەیـە کـە ئـەو دێ ئـەو کولـتوورە لەبازنـەی عـەقل‌و

بەفەلسەفە بوون دوور دەخاتەوە،کە ئارگۆن وەك رەخنەگرێکی عەقل و تایبەتمەندێکی یەکلاکەرەوەی عەقڵ وپێچەوانەکەیەتی لەسەر شێوازی( دیکارت) ،بەو پێیەی کە عەقڵ پیچەوانەی نا عەقڵە ،ئەمەش ئەوەیە کە رەخنەی هاوچەرخ دانی پێدا نانێ وپێی وایە کەهیچ گوتارێك بێ ستراتیژیایەکی دیار یان شاراوە نییەوهیچ دەقێکیش بەبێ فۆرمێك لە فۆرمەکانی عەقلانییەت نییە،بەدەر لەمە هەرچی بێ نا عەقلانیی دەکەوێتەوە، لەمەوە من بۆ نموونە ئەوەی( ئیبن عەرەبی ) دەربارەی گوتارەکەی دەیڵێ وەرناگرم، بۆیە دەقی ناماقوڵ خۆی لە خۆیدا لەکاتی کۆلین وتوێژینەوە لەسەر عەقلانییەتی بەرفراواندا بونیادوپێکهاتە مەفهومییەکانی ئاشکرا دەبن، هەروەها ئەگەر (سەدرەدینی شیرازی) وەك نموونەیەکی تر وەربگرین ئەوا دەبینین لە گوتارەکانیدا جۆرەها عەقلانییەتی جیاوازوشیاو و رۆشناوعیرفانی لەنێویدا تواوەتەوە ، ئایا ئێمە لە بازنەی فەلسەفییدا دووری بخەینەوە، لەمەدا من پێموایە ئارگۆن کتێبە ناودارەکە شیرازیی (حیکمەت ترانسێندێنتال)ی نەخوێندۆتەوە، دەزانم ئەو رەخنە لەم گوتەیەی من دەگرێ وەك ئەوە کە پێگەی فەلسەفیی جیاوازە لەگەڵ پێگەی سۆفیزم،بەو پێیەی کە پێگەیەکی رەخنەییومەرجێکی عەقلانییە. بەڵام عەقڵ چییەوعەقلانییەت چی..؟ کێ بیر دەکاتەوەوعاقڵ دەبێ ویاسارێژیی دەکات..؟ئایا پێگەی عەقلانیی جۆرێکە لە وەهمی گەیەنراوولەگەل عەقل وواقیعدا دەگونجێ..؟ ئێمە ئەمرۆکە دەزانین کە قسەکرن لەسەر خودێکی عاقل کە بتوانێت جیهان وێنا بکاتوبەسەریدا زاڵ بێت،جێگەی مەسەلەورەخنەیە،ئێستایش بیر لەم گوتەیە دەکەمەوە کە





راستەوخۆ نییە لە کتوپڕیی، ئەوەتا فەیلەسوفێکی وەکو ( فۆکۆ) پێی وایە بیرکردنەوە لە کردارێك وەك هەلدانی نەردێك وایە،لە راستییدا مرۆڤ پرسیار دەکات، کێ بیر لە کۆتایی دەکاتەوە..؟یان بە مانایەکی وردتر ئەو شتەی کە بیر دەکاتەوە چییە..؟ دەشێ فەلسەفە دەرگا کردنەوە بێ لە جیهان،خوێندنەوەی ئەزموونەکان، رەنگە ئەزمونەکان شاراوەوعیرفانیی بن ،ئەمە گرنگ نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە دارشتن وراگەیەنراوێکی واتا دارە کە بتوانێ پەیوەندیی بوون وحەقیقەت بدۆزێتەوە، ئەو پێگەیەی ئێمە رایدەگەیەنین گرنگ نییە، بەلکو گرنگ توانای ئێمەیە بۆ داهێنان وئەفراندن، بۆیە دەپرسین چیین ئەو چەمکانەی ئارگۆن دەیانخولقێنێ..؟ هەروەها ئەو کێلگەوزەمینانە چیین کە ئەو بە رووی خوێندنەوەی هزریی ئیسلامییدا دەیانکاتەوە....

سەرچاوە :

سایتی ئەلبەیان

# هزری مۆنۆپۆلکردنی تاك

دۆزینەوەی ناسنامەو رۆلی ئاکتیڤانە تاك هاوشانە لەگەڵ رەخساندن بواری بەرفراوان لەلایەن فەزای زاڵ بەسەر تاکدا ،کە کۆمەڵگایە، جا ئەگەر هەر کاتێك لە هاوکێشەیەدا لاسەنگییەك هاتە ئاراوە ، ئەوا دەبێ چاوەڕوان کارەساتێ بکەین لەنێو کۆمەڵدا رەگ دا بکوتێ، هەر وەك چۆن خودی رابردووی مرۆڤایەتی شایەتی ئەم شێوە حالەتەیە، ئێمە بێگومانین لەوەی کە تاك لەهەر کۆمەڵێکدا پێویستی بە پاراستنی تاکێتی خۆی هەیە، لە رێگەی زەرووترین ئامرازی خودناسین کە بیرکردنەوەیە بۆیە ئەگەر بیرکردنەوە وەك مافێکی سروشتی درایە دەست تاك خۆی ،ئەو کاتە ئۆتۆماتیکییانە لە ناخیدا پرۆسەیەك سەرهەڵدەدات کە رەخنەیە ،رەخنەش وەك رەگەزێکی زەروور ،بناخەی دروستبوونی هەر فەزایەکی دڵنیاییە ،لەسەر حسابی هێنانە ئارای یەکسانی تاکەکان لەبەرامبەر یاساودامودەزگاکاندا ، هەر لەبەر ئەمەشە بەردەوام تەگەرەی دێتە پێشو رێگەی پێنادرێ لە کاتێکدا خودی رەخنەو بەر پەرچدانەوەی تاك بەرامبەر بە دەسەلاتوکۆمەڵگا، مافێکی راستەقینەولۆژیکییە..





دیارە ئێستا لەسەر ئاستی دونیادا دەسەلاتی جیاجیا هەن بەئاشکراولەبەر چاوی دونیا خۆیدا، دەستیان لە شێواندنی ئەمنییەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیوسیما جوانەکەیدا هەیەولەدوای خۆیدا دیمەنی جیاجیای سەقەت دەبەخشێتە کۆمەلگاو لە هەمانکاتیشدا رەخنەشی قەبول نییەولەهەوڵ کۆکردنەوەی ئیمزای پشتگریی دایە لە نێو خۆو لەدەرەوەی خۆیدا ،لەوەش ماڵوێرانتر، لافی هەموو ئازادییەكودیموکراسیبوون خۆیشی لێدەدات ئەمە لەبەرچاوی جیهانوسیستمە نوێکەیو تەنانەت هەندێ جار پشتگیریی ئەوانیش لەگەڵ ئەم جۆرە دەسەلاتانە دایە، ئێمە دەزانین کە لە سیستمە ئایینیوسیاسییەکاندا،هەمیشە تاك کەسێکی مۆنۆپۆلکراوە، بەو مانایەی کە مافی گوێگرتن زیاترە لە قسەکردن کە دواتر ناتوانێ کەسێکی بیرکەرەوە بێوفاکتەرێکی گرنگیش دەبێ لە بێبەشبوونیتاك لە سیستماك بوونیدا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەوێنی کارەساتی کۆمەڵگایە. قسەکردن لە ناو ئەو هەرایەی کە لەسەرەوە لێی دواین، قسەکردنە لەسەر راهاتن لە قوربانیدان ، هەرلە کوشتنی مافە سەرەتاییەکانەوە بگرە تا دەگاتە دابڕانی تەواوی جەستە لە پێویستییە رۆحیەکانی کە بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤن.

لەبەر ئەوەی ئێمە لەبەرامبەر مێژوویەکدا مامەڵە لەگەڵ ژیان دەکەین،پڕە لە هەڵبەزودابەزی مرۆڤ خۆیو دەکرێ لە هەر پێنگاڤێکدا راستییەکانی ئەو دیو ببینین، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەمیشە کەسێکی تواوەی نێو زەمەنەکان بووە ،دەکرێ خۆی توانستی بەراوردکاری هەبێت ،بە شێوەیەك بتوانێ میتۆدورێچکەکانی خۆی بخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانیوخۆیو ئایندە بکاتە ترۆپکی مەبەستەکانیولەوێوە سەرەتاترین هەناسە هەڵمژێ. تا

ئێستا مرۆڤ لە زۆر شوێنی جیاجیای جیهاندا وەك بینەرە تەلەفزیۆنیەکەی (بۆدریار) وایە کە بە کەسێکی مۆنۆپۆلکراوی داوەتە قەڵەم ئێستایش لەگەڵ زیادبوونو فراوانبوونی ئەو گۆڕەپانانەی تیایدا راستییەکانی تیا بە پەنهانی دەمێننەوە هەرچی مەبەستێکیش ئەگەر هەبێت دونیایەك فەنا بوونی دێتە پاڵ، بەلاّم فراوانبینی مرۆڤ لە بەرامبەر کێشەکاندا هیوای دوارۆژێکی پڕشنگدارە ، ئەگەر مرۆڤی خۆرهەلاّت وەك نموونە بهێنینەوە، کە هەست بە داخراوی ئەو زیاتر دەکرێت وەك لە مرۆڤی خۆرئاوا، دەبێ فاکتەری سەرەکی ئەو داخراوییە بدەینە پال قۆناخی درێژخایەنی کۆلۆنیالیەتی دوای رێنیسانس، بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا سستی گەشەسەندنی دیموکراسیو زاڵبوونی ئایینی ئایدیۆلۆژیی، فاکتەری کاریگەر بوون لە سەندنەوەی جورئەتو نەهێشتنی چوونە ژێر ساباتی عەقل،بۆیە حالیبوون لەم مەسەلەیە، دیمەنی جیا جیا دەداتە کەسی لێکۆلەرو رەنگە لەیەکتر جیابن، هەروەها ئەو شێوە ئیلتیزامەی مرۆڤ بەرامبەر بەپیرۆزکراوەکان کە خۆ لە خۆیدا بەربەستێکی گەورە کرانەوەیەوگەورەترین رەنگدانەوە لەسەر هزری مرۆڤدا جێدەهێلێت، ئەگەرچی زۆرینە خوێندنەوەکان ئێستا پێشبینی لاوازبوونی ئەم هەستە دەکەن لە داهاتوودا ، بەلاّم هەر ناکاتە مانا ئەوەی ئێمە دڵنیا بین لە ئاسۆ نادیارەکان. لێرەدا ناکرێ دەسەلاّت بەدەرنێین لە وەها بارودۆخێکی شێواودا،مەنتیقیش نییە باسی لێوە نەکەین کە ئەم بوونەوەرە لە کۆمەڵگا نا دیموکراتەکاندا گەورەترین وئاشکرارین بەربەستی کرانەوەی خستۆتە بەردەم مرۆڤ لە رێگەیبەسەقەتی بەکارهێنانی مرۆڤ کاتێك لە ئاراستەکردنی تاکەکانیدا لە نێو بازنەی غیابی عەقڵدا دەخولێتەوە،بێگومان لەم





مەملەکەتانەی من باسم لێوەکرد مەبەستم بەشێك لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەلاّتە نەك تەواوی خۆرهەلاّت.

هەڵبەتە هەموو ئەم حالەتانە ئاسەواری نێگەتیف لەدوا خۆیاندا جێدەهێلنوپرسیارگەلێکیش دەخاتە نێو ناخ هەموو لایەك ، وەلاّمەکانیش هەندێ جار ئەوپەڕی سەغلەتی لەدوای خۆیاندا جێدەهێڵن، دواتر بەبەردەوامی ئەو دیاردانە،دیمەنێکی ئاڵۆز لە هزرماندا وێنا دەکات کە زاڵبوو ن بەسەریدا وا بە ئاسانی مەحاڵ دەبێ ئەگەر بە باس لێوە کردنیشی رابگەین، دیارترین رەنگدانەوەی ئەم شێوە حالەتە لەو مەفتەنە جەحیمانەدا ،سەرهەلدانوبەردەوامبوونی دیاردەی تیرۆرە، کە بۆ دواجار هەموومانی پێوە خەریك کرد ، لەحەقیقەتدا تیرۆری ئەمڕۆ خەباتە لە پێناو مۆنۆپۆلکردنی مرۆڤ،ئەوەی پێی وایە هەولە بۆ تۆلەسەندنەوە دەبێ دڵنیا بێ کە لە نێو بازنەی هەڵەیەکی مێژوویدا دەخولێتەوە، ئێمە دەبینین کە تیرۆری ئەمڕۆ لە تەواوی جیهاندا رەتدەکرێتەوە تەنانەت لای ئەو ولاّتانەیش کە پێشر پاڵپشتوهاوسۆزی ئەو کۆمەڵورێکخراوانە بوون کە گوتارەکەیان خۆی لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی خوێناویدا دەبینییەوە،لەراستیدا گریمانەکان بەتەنها دەتوانن لەم بیرۆکەیە شوێنگەی خۆیان بکەنەوەوببنە حەقیقەتێك کە دان بەوەدا بنێ مرۆڤایەتی لە غیابی کۆمەلگای دەستوریدا هەمیشە ئاسەواری سەلبی وا لەدوای خۆیدا جێدەهێلێت، ئایا دەسەلاّت بەتەنها دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر گرفتەکانی کۆمەڵ یان پێویستی بەهەماهەنگی نێوان خۆیوتاکەکانی هەیە ؟ئایا تاکیش لەم پرۆسەیەی دواکەوتنی خۆیدا دەستی نییە؟یان چی بکرێت بۆ ئەوەی دیالۆگی نێوان تاكودەسەلاّت ،لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانداگەرمتر بکرێت، بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا دەمەوێ بڵێم کە پرسیارەکانی من ،مانای بێبەریبوونی دەسەلاّت ناگەیەنێت بەڵکو من پێموایە هەردوو لا دەستیان لەکوشتنی ئازادی خود هەیە ، یان هەولەکانی رێگە خۆشکردنی گۆڕان ا ئێستا نەبوون بە تەوژمێك کە بە ئاسانی پەل بهاوێت لە هەردوو لاوە، بۆ زانین قەیرانەکانی جیهان راستی ناتەبایی

دەسەلاتوتاکەکانمان بۆ دەسەلمێنێت کە مێژوو هەمیشە سوورە بە ئازادیوخوێنە تالەکەی،مێژوو دواجار خۆیشی بە شەهیدی هاتەوە بەردەمی مرۆڤ بەلام لەو گۆڕانانەدا کە بەڕێوەن مێژوو دەبێتە حەقیقەتێکی نوێ لەهەمانکاتدا دەرگایەکیش دەبێ بۆ چوونە نێو راستییەکانی تری ئایندە... بێگومان رێگریی لەبەردەم هاتنە ئاراوبلاوبوونەوەی ئازادییەکان، جارێ هەولی بە مۆنۆپۆلکردنی مرۆڤنولەلایەن کەسانێکەوە پشتگیریی دەکرێت کە بۆ خۆیان غەرقی دەریای دیلێتی بوون،کەسانێکن هیچ بەهایەك لەگەڵ گۆڕان کۆیان ناکاتەوە،جگە لەوەی کە خەباتیان لەپێناو بەدیلکردنی خۆیانە، لەو نێوانەشدا کەسانێك زەرەرمەند دەبن، تا دەگەنە ئامانجی پێکاو، کە لەهەموو هەوڵێکدا بیەوێ یا نەیەوێ سەرپشكوبەشدارە. لێرەدا سیمای جوانیی کۆمەلگای مرۆڤایەتی ئەو کاتە بوونی خۆی دەسەلمێنێ کە لەم رێگایەدا بەهەولی نوێوە رووبەڕوی ببینەوەوبمانباتە بەردەم رێگایەکی تری تێڕامان ،رەنگە بۆ خودی مرۆڤ نەنگی بێت کەنەتوانێ خۆی لەقەرەی دۆزینەوەی دەرگاکانی گۆڕان بدات بەلام لەسەرووی ئەمەشدا ،لەم بارودۆخەی پێشکەوتنەکان،دیلێتی خۆی پێ قەبوڵناکرێت ئەگەر نەشتوانێ واقیعی دەسەلاتی سەرکوتکەر بگۆڕێت بۆیە دەنگدانەوەی مرۆڤ لەبەرامبەر دیلیی کە بووە بە هەرایەکی ئینتەرناسیۆنالی،راستەوخۆ پێشکەوتنی سەرکەوتوویی پرۆسەی شارەزایی مرۆڤ دەردەخات کە خۆی لە خۆیدا هیوایەکی نوێوشایستەیە بۆ داهاتووی مرۆڤ،چونکە راستییەکەی زۆربوونی کێشەکانی دونیا پەیوەستن بەم مەسەلەیەوە ئەوەتا خەریکە قەناعەت بۆ تەواوی دنیا دروستدەبێت کە هەمیشەوبەبەردەوام ولەهەموو بارودۆخێکدا،بەتەنها مرۆڤ دەبێتەخۆراكو سووتەمەنی قەیرانەکان،دەسەلاتی سەرکوتکەریش ئێسا وەك مۆدێلێکی سیاسیی نوێ خەریکە بە خۆیدا بچێتەوەولە پێناو مانەوەی خۆیدا بە حیساب ،لەسەر لێواری دەستبەرداریی توندوتیژییە....





# مەرجی پلورالیزمی رۆشنبیریی لە بونیاتنانی کۆمەڵی مەدەنیدا

پلۆرالیزمی رۆشنبیری وەك خالێکی سەرەکی فۆرمێکی شیاو بۆبون بە تاکە ئالتەر ناتیڤێکی گۆڕانی بونیادی کۆمەل لەسەر حیسابی تۆتالیتاریزمدا ، دەکرێ خۆی لەقالبی پرۆسەیەکی گەورە و فراوانی رەخنەییدا ببینێتەوە .لێرەدا بەتەنیا پێناسەیەك بەس نییە بۆئەم چەمکە شیاوە کەشایستە ترین ئامرازی بونیات نانی کۆمەلگەی مەدەنیە.بەلکو لەهەمبەر هەر بوارێکی جیاجیای فکرو فەلسەفەدا دەتوانێ خۆی بە ماسکێك نیشان بدات لەگەل خۆیدا سیفاتی پۆزەتیڤانە هەلدەگرێ.بەمەش ئەرکی ئێمە بۆ لێکۆلینەوە لەم چەمکە کاریگەرە بەبێ گومان قورس تر دەکات ،بۆئەوەی زۆر دوور
نەڕۆین پێویستە ئاماژەیەکی کورتی مێژوویی دەربارەی ئەم چەمکە بدەین لەدوای سەرهەلدانی ڕۆشنگەری وەك بزوتنەوەیەکی تەکاندەر هاتە ناو بازاڕی بایەخ پێدان،دیارە کەرۆشەنگەری هەر لەسەرەتاوە تەواو دژایەتی خۆی ڕاگەیاند بوو لە بەرامبەر تۆتالیتاریزمدا بەلام لێرەدا ماوە ڕێگەی ئەوەمان پێ نادات.
بێگومان بەتێبینی کردنی مێژوو بۆمان دەردەکەوێت هیچ چەمکێکی خۆی دەخزاندە نێو کایەکانی مەعریفە بێ بەرهەڵستکاری تێپەری نەکردوە.هەر ئەم هۆیەش بووە لەدوای خۆیدا چەندین تەوەروگفتو گۆو لێکدانەوەی جێهێشتووە کەدواجار بەنوێترینو
شیاوترین تەئویل هاتۆتە بەردەستی ئێمە ،نەخاسمە ئەم چەمکە دژوارەی بەدیدی تۆتالیتاریزم.

لەبەر ئەوەی یەکەمین هەنگاوی پلورالیزمی رۆشنبیری لەهەر کۆمەلگایەکدا پەیوەست بووە بە گۆڕینی سیمای ئایدۆلۆژیانە .کێشەی ئایدۆ لۆژیاو پلورالیزمیش کێشەیەك بووە تەواو پێچەوانەی یەکدی بوون.

(سپینۆزا) پێیوابو ژیان بەپلورالیزم وفرەیی بنیات دەنرێ،پلورالیزم رۆشنبیریش ئەوکاتە دێتە دی کە وەك خۆی پرۆسەیەکی رەخنەگرانەی گەورەو فراوان بێت.نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە ئەو ململانێیەی تۆتالیتاریزمی رۆشنبیری وپلورالیزمی رۆشنبیریی لەزۆر لاوە هەولی نەهێشتنی بۆدەدرا لەرێگەی هێنانە ئارای چەمکی نوێی وەك رۆشنبیریی نیشتیمانی کەبەناو هەلگری سیمایەکی دیموکراسیانەبوو ،لەگەل ئەمەشدا نەتوانرا سەرو سیمای پلورالیزمی رۆشنبیریی تۆزقالێك بشێوێنرێ.

هەلبەتە ئێمە پێشترلەهەر هەنگاوێکی بەمەدەنیبونی کۆمەلگادا دەبێت پێ لەسەر چەند خالێکی سەرەکی دابگرین وەك کۆمەلگەیەك تا دە کەوێتە سەر پێ ، لەبەر ئەوەی چەمکی پلورا لیزم بە گشتی وەك خالێکی هەرە گرنگی نێو خالەکان دێتە بەرچاو و زوو بوو بە دیفاکتۆیەك کەخۆی وەها لێکرد لەوەوە لە هەموو شتێك رامێنین بە پێوەری ئەویش ، بەهاو نۆرمەکانی دەورو بەر بپێوین. حەتمەن لەیەکێ لە خالە کانیشدا دەبێ هەلوەستەیەك بکەین لەگەلْ مۆدێرنە کە لەخۆرئاوادا داهێنانێکی کاریگەری دژی هەمو ئایدۆلۆژیایەك داهێنا ، هەر لە مەشەوە ناتەبایی وناکۆکی دیاری پلورالیزمو ئایدۆلۆژیاش خەستتر بوو، بەمشێوەیە کۆمەلگای مەدەنی سەرەتاترین پێناسەی لەخۆوە گرت کەکۆمەلگای ئازادی و فرەییە و هەمیشە لەهەولی دروستکردنی جیاوازی دایە. بێگومان رێکخستنی ئەم هزرە جۆرێك لە هارمۆنیای نێوان کۆمەلگاو ئایدۆ لۆژیای پێویستە ،هارمۆنیایەك لەسەر بنچینەی قەبولکردنی بەرامبەر یا بە دیوەکەی دیکە رەتکردنەوەی بەرامبەر بێت.





ئینجا لەوێوە دەکرێ گەڕای سەرهەلدانی گۆڕان ،فرە هەندی، جیاوازی و دیموکراسی دابنرێت و لە کەنارەکانی ئاسودەیی نێومالی مەدەنییەت نزیك ببینەوە .هەرچەندە پێرسپێکتڤی جیاواز لەمیانەی شرۆڤەو ئەنالسیسی چەمك وبەهاکانی کاریگەرن لە پێکهێنانی ئەو پرۆژەیەدا سەرهەلدەدەن، رەنگە ئیشکالییەتی نائاسایی ببنە رێگر بەلاّم ئەو کات بەتەنها روناکبیران یاخود دارێژەرانی پالْ ئەم مەبەستە گەورەیە بەرپرس نابن، بەلکو تەواوی دامودەزگاودامەزراوە جیا جیاکانی ناو کۆمەلْبە ئامرازەکانییانەوە دەبنە بەرپرسی سەرەکی سەرهەلدانی ئەم گیروگرفتانە کەوا چارەسەرکردنیان لە ئەستۆی هەمووواندا دەبێ، دیوێکی دیکەی هەلْوەشاندنەوەی تۆتالیتاریزم کە مەرجی سەرەکی رابەرانی رۆشنگەریی بوو، دەرخستنی راستتییەکانی جموجۆلی دەسەلاّتە بە مانایەك کە دەسەلاّت دەداتە هەر کەسێکی دەرەوەی دەسەلات پەنجەی رەخنەی خۆی ئازادانە ئاراستەی دەسەلاّت بکات، دواجار پرۆسەکە دەکەوێنە نێوان دوو ئەگەر ، ئەگەری قەبولکردنوئەگەری رەتکردنەوە لەلایەن دەسەلاّتەوە لە هەریەکێ لەم دوو ئەگەرانەدا خوێندنەوەوتەفسیری تایبەتوجیا لە دایك دەبێ کە شێوەیەك لە گۆڕینەوەی بیرورای پێویست دەبێ ..بێگومان لە دەرەنجامی هەردوو حالّەتیشدا دوو ناو دێنە ئاراوە کە پڕ بە پێستی وەلاّمدانەوەکە دەبن ئەوساش دەسەلاّتەکە ناتوانێ بوونیخۆی وەك دەسەلاّتێکی نا تۆتالیتار بسەلمێنێ ئەگەر هانا وەبەر پلورالیزم نەبات...

سەرچاوەکان

- قراه فی الفکر الاوروبی الحدیپ، هاشم صالح،١٩٩٤
٢-اشکالیه مفهوم مجتمع المدنی ، کریم ابو حلاوه
٣- ئایینوعەلمانییەتوکۆمەلگای مەدەنی، محەمەد ئارگۆن، و،نەوزاد ئەحمەد
٤- دەنگوسێبەر، کۆمەلّە وتار، و، ئازاد سوبحی

# ئایینوناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی نا (تیۆریی)

مێژوو پێمان دەڵێ کە ئایین تاکو ئێستاکە کاریگەرترین چەمك بووە رلستەوخۆ کاری کردۆتە سەر مرۆڤو ئاکارەکانیوبەشێکی زۆری ناخی داگیر کردووە،بەو پێیەش هەمووساتەکانی ژیانی مرۆڤ شایەنی مقۆ مقۆوگفتوگۆ کردنە . لێرەدادەپرسین کە ئایادوای ئەومێژووە درێژە مرۆڤایەتی بۆی کراوە بگاتە خالی یەقینویەکلاکەرەوە؟ئەگەرچی ئەم پرسیارە نوێ نییە بەلکو رەگی دەگەرێتەوە بۆ چەندین سەدە بەرلەئێستا وەکو پرسیارێکی فەلسەفی .یەکێك لەو پرۆسە گرنگانەی شایستەی هەڵوەستە کردنە ،دەرخستنی راستی پەیوەندییەکانی ئایینوناسیۆنالیزمە وەکو تیۆر،لەبەر ئەوەی ئێمە لە رێگەی رۆچوونە نێو کایەکانی مەعریفەدا هەمیشە دووچاری هەلەی زەقی وەها دەبینەوە کە پێیوایە ئایین هەرلەسەرەتاوە بەرگێکی ناسیۆنالیزمی پێوە بووە،لەکاتێکدا ناسیۆنالیزم لەراستیدا دەکەوێتە پاڵ تیۆرەکانی مۆدێرنیزم ،ئەم کوفرە مەعریفیە دەرئەنجامی زاڵبونی (تاك زمانی)یە بەسەر تێکستە ئایینیە کان ،کەدواجار دەبێتە گومانێکی لێکدانەوە هەلگر،ئەگەرچی زۆرینەی خوێندنەوەکان لەکۆنەوە جەخت لەسەر نەبونی پەیوەندی وا لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا هەر لەبیرکردنەوەی فەندەمێنستالیستەکانەوە بگرە تادەگاتە ریفۆرمخوازە ئایینیەکان،کەبەشێکی سەرەکی هەوادارانی ئایین دەگرنەوە .ئەگەر ئایینی ئیسلام وەك نمونە بهێنینەوە کە گەورەترین گومانی ئەم بۆچونەی لەسەرە دەبی لاپەرکانی مێژوو هەڵدەینەوە،مێژوویەك تەمەنی





زیاد لە(١٤٠٠) سالەو ئێمە ناتوانین بە تەنیا دەقێکی نێوان ئەم ئایینە ببینین جارێ بیری ناسیۆنالیزمی دابێ.

ئەو رایەی پێی وایەئایینی ئیسلام وەکو تیۆرو پرۆگرام هەستێکی ناسیۆ نالیزمی بەسەرەوە زالە کە لە راستیدا رای خودی ناسیۆنالیستەکانەوهەندێ جاربۆتە دیاردەو گوومانیش لە نادروستی ئەم رایە نییە،دیارە کە ئەم هەلەیە لەمە سەرچاوەی گرتووەکە قورئان بەزمانی عەرەبیوپێغەمبەروخەلیفەکان عەرەبوشوێنە پیرۆزەکانی ئەم ئایینە لەناو خاکی عەرەب دان.

لەراستیدا من گومان کردن لەو مەسەلەیە بە هەڵە نابینم بەقەد ئەوەی حوکمدانی رەهاو بێ بەلگە بە هەڵە دەبینم ،چونکە هیچ ئاماژەیەك لەئایینەوە نییە زمانەکانی تری ناعەرەب بخاتە پەراوێزەوە،بەڵکو لەحەقیقەتداجەوهەری ئایین ،پەیوەندییەکانی لەسەربنەمایەکی عەقیدەیی دەبەستێتەوەورێگریش بووە لەو بۆچون و رایەی ئاینی ئیسلام بەتەنیا بخاتە خزمەت نەتەوەکەی خۆی.

ئەگەر دان بەوەدابنێین کەئایینی ئیسلام هەر لەسەرەتاوە مەبەستێکی نەتەوەیی لەپاڵ بووە دەبێ دانیش بەوەدابنێین کەبیری ناسیۆنالیزم لەگەل هاتنەکایەی ئەم ئایینەدا هاتۆتە بوون لەکاتێکدا ئەم بیرە لەهەموو دونیادا بوونی نەبووە تاسەرهەڵدانی رێنسانس لەرۆژئاواو پاشان پەلهاویشتنی بۆشوێنەکانی تری جیهان،بەدەرکەوتنی رۆشنگەریومۆدێرنە کە لەدیدی دیالکتیکی مارکس دەرەنجامی گەشەکردنی چینی بۆرژواوسەرمایەدارییە.

گومان لەوەدانیە کەئایینەکان تاسەر ئێسقان کاریگەرییان بەسەرزمانەکانی تری ژێردەستی ئایینەکەوە هەیە ،هەندێ جار رەنگە تارادەیەکی زۆرکەلتوری

نەتـەوەکانی سڕیبێتەوە ،بـەڵام دەبـێ ئـەم ڕاسـتیانە بـزانین کەئەمەتێکسـتە ئایینـیەکان نـین پـێمان دەڵـێن زمـان یـا کلـتور بگۆڕین،بەقـەد ئـەوەی خـودی نەتەوەکـەو ئاسـتی هۆشیاریومەعریفی نەتەوەکەیە وای لێدەکات،لەم کاتەشدا هەربەرەنگاربوونەوەیـەکی تـری ئـەم بۆچـونە بـێ هـەبوونی پێشـینەیەکی مەعـریفی مـەحال دەبێ رەنگە هەڵەو کوفری تری مەعریفیش بەدوای خۆیدا بهێنێ.

سـەلاحەدینی ئەیوبیوسـولتانەکاتی خەلافـەتی عوسمانوپادشـاکانی سـەفەویوەکو نمونەیـەکی مـێژووی ئەوڕاسـتیەی ئێمەدەسـەلمێنن کەئـەوان کەسـێتی ناعـەرەبوخۆیان بـۆ ئیسلام تـەرخان کـردبوو نـەك عەرەب،لـەکاتی ئەمڕۆشماندامرۆڤـێکی ئـەندەنوسو ئـەفغانیو ئەلبانیوچیچـانیو ئەفەریقاییو هتد...بەهەمان رێچکەی رابردووی ئەوان بیردەکەنەوە. بێگومان مەبەستی مـن لێرەدا نـە بەرگریکـردنە لـە ئـایینو نـە لـەبیریی ناسـیۆنالیزم بـەلکو دەرخسـتنی حەقـیقەتی پـەیوەندی نـا(تیۆریـیە) لەنـێوان ئـەم دوو چەمکەدا،کە (رۆشـنبیر)ی ناسیۆنالیستی کورد ئەمرشۆکە دوای ئەم ئەزموونە دوورودرێـژەی مـرۆڤایەی غـەرقی ئـەم هەڵـە فیکریـیە بـووە ، لەگـەڵ ئـەوەی بـەلای مـنەوە قـەبول یـا قەبولـنەکردنی ئـایین ئوەندەی ونکردنی راستییەکان گـرنگ نیـیە،بە کورتـی ئـایین هەر چییەك بێت گوتارێکی ناسیۆنالیستی نییە ،بـەلکو بە پێچەوانەوە بیرۆکەی ئایین وەك بانگەشەی بۆ دەکرێت،بیرۆکەیەکی ئینتەرناسیۆنالییە .





## چاپکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٤

١-را پسکانێ لە دنیای سیاسەتو گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری

٢-جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر

٣-گلگامێش: و: ئیدریس شێخ شەرەفی

٤- شوێنکاتی یەکەم، لەدووەمو ئێستای سەگوەڕ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولموتەلێب عەبدوڵلا.

٥- دەرونزانی،وتار لێکۆڵینەوە شیکردنەوە
یوسف عوسمان حەمەد
٦-عەلمانییەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە
ئیسماعیل کوردە
٧- بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن
رێبین رەسوڵ ئیسماعیل
٨-عەلمانیەتو کاریگەرییەکانی
جەمال پیرە